# چەردەیەك لەمێژووی
# عەشیرەتی شەمێران

نوسینی

**ئارام مەجید عەلی**

پێداچوونەوەی

**مامۆستا حەسەن شەمێرانی**

هەواڵنامەی کتێب

٢٠١٤ زاینی

## ناسنامەی کتێب

**ناوی کتێب: چەردەیەك لەمێژووی عەشیرەتی شەمێران**

**بابـەت: مـێژوویـی**

**نوسـەر: ئـارام مەجـید عـەلی**(aram۸۲shamerany@gmail.com)

**پێداچوونەوەی: مامۆستا حەسەن شەمێرانی**

**تــایپ: نوسەر**

**هەڵبڕ:نیهایەت عەلی حسین**

**چــاپ: چاپی یەکەم**

**شوێن و ساڵی چاپ: سلێمانی ۲۰۱٤**

**دیزاینی بەگ: سەنتەری دڵنیایی - ۰۷۵۰۳٤٥٦٨٤۲**

**تــیـراژ: (۱۰۰۰) دانە**

**چاپخانە :گەنج**

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتیەکان ژمارە( ۱۰۳۲ )ی ساڵی ۲۰۱٤ پێدراوە**

هەواڵنامەی کتێب

# پێرست


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشـــــــکەش | ٦ |
| سوپاس و پێزانین | ٧ |
| ســـــەرنجـێك | ٨ |
| وتەیەكی پێویست | ١٠ |
| دەســـــپـێك | ١٢ |
| نـاوی شـــەمێران | ١٦ |
| مێژووی ئاوەدان كردنەوەی ناوچەی شەمێران | ٢٣ |
| سنوری جوگرافی ناوچەی شەمێران | ٢٩ |
| گوندەكانی عەشیرەتی شەمێران | ٣٦ |
| واتای ناوی هەندێك لەگوندەكانی شەمێران | ٥٦ |
| عەشیرەتی شەمێران لەڕوانگەی (هونەر و تەندورستی)ەوە | ٦٧ |
| ئاینداری لەناوچەی شـــــەمێران | ٧٠ |
| تیرەی یەزدان بەخشی و خێڵەكانی | ٧٦ |
| ڕۆڵی شەمێرانیەكان لەشۆڕشەكەی شێخ مەحمودی نەمر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئینگلیزەكان | ٨٤ |
| ڕۆڵی شەمێرانیەكان لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەكەمان | ١٠٢ |
| كاریگەری مین لەسەر ناوچەكانی شەمێران | ١١٨ |
| كاریگەری كیمیاباران و ئەنفال لەسەر هاولاّتیانی عەشیرەتی شەمێران | ١٢٤ |
| كاریگەری شەڕە ناوخۆییەكان لەسەر عەشیرەتی شەمێران | ١٢٧ |

| | |
|---|---|
| شوێنەواری قەلآی پشت قەلآی شەمێران | ١٣٣ |
| ئەنـــــجام | ١٣٨ |
| پاشـــــکۆ | ١٤١ |
| سەرچـــاوەکان | ١٤٤ |

هەواڵنامەی کتێب

# بسم الله الرحمن الرحيم

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ

سورةالحجرات ﴿١٣﴾

هەولێرهەمی کتێب

# پێشکەش بە :

١. ئەو چوار برایەی کە مەردانە خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە بۆ بەرگری لەکوردستان(حاجی مەجید،حاجی ڕەحیم،حاجی ئەحمەد،حاجی مەحمود).

٢. دایکی ئەزیزم(فانۆس) کەڕێنیشاندەر و پەروەردەکاری ژیانم بوو.

٣. خوشك و براکانم کە قوتابخانەی پێگەیاندنم بوون لەژیانم بۆ تەواوکردنی خوێندن و گەشتن بەئاواتەکانم.

٤. شەهیدانی کوردستان و هەموو شەهیدەکانی عەشیرەتی شەمێران(چ ئەوانەی لەخەباتی کوردایەتی شەهیدکران چ ئەوانەی بەمین شەهیدکران).

٥. هەموو ئەو توێژەرانەی کەدوور لەعەقلیەتی خێڵگەری لەهەوڵی نوسینەوەی مێژووی کوردن.

٦. ئەو کەسەی بویەماڵێکی ئارام بۆ خۆشەویستیم هاوسەری ئەزیزم(نیهایەت)

٧. ئەو دیاریە جوانەی خودا پێی بەخشین کوڕەجوانەکەمان(ئاریا)

کتێبخانەی هەولێر

# سوپاس و پێزانین

جێگەی خۆیەتی لێرەدا لەناخی دڵمەوە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی هەریەك لەم بەڕێزانە بکەم:

١. ***کاك(سەعید سەلیم پشدەری)*** لێپرسراوی لقی ١٢ی پارتی دیموکراتی کوردستان کەهاوکاری سەرەکی بوو.
٢. ***کاك(سەروەت محەمەد شەمێرانی)***
٣. ***کاك(شەریف مەجید عەلی)***
٤. ***کاك(سابیر ئەحمەد عەبدولقادر)***
٥. ***کاك(فارس نەوڕۆلی)***
٦. ***کاك(گۆران سلێمان ئەحمەد)***
٧. ***کاك(محەمەد حاجی زایەر)***

کەهەریەك لەمانە زۆر بەدڵفراوانی و بەو پەڕی دڵسۆزیەوە ئەرکی لەچاپ دانی ئەم کتێبەیان گرتە ئەستۆ،ئەمەش هەڵوێستێکی جوامێرانەی بەڕێزیانە بۆ بەکەم نەزانینی ئەم کارەی من و لەچاپ دانی بەم شێوەیە کەبکەوێتە بەردەستی ئێوەی بەڕێز بۆ ئەوەی کەم تا زۆرێك ئێوە ئاشنا بکەم بەمێژووی عەشیرەتی شەمێران کەیەکێکە لەهەموو ئەو عەشیرەتە بەڕێزانەی کەمیلەتی کوردی ڕەسەنیان پێکهێناوە.

هەروەها جیگەی خۆیەتی لێرەوە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم کەهاوکارم بون بەناردنی وێنەی گوندەکان یان لەڕێگەی فەیسبوکەوە وێنەی گوندەکان وکەسایەتیەکانی شەمێرانیان بلاوکردەوە و کارئاسانیەکی باشیان بۆمن کرد بۆدەستکەوتنی ئەو وێنانە منیش بەڕێز و سوپاسەوە لەم پەرتوکەدا بلاوم کردوونەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# سەرنجـــێك

لەڕاستیدا کارکردن لەسەر عەشیرەتێك کەلەچەند گوندێك و لەچەند تیرەیەك پێك هاتبێت هەروا کارێکی ئاسان نیە بەتایبەت ئەکەر توێژینەوەکەش بۆ یەکەم جاربێت و ئەنجام بدرێت لەسەر ئەو عەشیرەتە،لێرەدا دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو ئەوەی من نوسیومە لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لەو دەقانەی لەنێوسەرچاوەکاندا هاتووە و پشتم بەسەرچاوەکان بەستووە،بەڵام بەشێکی گرنگ ماوەتەوە ئەویش لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە دەربارەی ژیانی خەڵك و داب و نەریت وکەلتوری عەشیرەتەکەو ناوی هەندێك لە گوندەکان و چەند لایەنێکی دیکەی مەیدانی ئەمەش کاتی زۆری دەویست،بۆیە دەخوازم تەمەن باقی بێت ئەوەش بکەم بتوانم لاپەڕەیەکی پرشنگدار بۆ مێژووی ئەم عەشیرەتە بنوسمەوە یان کەسێکی تر ئەوە بکات.

من دڵنیام لەهەگبەی خەبات ومێژووی و قوربانیدانی ئەم عەشیرەتەدا چەندین کەسایەتی ناودار و خاوەن خەبات و چەندین کەسی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەیە و چەندین ڕووداوی مێژوویی گرنگ هەیەکەشایەنی ئەوەن بکەونە نێولاپەڕەکانی مێژوو،بەڵام مەخابن دەرفەتێکی ئەوتۆم نەبوو ئەو زانیاریانەم دەستکەوێ یان ئەوکەسانەی ئەم زانیاریانەیان لابوو کەوەك گەنجینەی مێژوو وابوون لەنێوچوون بەمەش بەشێك لەمێژووی ئەم عەشیرەتە بەنادیاری ماوەتەوە.

ئەوەی من نوسیومە و خستومەتە بەردەستی ئێوە تەنها ئەوەم دەست کەوتووە و ئەمەش بێ هەڵە نیە،دەخوازم لەهەڵەوکەم و کورتیەکانم ببورن و داوای لێبوردن کەسانی عەشیرەتەکەم هەرکەسێکی دیکە دەکەم ئەگەر هەر

هەڵەیەك بەسەمدا تێپەڕی بێت یان ناوێکم بەهەڵە نوسی بێت،چونکە ئەمە تەنها کورتەیەکەو وەك کارێکی سەرەتاو هەنگاوی یەکەمە بۆنوسینەوەی مێژووی ئەم عەشیرەتە.

ئەم توێژینەوەیەم بێ هەڵەو کەم وکورتی نیە بۆیە لەدوای لەچاپدانی ئەم بەرهەمە چاوەڕوان ئەوەم کەبەهەموو لایەکتانەوە ئەوەی من نەمزانی بێت و دەستم نەکەوتبێت و لای بەڕێزتانە بۆ چاپی دووەمی بەشێوەیەکی باشتر و پڕ زانیاری تر بیخەمە ڕوو یان ئەگەر هەڵەیەکی تێدابێت و بەسەرمدا تێپەڕی بێت داوای لێبوردن دەکەم لەکۆتایدا بەڵێن دەدەم ئەم توێژینەوەیەم بەهەوڵ و ماندبوبونی ئێوە دەوڵەمەندکەم و چاوەڕوانی ڕەخنەو پێشنیار و زانیاری زیاتری ئێوەم هەرکەس زانیاریەکی باشتری لابوو دەتوانێت هاوکارم بێت و بەڕێزەوە سەرنج و ڕەخنەکان وەردەگرم زانیاری و سەرنجەکانتان بنێرن بۆ ئەو ئیمەیڵەی دامناوە.

ئەگەر کرا و تەمەن باقی بێت هاوکارم بن بتوانم کتێبێك بەناوی(**ئەلبومی شەهیدەکانی عەشیرەتی شەمێران**) بنوسمەوە وێنەی هەموو شەهیدەکانی(شۆڕش و خەباتی سیاسی ومین و ئەنفال و کیمیاباران)ی تێدا کۆبکەینەوە چونکە من دڵنیام قوتابخانەی کوردایەتی و خەبات و قوربانیەکانی ئەم عەشیرەتە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت و ئەمەش بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوومان خەباتی کوردایەتی و قوربانیدانی ئەم عەشیرەتەی لەبەرچاوبێت.

# وتەیەكی پێویست

بەناوی خوای گەورە

سوپاس بۆ خوای گەورە،درود بۆ سەرگیانی پێغەمبەر

پاش ئەوەی (مامۆستا ئارام مەجید عەلی) هەواڵی ئەوەی پێدام كەكتێبێكی نوسیوە لەبارەی مێژووی عەشیرەتی شەمێرانەوە و داوای لێكردم پێداچوونەوەیەكی بۆ بكەم،منیش سوپاس و دەستخۆشیم لێكرد لەسەر ئەو هەوڵ و ئەو هەستەی بەرامبەر بەنەتەوە و عەشیرەتەكەی و گرنگیدان بەو بابەتە،بنەمایەكی (قورئان)ی هەیە و ڕەنگدانەوەی ئایەتی (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا)ە،بۆیە منیش پێداچوونەوەم بۆكرد و بەوردی خوێندمەوە و هەندێك تێبینیم لەسەر نوسی،هیوادارم سودی لێببینێت و خوازیارم ئەم نوسینە پێشەكیەك بێت بۆ نوسینی گەورەتری مێژوویی بۆ میلەتی كورد وەك نەتەوە بەگشتی و عەشیرەتەكان بەتایبەتی بۆئەوەی نەوەكانی داهاتوو سوود لەڕابردووی باب و باپیرانیان وەرگن و چاكە و جوامێریەكانیان دووبارە بكەنەوە و زیاتری بكەن و هەڵەكانیان بسڕنەوە بەداوای لێبوردن و پڕكردنەوەی بەچاكە.

ئێمەش وەك عەشیرەتی شەمێران سوپاسی خوا ئەكەین لەسەر هەر هەنگاوێكی مێژووی چاك كەخزمەت بەنەتەوە و ناوچەكەی كردبێت و كەسیش بێ كەم و كوڕی نابێت و دەستخۆشیش لەنوسەر ئەكەم كە لاپەڕە ناباشەكان كەهەندێكی بەهۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەكەوە كەوتونەتە هەڵەوە و(دوای داوای لێبوردن)ناوی ناوە (زبڵدانی مێژوو) و ناكرێت هەڵیان بدەینەوە.

خوازیـارم مامۆسـتا ئـارام و کەسـانی بـەتوانا و ڕۆشـنبیری دیکـە لەهـەموو عەشیرەتەکان سەروەریەکان بخەنەڕوو بۆ ئەوەی ئێمە وەك نەتەوەیەك کەلـەو عەشیرەتانە پێك هاتووین خاوەنی مێژووی خۆمان بین و بەهیوای ئـەو ڕۆژەش کەهەموو کورد سەربەخۆیی خۆیان ببینن و ببینە خاوەنی خۆمـان و خۆشمـان ناوخۆی خۆمان بەهەموو پێکهاتە و جیاوازیەکانمانـەوە ژیـانێکی پـڕ خۆشـی و بەختەوەری و پڕ دادپەروەری دروست بکەین کـە هـەموو تـاکێکی ئـەم کـوردە هەست بەبونی خۆشی بکات و مافەکانی دابین کرابێت.

منیش داوا ئەکـەم لەپـەروەردگار سـەلامەتی دیـن و دنیامـان پـیٚ ببەخـشێت و هەموو لایەك سەرکەوتوو سەرفراز بین.

حەسەن شەمێرانی

٢٠١٤/١/٢٥

هەواڵنامەی کتێب

# دەسپێك

ئەگەر ئاورێك لەمێژووی كورد بدەینـەوە و بـاس لەشـۆڕش و ڕاپەڕینـەكانی كورد بكەین،ئەوا بێگومان ناكرێت لەوەدا ڕۆڵی عەشیرەت و هۆزەكان فەرامۆش بكرێت،چونكە بەشێوەیەكی گشتی بەشێكی بەرچـاو لەشـۆڕش و ڕاپەڕینـەكان بریتی بوون لەهەوڵی سەرۆك عەشیرەتەكان و ئەندامانی هـۆز و عەشـیرەتەكان بەتایبـەت لەناوچـەكوردیەكانی سـەردەمی ڕابـردوودا، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی بەشـــێكی مێـــژووی كـــەلتور و مێـــژووی كـــورد و شۆڕشـــەكانی مـــۆركێكی عەشیرەتگەری و هۆزگەری بەسەریدا زاڵبووە،ئەمەش لەهەنـدێك كاتـدا بـەزیان بەسەر كورددا شكاوەتەوە و بوەتە هۆی لاوازی هەست و هۆشـی نەتـەوەیی و پەرتەوازەی كۆمەڵگەی كوردی،لەلایەكی تـر بـەقازانج بـۆ كـورد شـكاوەتەوە و چـەندان مـیر و سـەرۆك عەشـیرەت و كوێخـای گونـدەكان توانیویانـە چـەندین میرنشین دامەزرێنن و سنورەكانی خۆیان بپارێزن و مەردانە لەبەرامبەر دوژمندا خەباتێكی بەرچاو بكەن و بۆماوەیەكی كەم تازۆر خۆیان ڕاگرن.

مێژووی كوردیش لەبیری عەشیرەتگەری بەدەر نەبووە،ئـەوەی هـەمان بـووە لەمێژوودا وەك دەوڵەت و میرنـشینەكانی سـەردەمی ئیـسلام و میرنـشینەكانی سـەدەی حەڤـدە و هەژدەیـەم ئەمانـە بـەحوكمی نـەبوونی بـیری نەتـەوەی سیمایەكی عەشیرەتگەری و ناوچەگەری خۆی بەسەردا فەرزكردوون،ئەمە هـەر بەوە نەوەستاوە لەمێژووی سەردەمەكانی پێشوتردا هەبوبێت بـەڵكو ئێـستاش لەگۆرەپانی ئـەم سـەردەمەی مێـژووی كـورددا بـوونی هەیە،لەمـەوە دەگەینـە ئەوەی بڵێین لەمێژووی ڕابردووی كورددا عەشیرەت و كوردایەتی دووڕووی یەك

دراون و خەباتی عەشیرەتگەری بەشێکی دانەبڕاوی خەبات ومێژووی کوردە و ناکرێت مێژوو خۆی لێبێدەنگ کات.

ئەوەی پێوستە بۆ مێژوو بیڵێم ئەوەیە هەرگیز مەبەستم ئەوە نەبوو مێژووی عەشیرەت گەری بنووسم و خێڵگەریانە بیربکەمەوە و باس لەدەمارگیری عەشیرەتگەری بکەم و ڕۆحی عەشیرتگەری زیندوو بکەمەوە و بگەڕێمەوە خاڵی سەرەتا، بەلآم مەبەستمە مێژوویەك بنووسمەوە شایەنی باسکردن بێت و دووربێت لەهەموو بنەمایەکی دەمارگیری خێڵەکی و شانازیکردن و پیاهەڵدانێك،ئەوەی هەیە دەمەوێت وەك خۆی بینووسمەوە و لاپەڕەیەکی مێژوویی تۆماربکەم،لەوەشدا عەشیرەتی شەمێران وەك هەموو عەشیرەتەکانی تری کوردستان لەبەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا،مێژوویەکی هەیە دەمەوێت چەردەیەك لەمێژووی ئەم عەشیەرەتە و مێژووی ئاوەدان کردنەوە و ناوی گوندەکان و ڕۆڵی شەمێرانیەکان لەشۆڕشەکانی کورددا تۆماربکەم تەنها وەك بەشێك لەمێژوو نەك لایەنی دیکەی تێکەلآو بەسۆز و عاتیفە و عەشیرەتگەری.

ئەوەشی هەیە لەسەر شەمێران و شەمێرانیەکان بەشێوەیەکی کرچ و کاڵ لەنێو هەندێك سەرچاوەکاندا هەیە بەشێکی زۆری خەباتی ئەم عەشیرەتە تۆمارنەکراوە و تائێستا کتێبێك یان نامیلکەیەکی ئەوتۆم بەرچاو نەکەوتووە لەسەر ئەم عەشیرەتە بەدرێژی باسیان بکات و کورتەیەك لەمێژووی ئەم عەشیرەتەی تۆمارکردبێت،بۆیە دەمەوێت دوور لەهەموو ئینتیمابونێك بۆ ناوچەگەری و عەشیرەتگەری و دوور لەهەموو پیاهەڵدانێکی کەسی و حیزبی چەردەیەك لەمێژوو و ڕۆڵی ئەم عەشیرەتە لەشۆڕشەکانی کورددا بۆ خەبات و ماندونەبونی شەمێرانیەکان بنووسمەوە،چونکە ئەمانیش وەك عەشیرەتەکانی

هەواڵنامەی کتێب

دیکـەی کوردسـتان خـاوەن خـەباتێکن ناکرێـت هـەروا فـەرامۆش بکرێـت و نەنوسرێتەوە،چونکە لەکاتێکدا هەندێك لەجافەکان و عەشیرەتەکانی تر لەگەڵ شێخ مەحمودی نەمر نـەبوون و هاوکـاری نـەبوون و دژایـەتیان دەکرد،ئەمانـە وەك تیرەیەکی جاف هاوسۆزی و هاوکاریـان بـۆ خەباتەکـەی شـێخ دەربـڕی و لەناوچەکانی خۆیاندا ڕووبەڕووی ئینگلیزەکان وەستانەوە زیانیان پێگەیانـدن، ئەمەش لاپەڕەیەکی زێڕینە بۆ شەمێرانیەکان، وەلەشۆرشی ئەیلول و شۆڕشـی نـوێی گەلەکـەمان هـەم وەك ناوچـەکەیان و هـەم وەك شۆرشـگێر وپێـشمەرگە خەباتێکی دیارو بەرچاویان هەبووە و لەو پێناوەشدا چـەندان قوربانیـان داوەو خاکەکەشیان ڕووبەڕووی کاولکاری بوەتەوە و گوندەکانیـشیان وەك سـەرجەم گوندەکانی تری کوردستان لـەکۆتایی حـەفتاکانی سـەدەی بیـستەم دووچـاری ڕاگواستن و چۆڵکردن و وێرانکردن بوونەتەوە و دواتریش مین ڕێژ کراوە.

لەڕاستیدا لەنووسینەوەی ئەم توێژینەوەیەدا خـۆم بـەدوور گرتـووە لەهەنـدێك لایـەنی عەشـیرەت گـەری وەك باسـکردن و پیاهەڵـدان بەشـەڕ و کوشـتار و پیاهەڵدانی بـێ بنـەماو دوور لەمـەنتقی مێـژوویی، ئـەوەی لـەڕابردوودا ڕوویـدا لەشەڕی عەشیرتگەری ئەوە کەوتە نێو زبڵدانی مێـژوو،وەك توێـژەرێکی مێـژوو هـەرگیز بەباشـی نـازانم لاپەڕەیـەك هەڵدرێتـەوە پەیوەندیەباشـەکانی ئـەمڕۆ و داهاتومـان بـەبارێکی دیکـەدا بـچێت،بەڵام ئـەوەی ئێـستا شـایەنی باسـکردنە عەشـــیرەتی شـــەمێران پەیوەندیـــەکی بـــاش و بتـــەوی لەگـــەڵ ســـەرجەم عەشـیرەتەکانی دیکـەدا هەیـەو ئـەم پەیوەندیـەش گەشـتوەتە ئاسـتی ژن و ژنخـوازی و بـەهێزبوونی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی،ئەمـەش لـەم سـەردەمەی ئێستادا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە.

ئەوەی شایەنی باسکردنە پێم وایە ئەمە یەکەم توێژینەوەیە بەم شێوەیە تائێستا لەسەر چەردەیەك لەمێژووی عەشیرەتی شەمێران بەشێوازێکی ئەکادیمی و مێژوویی نوسرابێت و میتۆدی مێژوویی لەنوسینەوەیدا بەکارهاتبێت،ئەمەش بەپشت بەستن بەو هەوڵ و ماندوبوون و گەڕانەم بەدوای سەرچاوەی نوسراو و پێوست کەدەستم کەوتبێت.

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەخوازم لەهەموو هەڵە و کەم و کورتیەکانم ببورن،چونکە ئەم کارە هەروا ئاسان نەهاتووەتە بوون بەڵکو بەرهەمی هەوڵو ماندووبوونی چەندساڵێکە و ماندوو بونێکی زۆرم چەشتووە بەئامادەکردن و نوسینەوە و ڕێکخستنەوەی، هەوڵم داوە میتۆدی مێژووی لەنوسینەوەی ناوەڕۆك و پەراوێز و ڕوونکردنەوەکاندا بەکاربهێنم بەرگێکی توێژینەوەی مێژووی بکەم بەبەریدا.

***ئارام مەجید عەلی***

٢٠١٤

هەواڵنامەی کتێب

# ناوی شەمێران

وەك ئاشكرایە كاتێك هەر توێژەرێك بیەوێت توێژینەوەیەك لەسەر عەشیرەتێك یان ناوچەیەكی دیاری كراو بكات سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوەبكات ناوی ئەو عەشیرەتە یان ئەو ناوچەیە لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە و چۆن هاتووەتە بوون و مێژووەكەی بۆ كەی دەگەڕێتەوە،ئەمەش لەهەموو توێژینەوەیەكی مێژوویدا پێوستەگرنگی پێبدرێت،ئێمەش سەرەتا دەمانەوێت لەمەوە دەست پێ بكەین و ڕاو بۆچونەكان كۆبكەینەوە و بیخەینەڕوو چونكە چ لەنێو عەشیرەتی شەمێران و چ لەنێو سەرچاوەكاندا چەندین ڕاو بۆچونی جیاوازلەسەر ناوی ئەم عەشیرەتە هەیە و ئاماژەی پێكراوە.

سەبارەت بەناوی شەمێران(یەزدان بەخشی* ) وەك هەموو ناوچەكانی دیكەی كوردستان كەناوە بۆ عەشیرەتێكی كورد و ناوە بۆ ناوچەیەكی دیاری كراوی ناوچەیی كوردستان لەباشوری كوردستان ڕاو بۆچونی جیاواز هەیە،هەندێك لەو بۆچونانە پشتیان بەسەرچاوە بەستوە و هەندێكیان بەزارەكی هاتوون.

---

* – سەبارەت بەناوی(یەزدان)خوسرەوجاف دەپرسێت: بۆچی ناوی ئەم تیرەیە بە(یەزدان)دەست پێدەكات،ئەگەر بنەما و بنەڕەتێكی مێژووی نەبێت؟هەروەها دەڤەری شەمێران و ڕوان،لەسەردەمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ساسانیدا بەدەڤەرێكی ئاینی و گڕی ئاگردانی هەمیشەیی بڵێسەداری ئایینی زەردەشتی ناسراوە،(یەزدان،ئێزەد،ئێزەدیان،ئاهورامەزدا،زەردەشت)ئەو وشە و واژانە ئەركانی ئاینی زەردەشتن.خوسرەوجاف:مێژووی هۆزی جاف،ل١٩١

وەك زانـراوە شـەمێران ناوچـەیەكی شـاخاوی و سـەخت و دژوارە لەهـەمان كاتدا سروشتێكی جوان و ڕازاوەی هەیە،بەوردی هێشتا نەزانراوە بنەمای ئەم ناوە لەچیەوە وەرگیراوە،هۆیەكەشی ئاشكرا و زانـراوە ئێمـەی كـورد و مێـژووی میللەتەكـەمان و جوگرافیـای ولأتەكـەمان لەلایـەن دوژمنانـەوە نوسراوەتەوە.

بابگەڕێینەوە سەر وشەی شەمێران و لەم ڕووەوە بیروڕا زۆرە و ئەم نـاوەش نـاوی ئـەمڕۆ نیـەو لەبـەر ئـەوە دەڤەرەكـە ناوچـەیەكی گرنگـی سـەردەمی دەسـەلأتی ساسـانیەكان بـووە تـا بەئـەمڕۆ ئاسـەواری دەسـەلأتەكە وەك:ئاگردان و قەلأ و پرد و ڕێچكە ڕێگەی زۆری تێدایە[1]، سەبارەت بەناوی شـەمێرانیش ئـەم ڕایانـە لەبەردەسـتن و بـەم شـێوە لـەنێو سەرچـاوەكان گوزارشتیان لێكراوە:

*یەكەم:* ڕایەك هەیە كەوا ناوی شەمێران لەناوی (شەك مەیدان)ەوە هاتوە ئەو ناوچەیەش ئێستا لەژێر ئاودایەو نزیك گوندی مامەشەهید وچەمەڕەشـە مەبەست لەناوی شـەك مەیـدان ئـەوە بـووە كـاتی خـۆی مـەڕومالأتیان لـەو ناوچـەیە مۆڵـداوە ئەمـەش لـەژیانی ئاژەڵداریـدا بـاوە كەلـەكاتی گـەرمای نیوەڕواندا ئاژەڵەكان لەسێبەرێكدا كۆدەكەنەوە.

*دووەم:* بۆچونێكی تر پێی وایە ناوی شەمێران لەناوی (شەش مـیران)ەوە هـاتوە، ئەمـەش پێـی وایـە لەسـەردەمی كۆنـدا شـەش مـیر لەناوچـەكەدا حوكمڕانیان كردووە و لـەوەوە نـاو نـراوە شـەشمیران دواتـر ناوەكـە بـووە

---

[1] – خوسرەوجاف:مێژووی هۆزی جاف:چاپخانەی هێڤی:چاپی یەكەم،٢٠١٣،ل١٩٣

بەشەمیران و بەدانیشتوانی ناوچەکەش وتراوە شەمێرانی[٢] ،هەر سەبارەت بەناوی شەش میران بەڕێز خوسرەوجاف لەکتێبەکەی خۆیدا ئاماژە بەوەدەکات و دەڵێت:شەمێرانیەکان بۆ خۆیان لایان وایە وشەی شەمێران لە(شەش میران)ەوە هاتووە و بووە بەشەمێران[٣]، هەر دەربارەی شەش میران بەڕێز کاك حەمەسەعید سەرۆك عەشیرەتی شەمێرانی دەڵێت:شەمێران لە(شەش میران)ەوە هاتووە،قەڵایەکی دێرین هەیە لەنێوان شەمێران و تاوگۆزیدا کە تائێستاش پاشماوەکەی ماوە،گوایە شەش میری لێبووەو ناونراوە شەش میران[٤]،

*سێیەم:* ڕایەکی ترهەیە کە پێی وایە ناوی شەمێران لەناوی (شومە)وە هاتوە کەکابرایەکی ئێرانی بوە دواتر بە(شومران)ناسراوە وەدواتر بووە بە(شەمێران)، شوم یان شومران کەسێکی ناودار بوەو هاتوەتە (پشت قەڵا*) کە دەکەوێتە نێوان شەمێران و سەرشاتەی تاوگۆزی لەو قەڵایەدا

---

٢ – ئەیوب ڕۆستەم: چەردەیەك سەبارەت بەمێژووی ئێلی جاف،گۆڤاری هەورامان،ژمارە(١٦)ساڵی ٢٠٠٩،ل٣٦

٣ – خوسرەوجاف:سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٣

٤ – سەلاح سالار:سەرگوزشتەی ئەو فرۆکە ئینگلیزییەی لەگوندی کانی کەوە بەردرایەوە،ڕۆژنامەی شارەزوور،ژمارە(١٢)ساڵی یەکەم،٢٠٠٦/٨/١٤،

* –ئەم قەڵایە یان ئەم گوندە کەلەسەرچاوە مێژووییەکاندا بەو دووناوەوە ناسراوە. یەکێکە لەگوندەکانی سەرسنووری ناوچەی( تاوگۆزی–شەمێران)سەربەناوچەی شەمێرانە.کەلەکاتی خۆیدا نزیکەی بیست ماڵێکی تێدا دەژیا،ئەم گوندە لەناوچەیەکی سەختی پڕ لەشاخ و تەپۆڵکەدایە،ناوی گوندەکەش(گوندی پشت قەڵا) لەبونی قەڵاکەوە ناونراوە کە کەوتوەتە بەشی باکوری گوندەکەوە

هەوراماندی کتێب

ژیاوە ئەكرێت لەگەڵ كۆمەڵێك كەسدا بوبێت و لەوێدا ژیابێت چونكە لەڕێگەی بەردو قسڵەوە ئاوی بۆ ئەو قەڵایە ڕاكێشاوە ئەمەش لەمێژوودا كارێك بوە بەتەنیا كەسێك ئەنجام نەدراوە بەڵكو بەكاری هەرەوەزی كراوە.سەبارەت بەم قەڵایە بەڕێز خوسرەوجاف دەنوسێت:قەڵایەك لەو دەڤەرەدا ناسراوە بەقەڵای شەمێران ئاسەواری سەردەمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری ساسانییە[٥].بۆیە پێویستە شوێنەوارناسان كنەو پشكنینی تێدا بكەن بۆ گەشتن بەڕاستی و بزانرێت بۆ چ سەردەمێكی مێژووی وسەردەمی چ دەسەڵاتێك دەگەڕێتەوە.

*چوارەم:* ڕایەكی تریش هەیە كەپێی وایە ناوی شەمێران لەناوی گوندی(بەشی ئەحمەدبەگ)ەوە هاتوە ئەم گوندە یەكەمین و كونترین گوندی ناوچەكە بووە، كەسە بەتەمەنەكانیش دەڵێن سەرەتا بەوناوچەیە وتراوە شەمێران،ئەگەر سەیرێكی ژمارەی گوندەكانی ناوچەی شەمێران بكەیت ئەوەت بۆ دەردەكەێت لەجێگەی ناوی گوندی (بەشی ئەحمەد بەگ) ناوی شەمێران نوسراوە و بەهەمان شێوەش لەسەر نەخشەكاندا هەر بەناوی شەمێران ناوی تۆمار كراوە وەك لەنەخشەكاندا هاتووە، وە هەندێك لەپیاوە بەتەمەنەكان دەڵێن:گوندەكانی تری شەمێران دوای گوندی بەشی ئەحمەد بەگ درووست بوون.

---

بەدووری چەند مەترێك،لەدواتردا بەدرێژی باسی ئەم قەڵایە دەكەین وەك ئەوەی لەسەرچاوەكاندا هاتوە و یەكێكە لەقەڵا شوێنەواریە گرنگەكانی ناوچەكە.

٥ – خوسرەوجاف:سەرچاوەی پێشوو،ل١٩١

هەواڵنامەی كێڵ

*پێنجەم:* بۆچونێکی تر هەیە پێی وایە لەسەردەمێکدا (زێی سیروان) لەنێوان هەردوو دەسەلاتی عوسمانی و ئێرانیدا سنووری جیاکەرەوە بووە،ئەو ناوچەیە لەچوارچێوەی قەڵەمڕەوی ئێراندا بووە و پێی وتراوە(شیممە از اران) واتە (دیمەنێك یان وێنەیەك لەئێران*) پاشان ناوەکە گۆڕاوەو بووە بەشەمێران[٦].

*شەشەم:* ڕایەکی تر هەیە پێی وایە ناوی شەمێران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوریەکان،ئەمەش پاش ئەوەی ناوچەکەیان لەبەردەستدا بوو ئەو ناوچەیەیان ناوناوە ناوچەی(سمور مات)، وە(سمیرامیشی) پێ دەڵێن، دواتر ئەم وشەیە بەسەر زمانەوە بووە بەسەمیرات و پاشان گۆرانکاریەکی تری بەسەردا هاتوە بووە بەسەمیران و دواجاریش گۆڕاوە بۆ (شەمێران*)[٧].

---

* چونکە کاتی خۆی بەئاوی سیروان سنوری عێراق و ئێران جودا کراوەتەوە بەئەوانیان وتوە بەشی ئێران.(سەلاح سالار:سەرچاوەی پێشوو)

٦ – ئەیوب رۆستەم : گۆڤاری هەورامان،ل٣٦ و ئەیوب ڕۆستەم:هەگبەوهەوارگە،ل١٠٨

* – ناوی (شەمێران)یش لە(سۆمۆڕامات)ی یۆنانیەوە هاتووە،کەبە(سەمیرامیس) ناسراوە و یەکێکە لە ژنە پادشاکانی ئاشوور،کەچەند ساڵێك لەسەر تەختی ئاشوور فەرمانڕەوایەتی کردووە. کەمال نوری مەعروف:تیشکێك بۆ سەر مێژووی قەلای شەمێران،گۆڤاری کەلەپوری کورد،ژمارە(١٨)ی پایزی ٢٠٠٤،ل٤٠

٧ – غەریب عەلی عەزیز:فەرهەنگی ڕەسەنایەتی زمانی کوردی بەدرێژایی کات و مێژوو،چاپخانەی تەفسیر،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٨،ل١٠٩–١١٠

*حەوتەم:* هەرسەبارەت بەناوی شەمێران بەڕێز کاك حەمەسەعید سەرۆك عەشیرەتی شەمێران دەڵێت: ناوی شەمێران لە( شامیران)ەوە هاتوە[٨].

*هەشتەم:*ئەوەی شایەنی باسە شەمێرانیەکان سەرەتا بە(یەزدان بەخشی[*] ) ناوبراون،تەنانەت خەڵکی تیرەکە دەڵێن:باپیرە گەورەیان پیاوێکی ژیر و سەلیقەداری سەردەمی خۆی بووە بەناوی( یەزدان بەخش)[٩]،لەمەوە ئەکرێت بڵێین ناوی شەمێران سەرەتا یەزدان بەخشی بووە دواتر بەمرووری زەمەن ناوی یەزدان بەخشی بووە بەشەمێرانی،ناوی شەمێران نوێترە لەناوی یەزدان بەخشی.

*نۆیەم:*ڕایەکی دیکە هەیە ئاماژە بەوەدەکات ناوی شەمێران لە(شیمورو) هاتووە،لەساڵی ٢٠٠١ دا (ئایدم) بۆچونیکی خستەڕوو کەدەڵێت: پێدەچێت ناوی شاری (شیمورو)ئەو جیگایەی بەشی ڕۆژهەلاتی شاری دەربەندیخان بێت کەناوچەیەکی شاخاوی سەختەو پێی دەوترێت (شەمێران)[١٠].

لەڕاستیدا دیاری کردنی هەریەك لەو بۆچونانە هەروا کارێکی ئاسان نیە،چونکە بەڵگەیەکی مێژووی گرنگ لەبەردەستدا نیە ئەوە بسەلمێنێت،

---

٨ – سەلاح سالار:سەرچاوەی پێشوو. کۆچەر کەریم حەمەعەلی:دەربەندیخان لەمێژوودا،چاپی یەکەم،٢٠١٢،ل٣٠٨

* – یەزدان بەخشی: ناوێکی مورەکەبە لەدوو وشە پێك هاتووە"یەزدان–بەخش"مانای هەردوو وشەکە بەمەفهومی ئەمڕۆ دەکاتە خوابەخشیو یان خوداداد:خوسرەوجاف،ل١٩١،یەزدان بەخشی بەواتای (بەخششی خودا) و بەعەرەبی(عطیة الله) و بەتورکی(الله ویردی) و بەفارسی(الله کرم)دێت،جەمال بابان:گەشتێ بەناخی تەمەندا،چاپی یەکەم،٢٠٠٧،ل١٣٠

٩ – ئەیوب ڕۆستەم:گۆڤاری هەورامان،ژمارە(١٦)–٢٠٠٩،ل٣٦

١٠ – کۆچەر کەریم حەمە عەلی: دەربەندیخان لەمێژوودا،چاپی یەکەم،چاپەمەنی گەنج،٢٠١٢،ل٣٠٨

هەوالنامەی کتێب

وە جگە لەوەش سەرەتا ئەم عەشیرەتە بەیەزدان بەخشی ناسراون و دواتر ناوەکە گۆڕاوە بۆشەمێران واتە ناوی شەمێران لەچاو (یەزدان بەخشی)دا نوێترە و تەنانەت لەناوی تیرەی جافەکانیش هەر بەیەزدان بەخشی هاتووە،بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ناکرێت یان نەتوانرێت یەکێك یان دوان لەو بۆچونانە بەپەسەند نەزانرێت دەربارەی ناوی شەمێران،ئەوەی لەنێو خەڵکی شەمێراندا باوە و لەسەر زارە ئەو بۆچونەیە کەدەڵێت: ناوەکە لەناوی شەش میرانەوە هاتوە،ئەمەلەلایەك و لەلایەکی تریش ئەشێت بەسەیرکردنی نەخشەکان بۆچونێکی تازەش دەربارەی ناوی شەمێران نزیك بێت لەڕاستیەوە،ئەو ڕایەش ئەوەیە کەکاتی خۆی بەبەشی ئەحمەد بەگ وتراوە شەمێران،چونکە لەسەر نەخشەکانیش هەر بەشەمێران ناوی هاتوە.

ئەوەی گرنگە بۆ مێژوو ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە لە مێژوو و ئەمڕۆشدا ناوچەکە بەشەمێران ناسراوە و بەخەڵکەکەشی دەڵێن شەمێرانی ئەمانیش یەکێکن لەعەشیرەتە ناودارەکانی کوردستان.

هەولێرالعامەی کتێب

# مێژووی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی شەمێران

لەڕاستیدا دیاریکردنی سالێك یان ڕووداوێك بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندێك یان شارێك هەروا کارێکی ئاسان نیە لەمێژوودا، بەتایبەت لەمێژووی نەتەوەی کورد و عەشیرەتەکانی کوردستاندا.

ئەمە یەکێکە لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی هەرتوێژەرێك دەبێتەوە کاتێك دەیەوێت باس لەئاوەدان کردنەوە و دروست بوونی مێژووی ناوچەیەك بکات، ناوچەی شەمێرانیش بەهەمان شێوە،چونکە تائێستا نوسراوێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو ناوچەیە و مێژووی ئەو ناوچەیە نیە،ئەوەشی هەیە بەستراوەتەوە بەهاتنی جافەکانی ئێران بۆ ئەوناوچانە، بەلاّم لەڕاستیدا خودی ناوچەکە چەندین پاشماوەی شوێنەواری و گۆڕستانی لێیە کەگوزارشتن بۆ مێژووی کۆنی ئاوەدانی ئەو ناوچەیە و کەلەمێژە ئاوەدانە و خەلّکی تێدا ژیاوە،لێرەدا دەپرسم ئایا ئەو گۆڕستان و شوێنەوارانە هی خەلّکی ناوچەکەیە یان کەسانی تر؟ ئەمەپرسیارێکە وەلاّمدانەوەی هەروا کارێکی ئاسان نیەو توێژینەوەیەکی باشی دەوێت ئەویش پێویستی بەگەڕان و پشکنینی شوێنەوارناسان دەبێت تائەنجامێکی باش دەخەنە ڕوو، ئەوەشی هاتووە دەربارەی مێژووی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی شەمێران چەند ڕایەکی کەم و ئالّۆزە و پێویستی بەپێشبینی و گریمانە دەکات وەك ئەمانەی خوارەوە:

یەکەم: مێژووی ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچەیە کۆنە بەحوکمی بوونی چەندین شوێنەوار و پاشماوەی شوێنەواری وقەلاّو بوونی چەند گۆڕستانێك لەناوچەکاندا،دیارە ئەمەش مێژووی کۆنی هەیە و نازانرێت بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە و سەرە ڕای ئەوەش گۆڕستانی جولەکەی تێدایە ئەمانەش قسە

هەڵدەگرن و شایەنی قسە لەسەرکردنن واتە مێژووی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی شەمێران کۆنە و وەبوونی گۆڕی جولەکەش لەو ناوچەیە بەڵگەی کۆنی و ئاوەدانی ناوچەی شەمێرانە لەمێژوودا.

دووەم: بەڕێز حەکیم مەلاساڵح لەکتێبەکەیدا باس لەوە دەکات هەندێك لەناوەکانی ئەو ناوچەیە ئاڤێستاین وەك(شەمێران،عارەوان،وەرمن) کەواتە ئەم ناوە ئاڤێستایانە دەگەڕێنەوە بۆ کتێبی ئاڤێستای زەردەشت کەئەمەش مێژوویەکی کۆنی هەیەو دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ژیانی زەردەشت لەساڵی(٦٦٠-٥٨٣پ.ز)،ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ مێژووی کۆنی ئاوەدانی ناوچەکە،دواتر ئەوناچانە کەوتوەتە دەست فارسەکان،وەك ئاشکرایە ژمارەیەك لەخەڵکی کوردستانی باشور لەسەدەی پێنجەمی زاینیدا ئاینی مەسیحیان وەرگرتووە،بەلاّم پاش ماوەیەکی کەم لەژێردەستی،سەردارێکی ئێرانی بەناوی (پاو[*]) کەبەفەرمانی (یەزگوردی)کیسرای فارس نێردراوەتە ناوچەکە زۆربەی خەڵکانی کوردستان بەگشتی و شارەزووری بەتایبەتی گەڕاندوەتەوە سەرئاینی زەردەشتی،پاو ماوەیەك لەشەمێراندا ماوەتەوە،ئەوەش بەڵگەیەکی ترە کە ئەوکاتە ئەو ناوچەیە ئاوەدان بووە[(١١)]،ناوچەی شەمێران یەکێك بووە لەوناوچانەی کەبەدرێژایی مێژوو لەسەر بیروباوەڕی زەردەشتی بوون و خۆر و ئاگریان پەرستوە و هەتاوەکو

---

[*] –پاو کوڕی شاپوری کوڕی کیوس و برای کیسرا ئەنەوشیروانی ساسانیە،کیسرا یەزگوردی سێیەم بۆ ئەوەی خەڵك بهێنێتەوە سەر ئاینی زەردەشتی ناردویەتیە ناوچەکەوە:ئەیوب ڕۆستەم:هەگبەو هەوارگە،ل١٠٨

[١١] – ئەیوب ڕۆستەم : هەگبەوهەوارگە،ل١٠٨-١٠٩

سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام لەسەر ئەو بیروباوەڕەی خۆیان مابوونەوە[١٢]،ئەمەش شتێکی ئاسایەو زۆربەی گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پەیڕەوی ئاینی جۆراوجۆریان کردوە تائەو کاتەی ئاینی ئیسلام گەشتوەتە ناوچەکە و سەردەمی ئاینەکانی دیکە بەرەو لەناوچوون و ئاوابوون ڕۆشتوون.

سێیەم:تیرەی (یەزدان بەخشی)کەزۆر جار بە(شەمێرانی)ناو دەبرێن و بەشێکن لە(ئێلی مورادی)، ماوەیەکی زۆر لەکۆچ و کۆچباردا بوون بەلاّم پاش شەڕی(حسەین شەهید*)لەسەر ئاوی( شلێر) لەنێوان (ئێلی مورادی)و ئەو تیرە و خێڵانە ڕوویداوە ئەو کات لەشارەزووردا ژیاون و پێش (ئێلی مورادی)هاتوونەتە ناوچەکەوە[١٣] بۆڕوونکردنەوەی ئەو ڕووداوە بەڕێز سەرۆك عەشیرەتی شەمێران کاك حەمە سەعید دەڵێت:عەشیرەتی یەزدان بەخشی تیرەیەکی جافە و ولەسەردەمی (حەمەپاشای جاف)دا لەنزیك پێنجوێن شەڕێکی گەورە لەنێوان جاف و گەڵباخی ڕوودەدات،گەڵباخیەکان لوتکەی شاخی قەلاّی کچێ(گەچێ) دەگرن و ئیتر بالاّدەست دەبن بەسەر جافەکاندا ،بۆیە حەمە پاشای جاف دەڵێت: هەرکەس ئەو شاخەم بۆ بگرێت خەلاّتی دەکەم،ئەوکات سەرۆکی عەشیرەتی یەزدان بەخشی ناوی (وەسمانی

---

[١٢] – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل١١٨

* – لەراستیدا زۆر گەرام بۆ ئەم شەڕە و ساڵی ڕوودانی لەنێو سەرچاوەکاندا بەلاّم هیچی ئەوتۆم دەست نەکەوت بۆ ناساندنی ئەم شەڕە و ساڵی ڕوودانی ئەم شەڕە،دۆزینەوەی ساڵی ڕوودانی ئەم شەڕە زۆر گرنگ بوو بۆ دەست نیشانکردنی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی شەمێران چونکە ئەکرا بەدیاریکردنی ساڵی ڕوودانی ئەم شەڕە سەرەتایەك بوایە بۆ زانینی ساڵی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی شەمێران یان چەند گوندێکی ناوچەکە(نوسەر)

[١٣] – ئەیوب ڕۆستەم:هەگبەو هەوارگە،ل١٠٩

خاڵە)دەبێت، ئەویش ڕاوێژ بەخزمان و ناودارانی عەشیرەتەکەی دەکات و بڕیار دەدەن قەڵاکە بگرن،سەرئەنجام هێرشی بۆدەکەن و قەڵاکە دەگرنەوە،بەمەش جاف سەرکەوتن بەدەست دێنێت،حەمە پاشای جاف بەوەسمانی خالە دەڵێت: چیت دەوێ بتدەمێ؟ئەویش داوای ناوچەی شەمێران دەکات بۆئەوەی واز لەکۆچەری بهێنن،ئەویش ڕازی دەبێت و ئیتر لەوکاتەوە شەمێرانیەکان لەوێدا نیشتەجێ بوون[١٤]،لەڕاستی دا دۆزینەوەی ساڵی ڕوودانی ئەم شەڕە دەمان گەیەنێتە سەرەتای ئاوەدانکردنەوەی ناوچەی شەمێران لەلایەن شەمێرانیەکانەوە.



لێرەوە یەزدان بەخشیەکان وازیان لەژیانی کۆچەرییەتی و ڕەشماڵنشینی هێناوە و لەناوچەی شەمێراندا بەڕەزامەندی (پاشای جاف) نیشتەجێ بوون و بەرەبەرە ئەم گوندانەیان دروست کردووە کەبریتین لە(وڵوەر،دەنگەوەرە،وەرمن،چەمەڕەش،مامەشەوی،عارەبان،کانی کەوە،بەشی ئەحمەد بەگ،توڵەبی،بەشی پیرك،دولی ناوحەد)[١٥]، لەڕاستیدا

---

١٤ – سەلاح سالار:سەرچاوەی پێشوو.

١٥ – ئەیوب ڕۆستەم: هەگبەو هەوارگە،ل١٠٩

بەڕای ئێمە ئەم ڕایە نزیکە لەڕاستیەوە چونکە شەمێرانیەکان جافن و لەنزیك ئەو ڕووداوەدا هاتونەتە ناوچەکەو نیشتەجێ بوون و سەرەتای ئاوەدان کردنەوەی ناوچەی شەمێران لەلایەن شەمێرانیەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە.

چوارەم: هەندێك لەنوسەران مێژووی ئاوەدانی هەندێك لەگوندەکان دەگێڕنەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی ئیسلام، ئەوەتا گوندی(عارەوان )کەیەکێکە لەگوندەکانی ناوچەی شەمێران کەمێژووی ئاوەدان بونەوەی زۆر کۆنەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام[١٦]،بەلاَم ئەوەی جێگەی پرسیارە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا پێشتر شەمێرانیەکان لەم گوندەدا بوون و ئاوەدانیان کردوەتەوە یان کەسانی دیکە ئەمەش پێوستی بەتوێژینەوی ورد هەیە تابگەین بەڕاسی چونکە لەدوای ڕووخانی (دەولّەتی مادە)وە کورد ژێردەستە بووەو هەمیشە لەکۆچ و باردا بوە و لەژێردەستی داگیرکەرانیدا توشی مالّوێرانی ڕاگواستن بووە،ئەوەتا تائەم سەردەمەی ئێستاش ئەو بستە خاکەی کە کورد هەیەتی لەلایەن داگیرکەران و دراوسێ کانیەوە پێی ڕەوانابینرێت.

پێنجەم:ئەگەر ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانی شارەزوورو دەوروبەری ببەستینەوە بەهاتنی جافەکانی ئێران بۆئەم ناوچانە ئەوا پێم وایە ئەم هاتنە لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەی زاینیدابووە ،بەمەش پێدەچێت ئەو ناوچانە لەسەدەی هەژدەی زاینیدا ئاوەدانکرابێتەوە،ئەمەش پەیوەستە بەهاتنی (زاهیربەگ)ی جافەوە لەسالّی ١٧٣٧ بۆناوچەکانی ژێردەسەلاَتی

---

١٦ – کۆچەر کەریم حەمەعەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٣١

بابانەکان[(١٧)] چونکە بەگزادەکانی جاف تاسالّی ١٧١٨ خاوەن دەسەلاّتی خۆیان بوون بەسەر ناوچە هۆزەکانی خۆیانەوە،بەلاّم دواتر ناکۆکی کەوتە نێوان ئەوان و ئەردەلاّنیەکان و دواتر ئەردەلاّنیەکان هێزێکی باشیان ئامادەکردو سەرۆکی جافەکانیان کوشت و کوڕەکەی و براکەشیان کوشت،ئەمەش بویە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆك و خێزانەکانی هۆزی جاف لەناوچەی (جوانڕۆ)و پەنایان برد بۆلای میرانی بابان لەقەلاّچۆلان و بەرەو ڕۆژئاواو ڕووباری سیروان کشان،بەمەش دەرکەوتنی مێژووی هۆزی جاف دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردنی زاهیربەگ کە زیاتر لە سەد دەوار نشینی لەگەڵدابوو[(١٨)]

لەڕاستیدا پێم وایە ئەگەر ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکان ببەستینەوە بەهاتن و کۆچی جافەکانەوە لەڕۆژهەلاّتی کوردستانەوە بۆ باشوری کوردستان ئەوا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بلّێین ناوچەی شەمێران ودەوروبەری لەنیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم ئاوەدان کراوەتەوە و تائەمڕۆش بەئاوەدانی ماوەتەوە و ژیانی گوندنشینی و کوردەواری تێدا بەردەوامە.

---

[١٧] – مەحمودعەزیز حەسەن:مێژووی هۆزی جاف و ژیانی تیرەکانی،چاپخانەی خاك،چاپی یەکەم،٢٠٠٤،ل٤١

[١٨] – مەحمود عەزیز حەسەن: هەمان سەرچاوە،ل٣٦

# سنوری جوگرافی ناوچەی شەمێران

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو سەبارەت بەدەست نیشانکردنی سنوری ناوچەکان ئەوە کارێکی ئاسان نەبووە لەو سەر وەختانەدا بەتایبەت سنوری هۆزو خێڵەکان کەهەریەکەیان ناوچەیەکیان بۆخۆیان قۆرغ کردبوو،چونکە ئاشکرایە سنوری هۆز و تیرەکان تاڕادەیەك نادیارن، ئەمەش پەیوەست بووە بەفاکتەری سیاسی و هەم فاکتەری کۆمەڵایەتی و خێڵەکی کەبەردەوام کێشەی لەسەر بووە بەردەوام بەهۆی هێرشەکانەوە لەزیاد و کەم بوونەوەدا بوو لەو سەردەم و قۆناغەدا.

موقع منطة شميران بالنسبة لقضاء دربنديخان




ناوچەی شەمێرانیش بەهەمان شێوە و دیاری کردنی سنوورەکەی هەروا کارێکی ئاسان نەبووە ئەمەش بەهۆی کەمی سەرچاوەی مێژووی لەو بارەیەوە و وەدژواری و سەختی و شاخاوی ناوچەکەش لەلایەکی تر،بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی ئێمە بەتەواوی دەستەوسان بوەستین و نەتوانین سنوری ناوچەکە

دیاری کەین،بۆیە دەشێت بڵێین سنوری ناوچەی شەمێران وەك خاك و ناوچە بەشێکە لەخاکی کوردستان و دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژ هەلاتی باشوری کوردستان و لەڕووی پارێزگاوە سەر بەپارێزگای سلێمانیە و لەڕووی قەزاشەوە سەر (بەقەزای دەربەندیخانە [*] )،ئەم سنورەش گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە سنورێکی زۆری بەئاو دەور دراوە بەشێکی زۆریشی بەدارو درەختی جوان و ڕازاوە دەور دراوە و لەهەردوو بارەکەشدا دیمەنێکی جوان و ڕازاوە و سروشتێکی جوان و دڵرفێنی بەخشیوەتە ناوچەکە و کردوویەتی بەسەیرانگایەکی گونجاو بەشێکی ناوچەکەش وەك سەیرانگەی لێهاتووە و ساڵانە لەوەرزی بەهاردا خەڵکی بۆ گەشت و سەیران ڕووی تێدەکەن.

---

[*] – پێشتر دەربەندیخان قەزایەك بووە سەر بەپارێزگای سلێمانی بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ( ١٩٩١ ) خرایە سەر پارێزگای کەرکوك و کرا بە مەڵبەندی پارێزگای کەرکوك وە ئەم قەزایە دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاویەوە کە بە پێی جێگاکەی لە سەر نەخشەی عێراق دەکەوێتە سنووری نێوان هەردوو ولاتی عێراق و ئێران لە باکووری ڕۆژهەلاتی عێراقدایە بەدووری ( ٢٧٠ ) کم لە سەروی ڕۆژهەلاتی شاری بەغدادەوەیە ،بە پێی هەرێمی کوردستانی عێراقیش ئەم ناوچەیە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی کوردستانی باشورەوە و بە پێی پارێزگای سلێمانیش لە خواروی ڕۆژهەلاتی شاری سلێمانیە بە دوری ( ٦٧ ) کم و لە سەرووی شاری کەلار بە دووری ( ٧٧ ) هەروەها ئەم قەزایە بە پێی شوێنی ئەسترۆنۆمی دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی ( ٣٥،٥° – ٣٥،٣٤ ) ی باکوور وە هێڵی درێژی ( ٤٥،٣٥ – ٤٥،٥٧ ) ی ڕۆژهەلات.




سەبارەت بەسنوری جوگرافی ئەم ناوچەیە دەكرێت ئەوە بڵێین بەشێوەیەكی گشتی سنوری ئەم ناوچەیە دەكەوێتە خۆرهەڵاتی (دەریاچەی دەربەندیخان*)و باشوری خۆرئاوای قەزای هەڵەبجە(١٩)،

ئەم عەشیرەتە سنوری جوگرافیایان لەنێوان ناوچەی (شەمێران و هەڵەبجە*) هەن،هەندێكیشیان لەدیوی ئێرانن بۆنمونە لە ڕەوانسەر و مەریوان

---

* – كۆمەڵێك گوندی رازاوە دەوروبەری ئەم بەربەست و دەریاچەیان داوە و بەدیمەنی جوانی ئەم بەربەستە ئاشنابوون و ژیانیان لەگەڵیدا ئاوێتەیە،گوندەكانیش بریتین لە:(گوندەكانی ناوچەی شەمێران و زمناكۆ)لەبەشی ڕۆژهەڵاتیەوە وگوندەكانی (ناوچەی شارەزوور)لەباكوری خۆرهەڵات و گوندەكانی ژاڵەناو–كوێرەك)لەباشورەوە و قەزای دەربەندیخان و كۆنە گوندی(سەلیم پیرك)لەڕۆژئاواوە. یاسین ڕەسوڵ عوسمان:مێژووی دەربەندیخان،چاپی یەكەم،٢٠٠٤،ل٢٩

١٩ – صاڵح هاروونی:هاروونی لەمێژوودا،چاپخانەی چوارچرا،چاپی یەكەم،سلێمانی،٢٠١١،ل١٤٥

* – نوسەری ئەم دەقە ئاماژە بەوەدەكات سنوری جوگرافی شەمێران لەنێوان شەمێران و هەڵەبجەدایە، لەڕاستیدا سنوری جوگرافی ئەم ناوچەیە چەندان كیلۆمەتر لەهەڵەبجەوە دوورەو چەندین گوند وعەشیرەتیش دەكەونە نێوان شەمێران و هەڵەبجەوە ئەمەش بەواتای ئەوەی سنوری شەمێران ناكەوێتە نێوان شەمێران و هەڵەبجەوە بەڵكو ڕووباری سیروان و چەند عەشیرەتیكی دیكە ئەم سنورە لێك جیادەكاتەوە و زۆربەی گوندەكانی شەمێرانیش دەكەوێتە سنوری شەمێران واتە ئەوبەری ڕووباری سیروان لەگەڵ ئەوەشدا وا ئەكادیمی تر بوو نوسەری ئەو دەقە بینوسیایە شەمێران دەكەوێتە نێوان هەردوو قەزای دەربەندیخان و هەڵەبجە.نوسەر

هەن[٢٠]،سنووری شەمێران لەباکورەوە (زێی سیروان) و لەخۆرئاوا و باشوریەوە شـــاخی (بـــەمۆ) و لەخۆرهەلاَتیـــەوە ســـنوری دەولّـــەتی (عێراقـــە بەئێرانە)وە،بەمەش ناوچەکەش بەگشتی هەرلەنزیك گوندی( نێرگزەجاڕ)ەوە هەتاوەکو سەربەنداوی دەربەندیخان دەگرێتەوە[٢١].




بەشێوەیەکی گشتی سنووری ئـەم ناوچـەیەش بـەردەلاَن و شـاخاوییە و زەوی کـشتوکالّی کەمـە، زۆربـەی زەوییـە تـەخت و کـشتوکالّیەکانی ناوچـەکە کـاتی خـۆی کەوتوەتــە ژێــر دەریاچــەی دەربەندیخانەوە،وەکـشتوکالّیش بــەزۆری لەناوچە و گوندەکانی(کانی کەوە،بەشی ئەحمەد بەگ،تولّەبی)دەکرێت[٢٢]، هەروەها ناوچەی شەمێران دەکەوێتە ڕۆژهـەلاَتی بەربەسـتی دەربەنـدیخان[٢٣]، ئـەم بەربەسـتە لەتەنگەبـەری دەربەنـدیخان لەسـەر ڕووبـاری دیالـە دروسـت

---

[٢٠] – سمکۆ محەمەد: ناسیۆنالیزم و دژەکانی،چاپخانەی ئاراس،چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٩،ل١٢٩

[٢١] – ئەیوب ڕۆستەم: هەگبەوهەوارگە،ل١٠٨

[٢٢] –ئەیوب ڕۆستەم: هەگبە و هەوارگە،ل،١١٠

[٢٣] – غەریب عەلی عەزیز: سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٩

کراوە،لەبەستە بەردینەکانە لەنزیك تێکەڵکردنەوەی هەردوو لقە ڕووباری دیالە،ئاوی سیروان و ئاوی تانجەرۆی تێدەڕژێت.



ڕووبەری ئەستێلك و گۆمی خۆراکدانی بەنداوەکە(١٧٨٥٠کم٢) یەو بەرزیەکەی ١٢٨م و درێژیەکەی ٥٣٥مەترە. بەستەکە لەچەند دەرگایەك پێك هاتووە کە بۆمەبەستی ئاودێری و بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بەکاردێن،بەرزی هەر یەکەیان ١٥مەتر و پانیان ١٥مەتر و لەتوانایاندایە لە ٤٩٣مەتری ڕووی دەریاوە ١١٤٠٠م٣\چرکە ئاو تێپەڕ بکەن، هەروەها توانای بەرهەم هێنانی ١١٢٥٠٠کیلۆوات\کاتژمێر کارەبایان هەیە،بەنداوەکە ٣ملیار م٣ئاو دەگرێت و بڕی ئەو نیشتوانەی ڕووبارەکە دەیهێنێ دەگاتە ٧٠٠تۆنی مەتری بۆ هەر کیلۆمەترێکی چوارگۆشە.زەوی بەرفراوان لەپارێزگاکانی دیالە و سلێمانی بەئاوی بەنداوەکە ئاو دەدرێن و ئاوەکە بۆچەندین مەبەستی دیکە بەکار دەهێنرێت [(٢٤)].

ناوچەی شەمێران سنورێکی زۆری بەئاوی ئەم بەنداوە دەور دراوە ئەمەش لەباکوری ڕۆژهەڵاتیەوە لە گوندی دڵف وبەشی پیرکەوە دەست پێدەکات و

---

[٢٤] – کۆمەلێك مامۆستای زانکۆ:جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،و:سەنتەری برایەتی،چاپی دووەم ١٩٩٩،ل١٣٨

تەنانەت گوندەكانی عارەوان و مامەشی وچەمەڕەش دەخاتە ژێرئاوەوەو لەوێشەوە درێژ دەبێتەوە تابەنداوی دەربەندیخان لەنزیك گوندی زمناكۆ ئەمەلەلایەك،لەلایەكی تر ناوچەیەكی زۆری بەشاخ و بەرزایی دەوردراوە ئەمەش بەشاخی زەواڵی دەست پێدەكات و درێژ دەبێتەوە لەباكوری ڕۆژهەلآت و باشوری ڕۆژهەلآتیەوە تا(شاخی زمناكۆ* ) لەڕۆژئاوایەوە واتە زنجیرە شاخەكانی(زەوڵی و بەردەدوكون و زمناكۆ و لەبەرامبەریدا شاخی تەمورە ژەنان دەوری سنور و گوندەكانی ئەم عەشیرەتیان داوە و دیمەنێكە جوانیان بەخشیوەتە ناوچەكە، ئەوەی گرنگە بوترێت وەك چۆن بەشێكی خاكی ئەم ناوچەیە كەوتوەتە ژێر ئاوەوە بەهۆی دروست كردنی (بەربەستی دەربەندیخان*)ەوە بەهەمان شێوە و بگرە زۆر بەخراپتر بەشێكی زۆری

* –شاخی زمناكۆ:ئەم شاخە یەكێكە لەو شاخانەی كەناوچەی نیمچەشاخاوی لەناوچە شاخاوییە بەرزەكان جیادەكاتەوە، درێژبونەوەیە بۆ شاخی سەرگرمە تائاستی درێژبونەوەكەی لەشاری دەربەندیخاننەوە بەرەو باشوری خۆرهەلآتی ناوچەكە و درێژ دەبێتەوەبۆ كوردستانی ئێران و بەرزترین خاڵی ئەوشاخە (١٥٧٣م)لێژی بەشی باشوری خۆرئاوای زۆرترە لەلێژی بەشی باكوری خۆرهەلآتی،ئاراستەكەی بەگشتی باكوری خۆرئاوا و باشوری خۆر هەلآتە،كەیەكێكە لەوشاخانەی دروست بووە بەهۆی جوڵەی(ئەلپی)كە زۆربەی نیشتوەكانی دەریای تیشسی كۆنی پێچاوپێچ كردوە بووە بەهۆی دروست بوونی ئەم شاخانەی كوردستان(http://www.geocities.ws/zmnako٧٩/shax.html)

* –بەربەستی دەربەندیخان: ئەم بەربەستە یەكێكە لەپرۆژە ئاودێرییە جوانەكانی كوردستان، بەربەستەكە دەكەوێتە باشوری ڕۆژهەلآتی شاری سلێمانی و ڕۆژهەلآتی شاری دەربەندیخان و نزیكەی پێنج كیلۆمەتر لەم شارەوە دوورە،لەنێوان دوو چیای سەركەشدایە،ئەوانیش شاخی زمناكۆ لەبەشی باشوری ڕۆژهەلآت و شاخی قاشتی لەباكوری ڕۆژئاوایەوە و هەردوو چیاكەش دەكەونە زنجیرە شاخی بەرانان،ئەم بەر بەستە لەسەرەتای پەنجاكانەوە نەخشەی بۆ

سنوری ئەم ناوچەیە لوغم ڕێژ کراوە ئەمەش نەك تەنیا زیانی بەبەشێکی زۆری خاکەکەی گەیاندوە کەبەکەڵکی ئەوە نایەت بکرێت بەکشتوکاڵ بەهۆی زۆری ڕێژەی مینەوە،لەهەمان کاتدا زیانێکی زۆریشی بەدانیشتوانی ناوچەکە گەیاندووە و چەندان کەسی کردوە بەقوربانی و چەندان کەسی تریشی کەم ئەندام کردوە.

---

داڕێژراوە،لەساڵی ١٩٥٤دەستکرا بەدروستکردنی تونێلی ژێرەوە بۆ گواستنەوەی ئاوی سیروان،وە لەساڵی ١٩٥٦ بەڕەسمی دەستکرا بەدروستکردنی و پلان و نەخشەکێشانی لەلایەن کۆمپانیای ڕاوێژکاری(هارزا)ی ئەمریکی کەلەلایەن عیراقەوە بەڕاوێژکاری پرۆژەکە ناسراوە،لەڕۆژی ١٩٦١\١١\٢٣ لەئاهەنگێکی گەورەدا بەئامادەبوونی (عبدالکریم قاسم)کرایەوە،(یاسین ڕەسوڵ عوسمان:مێژووی دەربەندیخان،ل٢٠-٢١

# گوندەکانی عەشیرەتی شەمێران

وەك ئاشکرایە شەمێران لەچەند گوندێك پێك دێت و هەرگوندەو لەناوچەیەکی نزیك یەکدا هەڵکەوتووە و بەهەموویانەوە عەشیرەتی شەمێران پێك دینن وناوچەکەش بەشەمێران ناسراوەلەگەڵ ئەوانەشدا دو گوند لەو گوندانەی شەمێران دەکەونە نێو ئەو سنورەی باسکراوە ئەوانیش گوندی بەشی پیرگ و گوندی ئیمامی زامنە ئەمانە لەئیستادا سەر بەقەزای هەڵەبجەن.

سەبارەت بە ژمارەی گوندەکانی شەمێران لەسەرچاوەکادا ڕاو بۆچونی جیاواز بەرچاو دەکەوێت لەهەریەکەیاندا ناوی ژمارەیەك گوند هەیە،هەندێك ژمارەی گوندەکان بەدوازدە گوندو هەندێکی دیکە بەهەشت و هەندێکی دیکە بەچواردە گوند ئەژماری دەکەن و لەگەڵ ئەوانەشدا لەسەر نەخشەی پارێزگای سلێمانیدا بە نۆ گوند ناویان نوسراوە وەك(وڵوەر،دەنگەوەرە،کۆکۆی،چەمەڕەش،کانی کەوە،شەمێران،توڵەبی،دڵف،بەشی پیرك).




ئەم جیاوازیانەش دەکرێت بەهۆی ناوەکانیان بووبێت کەهەندێك گوند ناوی جیاوازی هەبێت،یان هەندێك گوندیان ژمارەیەکی کەم ماڵی تیابووە قورسایی

ئەوەی نەبووە لەسەر نەخشەناوی تۆماربکرێت یان بەهۆی ئەوەی هەندێك گوندیان بووبن بەژێرئاوەوە گوندەکە نەماوە لەبەر ئەمەشە ئێستا ژمارە و ناوەکانیان جیاوازن و تەنانەت لەهەندێك لەسەرچاوەکاندا مانای ناوی هەندێك لەگوندەکان هاتووە ڕاوبۆچونی جیاوازی لەسەرە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو واتا دەماودەمییە لەخەڵکەوە هاتوە.

بەهەر حاڵ لێرەدا بەڕیز ناوی گوندەکانی شەمێران دەنوسین و دەیانخەینە ڕوو وەك ئەوەی لەسەرچاوەکان هاتووە یان ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە و ئاوەدانە.

سەبارەت بە ژمارەی گوندەکانی شەمێران بەڕێز کاك حەمەسەعید سەرۆك عەشیرەتی شەمێران ژمارەی گوندەکانی شەمێران بەچواردە گوند ناودەبات بەم شێوەیە(وڵوەر ، زمناکۆ ، دەنگەوەر ، کۆکۆیی ، دۆڵی ناوحەد ، کانی کەوە ، (وەرمن*) ، بەشی ئەحمەدبەگ ، تووڵەبی ، (دڵفی سەروو ، دڵفی خواروو)، بەشی پیرك ،((عارەوان*)،چەمەڕەش، مامەشەهید*))[(٢٥)].

---

* – وەرمن:گوندێکە لەناوچەی شەمێران، لەئاڤێستادا بەشێوەی (واریمەن) هاتووە بەواتای (پەناگا) حەکیم مەلاسالح:سەرچاوەی پێشوو،ل٧١

* – عارەوان:گوندێکی سەربەناوچەی شەمێرانە ،لەکاتی دروستکردنی بەربەستەکەی دەربەندیخان کەوتە ژێر ئاوی بەنداوەکە، ئەم گوندە لەئاڤێستادا بەشێوەی (ئاترەپان) ناوی هاتوە، ئاپر ،ئاگر،ئار،ئاهیر،ئاور هەموو ئەمانەیەك ڕیشەن،کەواتە (عارەوان)کورتکراوەی ناوە ئاڤێستاکەیەو بووە بە(ئارەوان) بەواتای پارێزگاری ئاگر،(پان)ی ئاڤێستای لە پەهلەویدا بووە بە(بان): حەکیم مەلاساڵح:ل٧١،

* – گوندەکانی ((چەمەڕەش ، مامەشەوێ ، عارەوان)) ئەم سێ گەندە لەپاش دروستکردنی (بەنداوی دەربەندیخان) بوون بەژێر ئاوەوە خەڵکانی گوندی چەمەڕەش هەرلە زەوی زاری خۆیاندا

وەکەسایەتیەکی وەك (ئێدمۆنز) ژمارەی گوندەکانی شەمێرانی دیاری کردوە و نوسیویەتی لەشەش گونددا نیشتەجێن و ئەیوب ڕۆستەم ئەم ژمارەیەی ئێدمۆنزی ڕاست کردوەتەوە و دەڵێت: ژمارەی گوندەکان دوازدە گوندن لەکاتی دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخاندا دوو گوندیان بەناوی(مامەشەوی و عارەبان) بوون بەژێرئاوەوە[٢٦]،دیسان ئەمیش کەوتوەتەوە هەڵەوە کە بەم ژمارەیە ناویان دەهێنێت کەدەڵێت ژمارەی گوندەکان دوازدەگوندن.

د.عەبدولا غەفور لەبەرگی دووەمی کتێبی گوندەکانی کوردستان لەباسی قەزای هەڵەبجە، بەم شێوەیە ناوی گوندەکان و ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندانە دەهێنێت و پێی وایە تەنها یازدە گوندن وەك:(بەستی پیرك(بەشی پیرك)

١٧٠کەس،((تولەبی(تۆڵەبی)٣٨٥کەس،(شمیران(شەمێران)٢٨٨کەس،(کانی کەوە)٣٣٧کەس،(دولی ناوحد)٤٠کەس،(ولوەر(وڵوەر)١٨٧کەس،(دلف)دلفی سەروو٤٧کەس و دلفی خواروو٦٢کەس)،(کوکوی شمیران)کۆکۆیی شەمێران)٢٦١کەس،(دەنکروەرە(دەنگەوەرە)٩٠کەس،(زمناکو(زمناکۆ)٢١٢کە

---

گوندێکی تریان بەهەمان ناوەوە دورووستکردەوە، خەڵکی گوندی (مامەشەویٚ) ڕۆشتوونەتە هەڵەبجەو لەوێدا نیشتەجێبوون، خەڵکی گوندی (عارەبان) یش رۆشتوونەتە (ئیمامی زامن)و لەویٚ خانووبەرەیان دروستکردەوە،(ئەیوب رۆستەم:هەگبەوهەوارگە،ل١٠٩–١١٠

[٢٥] – سەلاح سالار:سەرچاوەی پێشوو.

[٢٦] – ئەیوب ڕۆستەم : چەردەیەك،ل٣٧

س،(وەرمــن)١٦٦كەس،ئەمانــە ژمــارەی دانیــشتوانی گونــدەكانن بــەپێی سەرژمێری دانیشتوانی عیراقی ساڵی ١٩٧٧)[٢٧]،




(نەخشەی گوندەكانی شەمێران لەساڵی١٩٤٦)[*]

وەلەلایەكی تر حەكیمی مەلاساڵح لەكتێبەكەیدا(هەڵەبجە لەئامێزی مێـژوودا) تەنها ناوی چواردە گوندی هێنـاوە بـەڕای ئـەو واتـە تـەنیا ئەوچواردە گونـدە ناویـــان هـــەبووە،وەدەڵێت بەرلـــەوەی ئەمانـــە بێنـــە ناوچـــەكە گوندەكانی(دلْف،وەرمن،پشت قەڵا)ئاوەدان بوون[٢٨].

---

[٢٧] – د.عەبدولاغــەفور:گونـــدەكانی كوردســـتان،بەرگی دووەم،چـــاپخانەی ئاراس،چـــاپی یەكەم،هەولێر،٢٠٠٥،ل١٥٠-١٥٢

[*] – ئـەوەی گرنگـە ئامـاژەی پـی بكرێـت ئەوەیـە مێـژووی ئـەم نەخـشەیە دەگەڕێتـەوە بـۆپێش دروستكردنی بەنداوی دەربەندیخان،لەم نەخشەیەدا زۆر بەجوانی شوێنی ئەوناوچەو گوندانە دیارە كە دواتر بەهۆی دروستكردنی بەنداوی دەربەندیخانەوە كەوتونەتە ژێرئاوەكەوە ئەوانیش(ناوچەی شەكمەیدان،گوندی مامەشەی،گوندە چەمەڕەش)

[٢٨] –حــەكیم مــەلا ســاڵح:هەڵەبجــە لــەئامێزی مێژوودا،بــەرگی یەكەم،چــاپخانەی منارە،چــاپی یەكەم،٢٠٠٤ل١٤٣

هەروەها شەوکەتی حاجی مشیر لەکتێبەکەیدا ئەویش سەبارەت بەژمارەی گوندەکانی شەمێران تەنها ناوی سیازدە گوند دەهێنێت و دەڵێت: هەموو ئەمانە سەربەعەشیرەتی جافن[٢٩]

هەروەها مەحمودعەزیز لەکتێبی(مێژووی هۆزی جاف و ژیانی تیرەکانی)دەنوسێت:(هۆزی یەزدان بەخشی،لەو (٨)گوندە سێگۆشەیەی شەمێراندا نیشتەجێن لەبەش و ڕەگەزی ((جافی مورادین*))[٣٠]،ئەگەر نوسەر مەبەستی لەو ژمارەیە ئەوەبێت گوندەکانی شەمێران تەنها ئەو هەشت گوندەن ئەوا کەوتوەتە هەڵەوە،چونکە ژمارەی گوندەکانی شەمێران لەوە زیاترە و چواردە گوندە.

---

[٢٩] –شەوکەتی حاجی مشیر:کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری ١٩٨٨،چاپی یەکەم،سلێمانی،١٩٩٨ل٥٤

[*] – جافی مورادی: بەشێوەیەکی گشتی ئەم بەشەی جافی مورادی لە(٣٢) تیرە پێك دێت کەبریتین لە:( ڕوغزایی ،گەلاڵی،تەرخانی،شاتری،هاروونی،کەماڵەیی،عەمەلەیی،بەداخی، سەدانی سەیانی،میکائیلی، سمایل عوزێری،شێخ سمایلی، سۆفی وەندی،نەورۆلی،شوان،شێخ بزەینی،تەلانی(جافەڕەشکە)،غەوارە،بێسەری،قەویلەی،پەرخی، چوچانی،هۆزحەسەنی،ڕەشە و بۆری،باشکی، مرادی،یوسوجانی،یەزدان بەخشی،پشت ماڵەیی،یارەویسی،عیسایی،شەرەف بەیانی)(محەمەد مەردۆخی کوردستانی:مێژووی کورد و کوردستان،و:عەبدول کەریم محەمەد سەعید،چاپی دووەم،چاپەمەنی هێمن،٢٠٠٧،ل١١٤–١١٥، ناوهێنانیان بەمورادی لەبەر ئەوەبوو لەساڵی(١٦٣٨–١٦٣٩)هاوکاری سوڵتان مورادیان کرد لە ڕزگارکردنی شاری بەغداد و ئازایەتی لێهاتووییان نیشان داوەو سوڵتانیش لەقەبی(مورادیی) پێ بەخشیون(د.حەسەن جاف:تەئریخی جاف،چاپی یەکەم،١٩٩٥،ل٢٦

[٣٠] – مەحمود عەزیز حەسەن،سەرچاوەی پێشوو،ل١٣٥

هەر سەبارەت بە ژمارەی گوندەكانی عەشیرەتی شەمێران،عباس العزاوی المحامی لەكتێبی(موسوعه عشائر العراق) ناوی یازدە گوندی هێناوە وەك:(كانی كەوە ،شەمێران ، تولّەبی ،دلّف ،چەمەڕەش ،ولّوەر ،(وزمان*) ،زمناكۆ ،شەك مەیدان ،بەشی پیرك،(كیوی كینم*)[٣١] لەهەمان كاتدا ئەم نوسەرە سەبارەت بە كۆی مالّەكانی گوندەكانی شەمێرانی سەر بەناوچەی هەلّەبجە دەلّێت: ژمارەیان نزیكەی (١٠٠٠) مالّێك دەبێت،[٣٢] .




لەم نەخشەیەدا تەنها ١٠گوندی شەمێران هاتووە

---

* – نوسەر ناوی وزمانی بەگوند هێناوە بەلاّم ڕاستیەكەی وزمان كانیە نەك گوند و دەكەوێتە سەروو گوندی كۆكۆیی ئاوی ئەوكانیە دێتەوە بۆ گوندی كۆكۆیی(نوسەر)

* – لەڕاستیدا ئەمە یەكەم جارە ئەم ناوەم بەو شێویە بەرچاو دەكەوێت لەناوی گوندەكانی شەمێراندا بەڕای من پێم وایە مەبەسی نوسەری كتێبەكە ناوی گوندی (كۆكۆیی)بێت،نوسەر.

٣١ – عباس العزاوی المحامی:موسوعه عشائر العراق،المجلد الرابع، الدار العربیە للموسوعات،٢٠٠٥،ص٧٥

٣٢ – عباس العزاوی المحامی: مصدر سابق،ص٧٤

هەروەها ئەحمەد حسێن محەمەد سەبارەت بەژمارەی گوندەکانی شەمێران دەنوسێت:ژمارەی دیهاتەکانی شەمێران پازدە گوند بووە بەم شێوەیەش ناویان دەبات و باسیان دەکات:

یەکەم:کانی کەوە" ئەم گوندە یەکێکە لەگوندەکانی ناوچەی شەمێران،کەزۆربەی هۆزی خالّە لەم دێیە دانیشتوون و دێیەکی ئاوداری خۆشە و زەویەکەی تەختانیە.ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی((٣٥,١٣٠٥°) "٤٩,٧ '٧ °٣٥ )باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی( "٤٩,٥ '٤٧ °٤٥ (٤٥,٧٩٧١°))ڕۆژهەلأت و ئەم گوندە تێکڕای بەرزاییەکەی نزیکەی (٥٢٤)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە( ١،٧١٩)* پێ.



گوندی کانی کەوە

دووەم:بەشی ئەحمەدبەگ" دێیەکی ئاوداره و زەویەکەی لێژه و بەلأم زەوی دەشتای هەیە بۆکشتوکاڵ.ئەم گوندە نزیکی گوندی کانی کەوەیە بەدامێنی

---

* –تەوای زانیاریەکانی هێلەکانی درێژی و بازنەکانی پانی و تێکڕای بەرزی گوندەکان لەم سایتە وەرگیراوە(http://mapcarta.com/١٢٥٤٠٥٣٨).ئەو ژمارەیە لەگەڵ سایتەکەدایە تایبەتە بەگوندێك و هەموو گوندەکان ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە ئەگەر بچنەوە نێوسایتەکە.

چیای زەواڵیەوەیە و گوندێکی ئاودارەو سەرچاوەیەکی باشی ئاوی هەیە و ئاوێکی باشی لێدەردەچێت و ئەکرێت بەکشتوکاڵ و باخ،




گوندی بەشی ئەحمەد بەگ

ئەم گوندە کشتوکاڵی زستانەیان هەبووە وەك گەنم و جۆ و نیسك ونۆك و دانەوێڵەکانی دیکە،لەگەڵ ئەوەشدا مەڕومەڵاتیان بەخێوکردووە،لەم گوندەدا چەند کەسایەتیەك ناویان هەبووە وەك(حاجی محەمەد،حاجی قادر،محەمەد عەبدولڕەحمان،محمود عەبدولڕەحمان،میرزا بەگ،ئەحمەدی میرزا بەگ،مەحمودی میرزا بەگ،مامە ڕەحیم،مامۆستا شێخ عومەر،مامەئەحمەدی ئەلی،عەبدولای ئالتون[٣٣]،ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی((٣٥,١٢١٧°) "١٨ '٧ °٣٥ )باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی( "٢٤,٤ '٤٨ °٤٥ (٤٥,٨٠٦٨°) )ڕۆژهەلات و ئەم گوندە تێکڕای بەرزاییەکەی نزیکەی (٦٣٠ )مەترە

---

٣٣ – ئەحمەد حسێن محەمەد:ژیان و یادەوەری،چاپخانەی چوارچرا،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١١،ل٩٨-٩٩

لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە(٢٠٠٦٧)پێ. کەسایەتی ئاینی وەك (مامۆستا شێخ مەحمودی کوری شێخ عومەر*) خەڵکی ئەم گوندەیە.



شێخ مەحمود شێخ عومەر

* – مامۆستا شێخ مەحمود:کوڕی مامۆستا شێخ عومەری کوڕی مامۆستا شێخ ئەحمەدی شەمێرانە،لەڕێکەوتی ١٩٥٠/٧/١ لەگوندی ئەحمەد بەگی ناوچەی شەمێران لەدایك بووە،ناوبراو لەبنەماڵەیەکی ئاینی بووە و ماڵی شێخ عومەری باوکی قیبلەگای زۆرێك لەفێرخوازانی سەردەم و سەوداسەرانی زانستی ئاینی سەردەمی خۆی بووە،بۆیە ئەمەش دەرفەتێکی لەباربوو بۆ بەڕێزیان بۆدرێژەدان بەخوێندنی ئاینی و سەرەتا لەخزمەت باوکیدا چەند ساڵێك خوێندویەتی و پاشان بۆ شکاندنی تینویەتی زانست ڕوو لەناوچەکانی دیکەی کوردستان دەکات و لەخزمەت چەندین مامۆستای شارەزا و ناوداری وەك (مامۆستا مەلاعوسمانی کوڕی مەلا عەبدولعەزیز و مامۆستا شێخ محەمەدی کوڕی مامۆستاشێخ عەبدولڕەحمان...)دەبێت و تادواتر دەچێتە لای(مامۆستا مەلاساڵحی کوری مەلا عەبدولکەریم ناسراو بەمەلا ساڵحی گەورە) و هەرلەوێ لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧دا لەگەڵ چەند هاوەڵێکی خۆیدا ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت،شێخ مەحمود لەهەڵەبجەی شەهید لەمزگەوتی موصعەبی کوڕی عومەر پێش نوێژی کردەو لەگوندی کانی قەڵبەزە وتارخوێن بووە ولەگوندی زەڕایەنی کۆن وتارخوێن بووە.ناوبراو وەك پێش نوێژ و وتارخوێن و ئامۆژگاریکار ماندونەناسانە جێ دەستی خۆی نەخشاندوە،لەهەمانکاتدا وەك چاکسازێکی کۆمەڵایەتی دەورێکی بەرچاوی هەبووە لەڕواندنەوەی تەمی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی،مامۆستا لەڕێکەوتی ١٩٧١/٨/١ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و خاوەنی چوارمنداڵە و لەهەڵەبجەی تازە نیشتەجێیە.ئەم زانیاریە لەبەڕێز(ئارام مەحمود)وەرگیرا

سێیەم:تولەبی"ئەم دێیە ئاوی کەمە بەلاّم زەوی تەختانی بۆکشتوکاڵی زستانە زۆرە و هەندێك بەراوی هەیە بۆ کشتکاڵی هاوینە. ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنــەکانی پــانی((٣٥,١٣٢٧°) "٣٥° ٧' ٥٧,٨)بــاکور و نێــوان هێڵــەکانی درێژی((٤٥,٨١٥°) "٥٣,٩ '٤٥° ٤٨)ڕۆژهەلاّت و ئـەم گونـدە بەرزاییەکـەی نزیکـەی (٥٥٤ )مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە( ١،٨١٨)پێ.



گوندی تولەبی

چــوارەم :چــەمەڕەش"کەدێیــەکی بەواریــدات بــوو بۆکــشتوکالّ زۆر چــاك بوو.سەبارەت بەمێژووی ئاوەدانکردنەوەی گوندی چەمەڕەش سەرچاوەیەکی ئــەوتۆ لەبــەر دەســت نیــە کەمێــژووی ئاوەدانکردنــەوەی ئــەم گونــدە بسەلمێنێت،ئەوەی هەیە تەنها بەشێوەیەکی زارەکی هـاتووە ئـەویش ئەوەیـە کەمێــژووی ئاوەدانکردنــەوەی گونــدی چــەمەڕەش دەگەڕێتــەوە بــۆ ســالّی(١٨٢٥)زاینی،کەلەلایــەن (محەمــەد مــیرزا)ئاوەدانکراوەتــەوە ئــەم کەسایەتیەش باوەگەورەی بنەماڵەی (حەمەفەرەجی عەبدولاّی مەنسورە)،ئەم گونـدە لەسـالّی ١٩٢٨دا (١٢)مـالّی تیـدابووە و لـەکاتی خۆیـدا چـەمەڕەش ئاشێکی بەردینی تێدابووە کـە(حەمەفـەرەجی عەبـدولاّ)خـاوەنی بوو،زۆربـەی

گوندەکانی شەمێران سودیان لێوەرگرتووە،لەئێستاشدا ئەم گوندەچەند ماڵێکی تێدایە لەئێستاشدا موختاری ئەم گوندە شاهۆ ئەحمەد حەمەفەرەجە[٣٤]. ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی( (٣٥,١٥°) '٩ °٣٥ )باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی((٤٥,٧٨٣٣°) '٤٧ °٤٥ )ڕۆژهەلات و ئەم گوندە بەرزاییەکەی نزیکەی (٤٥٠)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە( ١،٤٧٦ )پێ.



گوندی چەمەڕەش

پێنجەم:عارەبان"ئەم گوندە یەکێکە لەگوندەکانی سنوری شەمێران و لەکاتی دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان کەوتە ژێر ئاوی بەنداوەکەوە،لەبری ئەوەی خاکی ئەم گوندە بوو بەژێر ئاوی بەنداوەکەوە لەسنوری قەزای هەڵەبجە ناوچەی ئیمامی زامنی پێبەخشی و ئەوانیش ئاوەدانیان کردەوە. ،ئەم گوندە پێشتر لەسەر ڕووباری سیروان بوو بەلام زیاتر بۆ کشتوکاڵ لەڕووباری تانجەرۆ کەڵکیان وەر ئەگرت چونکە جۆگەیان لەو ڕووبارە بۆ

---

[٣٤] – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(شاهۆ ئەحمەد)وەرگیراوە

هەڵئـەگیرا بەئاسـانی بۆسـەر زەوی کـشتوکاڵ.خـەڵکی ئـەم گونـدە بـەکاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەوە خەریك بوون یەکێك لەکەسایەتیە ناودارەکانی ئـەم گونـدە نـاوی (مـەحمودی حەمـەی چـراغ)بـوو کەسـایەتیەکی تێگەشـتوو بـوو شارەزاییەکی باشی لەمێژوودا هەبوو،جگەلەوانەش چـەند کەسـایەتیەکی دیکـە لـەم گونـدەدا ناویـان هـەبووە وەك(نـامق مـەحمود و حەمەڕەشـید مـەحمود و حەمەفەرەج ئەمین شالو و سەید حەسەن و سەید عەبـدولڕەحمان و عەبـدولآی خاسی)[٣٥].

شەشـەم:مامەشـەهید"خـەڵکی ئـەم گونـدە ژیانیـان لەسـەر کـشتوکاڵ و بـەخێوکردنی مـەڕومالآت بوو،ئـاوی کـەم بـوو بۆکـشتوکاڵ هەرچـەندە نزیکـی ڕووباری سیروان بوو بـەلآم ڕێـڕەوی ڕووبارەکـە زۆر نـزم بـوو ئاویـان بـۆ سـەر نەئـەخرا بـۆ سـەر زەوی کـشتوکاڵکردن،ئـەوان زیـاتر کـشتوکاڵی دانەوێڵـەیان ئەکرد لەبەرئەوەی زیاتر پشت بـەئاوی بـاران دەبەسـتێت.لـەم گونـدەدا چـەند کەسایەتیەك ناویان هەبوو وەك(حاجی عەلی قادر،محەمەد ئەحمەد،حاجی عەلی خانم.سەرەتا شوێنی ئەم گونـدە نزیـك ناوچـەی شـەکمەیدان و چـەمەڕش بـوو بەلآم ئەمیش بەهۆی بەنداوی دەربەندیخانەوە کەوتە ژێر ئاوی بەنداوەکەوە.

حەوتەم: بەشی پیرك"ئەم دێیەش هەر لەسەر ڕووباری سیروان بوو بەلآم لەبەر نزمی ڕێڕەوی ڕووبارەکە و نەبوونی هۆی سەرخستنی ئاو وەك (مزەخە) پەمپ زۆر کەڵکیان لەڕووبارەکە وەر نەئەگرت بـۆ مەبەسـتی کـشتوکاڵی.ئـەم گونـدە لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنەوە رووباری سیروان لەگوندەکانی سنوری شەمێرانی دایبڕیەوە واتە کەوتوەتە ئەو بەری ڕووبارەکـەوە لەئێـستادا ئاوەدانـە و چـەند

---

[٣٥] – ئەحمەد حسێن محەمەد،سەرچاوەی پێشوو،ل١١١-١١٢

مالێکی تێدایە. ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی( "١٠,١ '٨ °٣٥ (°٣٥,١٣٦١٥))باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی((°٤٥,٨٤٩٩) "٥٩,٧ '٥٠ °٤٥)ڕۆژهەلات و ئەم گوندە بەرزاییەکەی نزیکەی (٥٣٢)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە(١،٧٤٥)پێ.



بەشی پیرگ

هەشتەم:دلف"یەکێکی دیکە لەگوندەکانی ناوچەی شەمێران گوندی دلفە،کەگوندێك بوو سەرچاوەی ئاوی زۆربوو،کشتوکالی هاوینەیان لێدەکرد لەپالێ کشتوکالی زستانەدا،چەندمالێك بوون و دانیشتوانی زۆر نەبوو.لەئێستادا ئەم گوندە بوو بەدوو بەشەوە واتەبە(دلفی سەروو،دلفی خواروو)ناودەبرێن. ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی((°٣٥,١١٦٧) '٧ °٣٥)باکور و نێوان هێلەکانی درێژی( (°٤٥,٨٥) '٥١ °٤٥ )ڕۆژهەلات و ئەم گوندە بەرزاییەکەی نزیکەی (٤٦٦)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە( ١،٥٢٩)پێ.




گوندی دڵف

نۆیەم:بەشی هاجە"دانیشتوانی ئەم گوندە دووسێ ماڵێك ئەبوون دێیەكی ئاودار بوو كشتوكاڵی هاوینەیان لێ ئەكرد لەپاڵ كشتوكاڵی زستانەدا.ئەمەش یەكێك بوو لەو گوندانەی بوون بەژێر ئاوی دەریاچەی دەربەندیخانەوە،ئەم گوندە هەربەناو گوند بووچونكە دوومالً بوون ئەوانیش(محمد مەحمود و یوسف محمود عەباس)بوون خەریك كشتوكالً و ئاژەڵداری بوون[٣٦].ئەم گوندە دەكەوێتە نێوان بازنەكانی پانی((٣٥,١٣٧١°)  "٣٥° ٨' ١٣,٦)باكور و نێوان هێڵەكانی درێژی(  (٤٥,٨٢٥٤°)  "٤٥° ٤٩' ٣١,٤)ڕۆژهەلأت و ئەم گوندە بەرزاییەكەی نزیكەی (٤٥٨)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە كەدەكاتە( ١،٥٠٣ )پێ.

دەیەم:وەرمن"یەكێكە لەگوندەكانی عەشیرەتی شەمێران و لەئاڤێستادا بەشێوەی(واریمەن) هاتووە واتە(پەناگە)،بەشێكی زۆری زەویەكانی ئەم گوندە مین ڕێژكراوە و چەندین كەسیان لێوەبەقوربانی،ئەمانیش چەند ماڵێك ئەبوون لەدامێنی چیای زەواڵیدا بەشی خۆیان كشتوكاڵیان هەبوو.لەگەڵ ئەوەشدا خەریكی مەڕومالأت و ئاژەڵ بەخوێوكردن بوون. ئەم گوندە دەكەوێتە نێوان

٣٦ –ئەحمەد حسێن محەمەد:سەرچاوەی پێشوو،ل١١٠-١١١

بازنـــەکانی پـــانی((٣٥,٠٩٨٢°)    "٣٥° ٥' ٥٣,٦)بـــاکور و نێـــوان هێڵـــەکانی درێـژی(  (٤٥,٧٩٤٩°)  "٤٥° ٤٧' ٤١,٥ )ڕۆژهــەڵات و ئـەم گونـدە بەرزاییەکـەی نزیکەی (٦٧٥)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە(٢،٢١٥)پێ.



گوندی وەرمن لەدامێنی شاخی زەواڵید

یازدەیەم: دەنگەوەرە"ئەم گونـدەش یـەکێکی دیکەیـە لەگونـدەکانی سـتوری شەمێران و دەکەوێتـەنێوان هـەردوو گونـدە وڵـوەر و کۆکۆیی،ئـەمانیش چـەند ماڵێکی کەم بوون ژیانیان بەکشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵات دابین ئەکرد.

دوازدەیەم:کۆکۆیی" ئەم گوندە یەکێکە لەگوندە کانی ناوچـەی شـەمێران،ئەم دێیە ئاوی کشتوکاڵیان کەم بوو بۆ دابینکردنـی ژیانیـان پـشتیان بـە چاندنی دانەوێڵـە و بـەخێوکردنی مـەڕوماڵات ئەبەسـت. ئـەم گونـدە سـەرەتا لـەم جێگەیەدا نەبوو،شوێنی پێشووتری ئەم گوندی دەکەوێتە خوار ئـەم گونـدەوە لەشـوێنێکی لێژدابووە،بـەڵام سـاڵی ١٩٩٥کاتێـك دووبـارە خـەڵکی ناوچـەی شەمێران ڕۆشتنەوە بۆئاوەدان کردنەوەی گوندەکان خـەڵکی گونـدی کۆکـۆیی بڕیاریانـدا شـوێنی گونـدە کۆنەکـەیان بگـۆڕن و لـەو شـوێنەدا کەناسـراوە بە(بانەمتکین) ساڵی ١٩٩٥ کاتێك بڕیاری ئاوەدان کردنەوەی ناوچەی شەمێران

درا خەڵکی ئەم گوندە ئەم شوێنەیان ئاوەدان کردەوە وگوندێکی نوێیان لەو جێگەیەدا دروستکرد




گوندی کۆکۆیی لەبەرزایی(بانەمتکین)

چونکە شوێنێکی تەخت و بەرز و خۆشەو هەڵکەوتەیەکی باشی هەیە و نزیك بەڕێگەی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلە،نزیکەی ٢٠-٤٠ خانویەکیان تێدا دروست کرد و بەڵام لەئێستادا هەندێك خانوی تێدا ماوەتەوە(نوسەر).یەکێك لەکەسایەتیە ئاینیەکانی ئەم گوندە(مامۆستامەلا محەمەدی کۆکۆی*)یە. ئەم گوندە

* – مەلا محەمەد کۆکۆیی: ناوی تەواوی محەمەدئەحمدمحەمەد شامرادە لەسالی ١٩٤٩ لەگوندی کۆکۆیی ناوچەی شەمێران لەدایك بووە لە خێزانیکی ئاین پەروەرو کوردپەروەر،لەتەمەنی حەوت سالێدا دەچێتە قوتابخانەی ئاینی لەلای مامۆستاشێخ علی کانی کەوەی قورئانی پیرۆزی خەتم دەکات دواتر بەمەبەستی خویندن دەچێتە هەڵەبجەی شەهید لەمزگەوتی گەورەی ئەوشارە وچەند مزگەوتیکی تر دەست دەکات بەخویندن ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت لەسەردەستی مامۆستامەلافایەقی کانی سێو،دواتر لەگوندی کۆکۆیی شەمێران دەبێتە ئیمامی مزگەوت بەهۆی ڕاگواستنی خەڵکی ئەوناوچەیە بنەماڵەی مامۆستا روودەکەنە ناحیەی سیروانی سەربەقەزای هەڵەبجەی شەهید ولەمزگەوتی گەورەی سیروان ئیمام دەبێت باوك وباپیرانی مامۆستا هەمیشە خزمەت کاری ئاینی پیرۆزی ئیسلام وتەریقەتی نەقشبەندی بوون، لەئیستادا مامۆستا دانیشتوی

دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی((٣٥,١٠٦٧°) "٢٤ '٦ °٣٥)باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی((٤٥,٧٧٦١°) "٣٤ '٤٦ °٤٥)ڕۆژهەلأت و ئەم گوندە بەرزاییەکەی نزیکەی (٥٤٦)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە(١،٧٩١)پێ.



مامۆستا مەلا محەمەد کۆکۆیی

سیازدەیەم:وڵوەر"ئەم گوندەش یەکێکە لەگوندەکانی ناوچەی شەمێران،لەم گوندەدا ئاوی کشتوکاڵیان هەبوو لەبەر ئەوە کشتوکاڵی هاوینەیان ئەکرد لەپاڵ کشتوکاڵی زستانەدا.کەسایەتی ناوداری ئەم گوندە (عەبدولای عەبدولقادر)بووە کەپیاوێکی پیاوانە و خاوەن پیاوەتی بووە. ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی( (٣٥,١١٤١°) "٥٠,٧ '٦ °٣٥ )باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی((٤٥,٧٥٠٧°) "٢,٤ '٤٥ °٤٥)ڕۆژهەلأت و ئەم گوندە بەرزاییەکەی نزیکەی (٥٣٦)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە( ١،٧٥٩)پێ.

---

هەڵەبجەی تازەیە و ئیمامی مزگەوتی عوسمانی کوڕی عەفانە لەو شارە،ئەم زانیاریە لە بەڕێز(موسلیم محەمەد)وەرگیرا.



گوندی ولّوەر

چواردەیەم:دۆڵی ناوحەد"ئەمانە دووسێ ماڵێك ئەبوون زیاتر بۆ بژێوی ژیانی خۆیان پشتیا بە بەخێوكردنی مەڕوو ماڵات و كشتوكاڵی زستانە ئەبەست چونكە ئاویان كەم بوو. ئەم گوندە دەكەوێتە نێوان بازنەكانی پانی( (٣٥,١٣٤٤°) "٣,٧ '٨ °٣٥)باكور و نێوان هێڵەكانی درێژی( "١ '٤٦ °٤٥ (٤٥,٧٦٦٩°))ڕۆژهەڵات و ئەم گوندە بەرزاییەكەی نزیكەی (٥٠٢)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە كەدەكاتە( ١،٦٤٧)پێ.



گوندی دۆڵی ناوحەد

پازدەیەم:زمناكۆ"ئەمانە بەقەد پاڵێكی سەختەوەن ئاویان هەیە بەڵام چونكە شاخاوییە كشتوكاڵیان زۆر نیە لەبەر ئەوە جێگەی تەختانی كەمە باخ و

باخاتیان هەیە،زۆرتر خەریکی بەخێوکردنی مەڕوو مالآتن و یەکێکە لەگوندە ئاوەدان و جوانەکانی ناوچەی شەمێران [٣٧].ژمارەیەکی زۆر مالّی تیدایە،لەپیاوە ناودارەکانی ئەم گوندە(حاجی عەبدولڕەحیم و عەبدولقادر عەبدولمحەمەد)بوون، ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی( "٣٥° ٦' ٣١,٤ (٣٥,١٠٨٧°) )باکور و نێوان هێلّەکانی درێژی( "٤٥° ٤٣' ٥٣,٨ (٤٥,٧٣١٦°))ڕۆژهەلآت و ئەم گوندە بەرزاییەکەی نزیکەی (٧٠٦)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە(٢،٣١٦)پیّ.



گوندی زمناکۆ

هاوکات لەگەلّ ئەم دەقانەشدا کەلەسەرچاوەکاندا هاتوون ئەگەر بەوردی سەرنجێك بدەی لەو نەخشەی گوندەکانی شەمێران ئەوا بەڕوونی ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کەناوی ئەم دوازدە گوندە تۆمارکراوە لەسەر نەخشەکە بەم شێوەیە(زمناکۆ،ولۆەر،دەنگەوەرە،کۆکۆیی،وەرمن،شەمێران،کانی کەوە،تولّەبی،دۆلّی ناوحەد،چەمەڕەش،دلّف،بەشی پیرك)لەڕاستیدا پێم وایە هەندێك لەو نوسەرانە سەبارەت بەژمارەی گوندەکانی شەمێران کەوتونەتە

---

[٣٧] – ئەحمەد حسێن محەمەد:سەرچاوەی پێشوو،ل٩–١٠

هەڵوە ئەمەش لەبەر ئەوە بووە ئەوانە هەر لەدوورەوە لەسەر گوندەکانی شەمێرانیان نوسیوە و ژمارەی ماڵەکانیان هێناوە یان بەهەڵە ناوی هەندێك گوندیان تۆمارکردبێت یان بەهەڵە ناوی گوندەکەیان پێ وترابێت ئەگەر بڕوانیتە ناوەکان ئەم ڕاستیەت بۆ دەردەکەوێت،یان بەپێی زانیاری سەرنەخشەکان تەنها ناوی ئەوگوندانەیان نوسیوە کەلەسەر نەخشەکەدا بوونی هەبووە،بۆیە پێم وایە ژمارەی گوندەکان چواردە گوندن،بەڵام ئەوەی ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە بریتن لەم گوندانە وەك(زمناکۆ،وڵوەر،دەنگەوەرە،کۆکۆیی،وەرمن،بەشی ئەحمەدبەگ(شەمێران)،دڵفی سەروو،دڵفی خواروو،بەشی پیرگ،توڵەبی،کانی کەوە،دۆڵی ناوحەد،ئیمامی زامن)،ئەمەش بەپێی ئەوناوانەی لەسەرچاوەکاندا هاتوون،چونکە گوندی مامەشەوی و چەمەڕەش کەوتونەتە ژێرئاوەوە و لەبری گوندی عارەوانیش (گوندی ئیمامیی زامن*) ئاوەدان کراوەتەوە و لەئێستادا لەدەرەوەی سنور و ناوچەی خاکی شەمێرانە.

---

* – گوندی ئیمامی زامن:ئەم گوندە یەکێکە لەگوندەکانی شەمێران،مێژووی ئاوەدانکردنەوەی ئەم گوندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠–١٩٧١،ئاوەدانکردنەوەی ئەم گوندەش لەبری گوندی(عارەوانی)ناوچەی شەمێرانە کەپاش دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان لەگەڵ گوندەکانی(چەمەڕەش و مامەشەوی)ژێر ئاوی بەنداوەکە کەوتوو،ئەم گوندە لەئێستادا نزیکەی (٢٠)ماڵێکی تێدا دەژی و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی تێدایە و لەساڵی ١٩٧٧ وە مزگەوتی تێدا دروستکراوە،یەکەمین کەسایەتی ئاینی پێش نوێژی تێداکردەوە (مەلا محەمەد قادر سەلیم)بوو کەناسراوە بە(مەلا محەمەدی عارەبانی)دوای ئەوە ناوبراو لەساڵی ١٩٨٠ کۆچی دوای کرد هەردوو کوڕەکەی بەناوەکانی(ئەحمەد و مەحمود) پێش نوێژ و بانگ بێژییان تێدا کردوە تاساڵی ١٩٨٧ کەڕاگوێزرا لەلایەن حیزبی بەعسەوە،لەساڵی ٢٠٠٣وە مەلا مەحمودی کوڕی مەلا محەمەد وتاربێژی

# واتـای نـاوی هەندێك لەگوندەكانی شەمێران

لێرەدا واتای ناوی هەندێك لەگوندەكانی شەمێران دەخەینـەڕوو وەك ئـەوەی لەسەرچـاوەكاندا هــاتووە و ئــەوەی بەردەســتی توێــژەر كــەوتبێت هــەر ئەوەندەبووە كەئەمەش ناوی نیوەی گوندەكانی ناوچەی شەمێرانە وەك:

یەكەم: زمناكۆ: ئەم گوندە دەكەوێتـە قـەدپاڵی شـاخی زمنـاكۆ بەمـەش نـاوی گوندەكە هەربـەناوی ئـەو شـاخە خۆیـەوە ناونراوە،سـەبارەت بـەناوی زمنـاكۆ لەبنەڕەتدا وشەكە لە(سامناك هۆ) وە هاتووە ئەمەش بەمانای شاخی ترسـناك ، بەپێی ڕۆژگاریش ناوەكە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بوەبە (زمناكۆ)،نوسـەری تەفـسیری زمنـاكۆیی (مامۆسـتا مەلاسـەعیدی زمنـاكۆ*)خـەڵكی ئـەم گونـدە

---

و پێش نوێـژی كـردوە و لەئێـستاشدا ڕۆژانـی هـەینی نـاوبراو وتـار و نوێـژی هـەینی تێدا ئـەنجام دەدات.ئەم زانیاریە لەبەڕێز(مەلا محمود مەلا محەمەدعارەبانی)وەرگیرا.

* – مـەلا سـەعید زمنـاكۆیی: كـوڕی فـەتحولا(كاكـە)كـوڕی نەسـرولای كـوڕی شاوەیـسی كـوڕی مەحمودی كوڕی حسین خانە،لەساڵی ١٩٢٠ لەناوچەیەكی نزیك بەگونـدی لاوران كەگوندێكـە نزیـك بەسنوری ئێران و سەر بەقەزای هەڵەبجە لەدایك بووە،بەبنەچە سەر بەهۆزی (یەزادان بەخشی)ی ناوچەی شەمێرانە و دایكی ناوی خەدیجە ڕەحمان خوامرادە لەتیرەی ئیمامی،مەلا سـەعید كاتێك دەگاتە تەمەنی حەوت ساڵان لەبەهاری ساڵی ١٩٢٧ دەچێتە بەرخوێندنی ئاسایی لەسـەر دەسـتی یەكەم مامۆستا(مەلامحەمەد ڕەشید كوڕی فەتاح)كـە سـەر بەهـەمان هـۆزی یـەزدان بەخـشی بـوو دەخوێنێت،لەساڵی ١٩٣٢ بەڕاڤەی تەفسیری زنجانی زانستی(سەرف)لەخزمەت مامۆستای دووەمی (حاجی مستەفای كوڕی مراد)لەهۆزی كۆكۆیی لەتەكیەی سەید نەسرولا لەقـەزای هەڵەبجـە درێـژە بەخوێندن دەدات،دواتر بەردەوامی بەخوێندنـە ئاینیـەكانی خـۆی دەدات و لەگوندەكانی تریفـە و دەرەشیش و چنارە و نێرگزەجاڕ و خێڵی حەمە لەناوچەی هەڵەبجە و دواتر دەچێتە سلێمانی بـۆ پەرەپێـدانی خوێندنــە ئاینیـەكان و زانـست و زانیـاری بەسوود،لەسـلێمانی دەچـێتە خزمـەت مامۆستای ئـاینی(مـەلا عەبـدولای چرۆسـانی)بـرەو بەخوێنـدنی ئـاینی دەدات،لەسـەر ڕاسپاردەی

بووە[٣٨]،کە(قورئانی پیرۆزی) تەفسیر کردەوە لە(١٢)بەرگدا بەچاپی گەیاندەوەبەناوی(تەفسیری زمناکۆیی) و تەنانەت مەلا سەعید وەك کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕ ناسراوە و پشکی هەبووە لەشۆڕشی مەزنی ئەیلودا چ وەك کادرێکی سیاسی و چ وەك کادرێکی سەربازی ڕۆڵی گێڕاوە[٣٩]،هەر دەربارەی واتای ناوی زمناکۆ سێ ڕای دیکە هەیە وەك(یەکەم:ڕای مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس کە دەڵێت:زمناکۆ بەواتای (زەمین ناو کۆ)واتە زەوی

---

شێخی تەریقەتی نەقشبەندی (شێخ عەلائەدین)دەچێتە خزمەتی مەلامحەمەدی مودەڕیس مەلای گەلاڵەیی ناوچەی شینکایەتی لەناحیەی ماوەت بۆ ماوەی دووساڵ(١٩٤٦-١٩٤٨) لەخزمەت ئەم مامۆستایە زۆرێك لەزانستی ئاینی و فەلسەفیەکانی تەواوکردووە،پاشان گەڕاوەتەوە بۆ شاری هەڵەبجە و لەخزمەت زانای پایە بەرزی کورد(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) خوێندویەتی و پاشان لەسەر دەستی مەلا مەحمود خوێندنی ئاینی تەواودەکات بەئاهەنگێکی شکۆدار بەئامادەبونی پیاوان و زانایانی ئاینی هەڵەبجە مۆڵەتی مەلایەتی وەردەگرێت و لەسەر دەستی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس (مێزەی مەلایەتی)دەخاتە سەر سەری،پاشان وەك مەلایەك لەسەر فەرمانی (عەلی بەگی حەسەن بەگ)دەکرێتە مەلای گوندی (کانی کەوەی) ناوچەی شەمێران،لەماوەی ژیانیدا زۆرێك لەڕۆڵەکانی شێخانی تەریقەتی (کەسنەزانی)لای ئەم خوێندویانە وەك(شێخ حسین) باوکی دکتۆر قەلەندەر و (شێخ عەلی شێخ کاکە حەمە)و(شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ حسین)ی گەورە و چەندەها کەسایەتی دیکەی ئەم خێزانە،مەلا سەعید پاش تەمەنێکی سەخت و تێکۆشانی بواری ئاینی و خەبات و ژیانی مەلایەتی لە تەمەنی (٨٥)ساڵیدا لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/١/٣١دوای خزمەتێکی زۆر و دور و درێژ بەئاین و نەتەوە و ناوچەکەی کۆچی دوای دەکات و لەگۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هندی لەشاری سێمانی بەخاك دەسپێردرێت.زانیار سەردار قەرگەیی:گۆڤاری هەڵەبجە،ژ(١٥)ل٢٠-٢٣

[٣٨] – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٥

[٣٩] – زانیار سەردار قرگەی:چەردەیەك لەژیان و بیرەوەری مەلاسەعیدی زمناکۆ،گۆڤاری هەڵەبجە،ژ(١٥)٢٠٠٨ ل٢٠

ناوشاخ،(دووەم:ڕای مەلا سەعیدی زمناکۆ کەدەڵێت زمناکۆبە(زەم کۆ)دێت واتە شاخی سارد،(سێیەم:ڕایەك هەیە پێی وایە زمناکۆ بەمانای(زێ ناوکۆ)دێت واتە ئاوی ناوشاخ[٤٠].

ئەم گوندە شوێنەکەیان زۆر خۆشە و کانیاوێکی سازگار و فێنك و خۆشیان هەیە و باخ و باخاتیان هەیە،چەند ماڵێك لەوێدا دەژین زۆرتر براو خزمی یەکترن و چەند کەسایەتیەکی قسە خۆشیان هەیە وەك:حاجی عەبدولڕەحیم کەپیاوێکی قسەخۆش و خاوەن پیاوەتی بووە،ئەم کەسایەتیە پشتی بەژیانی ئاژەڵداری دەبەست،هەروەها عەبدولقادری برایشی پیاوێکی قسەخۆش و ڕەوشت جوان و خواپەرست و بەدین بوو[٤١].

دووەم:دەنگەورە: سەبارەت بەناوی ئەم گوندەش دوو بۆچوون هەیە:

یەکەمیان"ئاماژە بەوە کراوە کەئەم گوندە لەکۆنتروپێشوتردا لەیەکێك لەتەنگەبەریەکانی ڕووی سەرەوەی گوندەکەبوە و دواتر گوندەکە گوازراوەتەوە بۆ ئەم جێگایەی ئێستایان تاوەکو نزیك تربن لەو ڕێگایەی کەبەناوچەکەیاندا براوە دواتر وشەی(تەنگەبەر)یش بەپێی ڕۆژگار بووە بەم ناوەی ئێستای.

---

٤٠ - htt//:www.geocities.ws/zmnako٧٩/zmnako.html

٤١ – ئەحمەد حسێن محەمەد:سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٢-١٠٣



گوندی دەنگەوەرە

دووەمیان"هەندێ کەسی تری گوندەکەو ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن لەکۆندا کوێخای گوندەکەیان دەنگی بەرزبووە و بەمەش پێیان وتووە (دەنگەورە) و ناوی گوندەکەش لەمەوە ناونراوە(٤٢)،

سێیەم: کۆکۆی: ئەم گوندە نزیکی شاخی زمناکۆ بوو،دانیشتوانی ئەم گوندە بەڕاستی هەمووی مرۆڤی بەکەڵك و باش و خواناس و بەدین بوون(٤٣)،ئەم گوندە کەوتوەتە ناوسنوری شەمێرانەوە،ناوی ئەم گوندە ئاڵوگۆڕ کراوە ناوی (کو وەکوهی)یە کەبەمانای ئەوەی تیرەیەکی کۆچەری بوون و ئەم کێو ئەوکێویان کردووەبەکۆمەڵ کۆمەڵ،گوندەکەشیان ئاوەدان کردوەتەوە هەربەناوی تیرەکەیانەوەناویان لێناوە،چونکە ئەم گوندە دەچێتەوە سەرتیرەی (کۆکۆی)لای دەشتی زەهاو، لەکەسایەتیە دیارەکانی ئەم کوندەش هەردوو نوسەر(مەلامەحمودی کۆکۆی و ئەلی محمد بەگ)بوون(٤٤)، لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی دیکەی ناوداری وەك محەمەد ڕۆستەم کۆکۆیی) و (حامید

---

٤٢ – کۆچەر کەریم حەمەعەلی: سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٣

٤٣ – ئەحمەد حسێن محەمەد:سەرچاوەی پێشوو،ل١٠١

٤٤ –کۆچەر کەریم حەمەعەلی:هەمان سەرچاوە،ل٢٣٨

ئەحمەد کەتان* ) و سنوری ئەم گوندەش لەنێوان هەردوو گوندی دەنگەوەرە و وەرمندایە.



حامید ئەحمەد کەتان

چوارەم: وەرمن– وەرەمن:ئەم گوندە لەدامێنی چیای(زەواڵی* )دایە و چەند ماڵێك بوون[٤٥]،بەپێی وتەی دانیشتوان و خەڵکی گوندەکە باسیان لەوە کرد کەلەکۆندا ئەوکەسەی گوندەکەی ئاوەدان کردوەتەوە ڕێگەی داوە بەهەموو

* – ناوی تەوای (حامید سۆفی ئەحمەد میرزا)یە ناسراوە بەحامید ئەحمەد کەتان،لەساڵی ١٩٤٨لەگوندی کۆکۆیی شەمێران لەدایك بووە،یەکێکە لەپیاوە ناودارەکانی کۆکۆی و کەسایەتی ناسراوی شەمێران و هەڵەبجەیە،لەهەمان کاتدا خاوەن کەسایەتیەکی بەناوبانگ و بەئەزمونی دەسەلأت و خزمەتکاری خاك و نیشتیمان و کەسایەتیەکی خۆشەویست بوو هەر ئەمانەش هۆکاربوون کەلەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٤ یەکەمی دەنگەکان بوو بۆ(تەشریع و تەنفیزی)عێراق کە وەك ئەندام پەرلەمانی ئێستا وابووە،ناوبراو لەساڵی ١٩٨٥ لەهەڵەبجە شەهیدکرا.ئەم زانیاریە بەدەستکاریەوە لەپەیجی (عەشیرەتی شەمێران) وەرگیرا.

* – شاخی زەوڵی:ئەم شاخە لەنێو سەرچاوەکاندا بە(شاخی شەمێران)ناوی هاتووە،تێکڕای بەرزی ئەم شاخە لەئاستی ڕووی دەریاوە(١,٣٤٧)مەترە کەدەکاتە(٤,٤١٩)پێ

٤٥ – ئەحمەد حسێن محەمەد:سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٠

کەسێك کەلەئاواییەکەدا نیشتەجێ ببێت و بەهەموو دەورو بەرەکەی وتوە (وەرنەلای من)دواتر ئەم شێوازە وتنە کورت کراوەتەوە بۆ(وەرەمن)و ناوی گوندەکەش بەو ناوەوە ناوی لێنراوە و ناسراوە[٤٦]،بەڵام ئەم گوندە لەئێستادا بە (وەرمن) ناو دەبرێت و گوندەکەش کەوتوەتە بناری شاخی زەواڵی[٤٧] و لەنێوان هەردووگوندی کۆکۆی و بەشی ئەحمەد بەگدایە.



شاخی زەواڵی(ناسراو بەجەبەل مەوت)

پێنجەم:چەمەڕەش: ئەم گوندە کەوتوەتە سەر رۆخی دەریاچەی دەربەندیخان ،سەبارەت بەناوی گوندەکەش دەوترێت لەناوی ئەو چەمە قوڵەی بەردەم گوندەکە وە ناونراوە کەلەبەر قوڵیەکەی مەیلە و ڕەش و سەوزێکی تۆخ دەڕوانێ و لەو چەمەشەوە ناوی گوندەکە ناونراوە[٤٨]،چەمەڕەش،بەڵام بەهۆی دروست کردنی بەنداوی دەربەندیخان زەوی زاری ئەم گوندە کەوتوەتە ژێرئاوی بەنداوەکەوە.زۆربەی دانیشتوانی ئەم گوندە لەگوندی کانی کەوە

---

٤٦ – کۆچەر کەریم حەمەعەلی:هەمان سەرچاوە:ل٢٤١–٢٤٢

٤٧ – زەواڵی: وشەی زەواڵی کەلەڕاستیدا (زەواریێ)یە کە بەواتای (کاروانی)دێت.

٤٨ –کۆچەر کەریم حەمەعەلی:سەرچاوەی پێشوو:ل٢٤٧

نیشتەجێبوون،لەدوایدا چەندماڵێکیان کەمێك لەکانی کەوە دوور کەوتنەوە و چەند ماڵێك لەو شوێنەدا دەژیان ئەو گوندەیان ناونا چەمەڕەش[٤٩].

شەشەم: کانی کەوە:سەبارەت بەناوی ئەم گوندەش لەبنەڕەتدا لەناوی(کانی+کە)ەوە هاتوە، پێش ئەوەی ئەم گوندە ئاوەدان بکرێتەوە بەم کانیە وتراوە(کانی کەو)واتە کانیەك کە کەو هاتوە ئاوی لێخواردوەتەوە،کاتێك گوندەکە لەسەر کانیەکە ئاوەدان کراوەتەوە بەو ناوەوە ناسراوە،هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا بۆچونێکی دیکە هەیە کەباس لەوە دەکات کە گوایە کانیەکەی ئەم گوندە ڕەنگی (شین)ەو لەکۆنیشدا بەڕەنگی شین وتراوە(کەوە)و بۆیە بەو کانیە وتراوە (کانی کەوە)[٥٠].



گوندی کانی کەوە

حەوتەم:تولەبی:سەبارەت بەناوی ئەم گوندەش لەناوی توولی جۆری درەختی (بی)ەوە هاتووە،بەلام ڕوون نیە کەئایا هۆکاری ئەم ناوە لەچیەوە سەرچاوەی گرتووە،بەلام بەبۆچونی نوسەری کتێبی (دەربەندیخان لەمێژوودا) پێدەچێت تەنها ئەوە بوبێت کەلەکۆندا ئەم گوندە لەدروستکردنی دەرمانی کوردەواریدا

---

٤٩ – ئەحمەد حسێن محەمەد:سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٧

٥٠ – کۆچەر کەریم حەمەعەلی: سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٩

ناوبانگیان هەبوەو زۆرێك لەو دەرمانانە کەبەکاریان هێناوە بۆ نەخۆشیەکان گیاو ڕووەك و درەختەکان بووە ،



گوندی تولەیی

یەکێك لەو دەرمانانەی کەلەکۆندا لەم گوندەدا بۆ کەم خوێنی بەکاریان هێناوە بریتی بووە لە (پەلی درەختی بی)کە دەورێکی بالآی هەبووە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشیە،ڕەنگە لەناوێك لەناوەکاندا ناوی درەختەکە ناوی گوندەکەشی دابرِیبێت[٥١] .

هەشتەم:ئیمامی زامن: سەبارەت بەناوی ئەم گوندە هیچ سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە کەبنەڕەتی ئەم ناوە بسەلمێنێت تەنها ئەوەنەبێت بەشێوەیەکی زارەکی و دەماودەم لەنێو دانیشتوانی گوندەکەدا ئەوە هاتووە،کەپێش ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە گۆڕی ئیمامێك(گۆڕی پیاوچاکێك)لەژێر درختێك لەناوچەکەدا هەبووەو درەختەکەش بە(بناوەچ)ناسراوە،کاتی خۆی هەندێك لەجافەکان(ئێلی جاف)لەکاتی

---

٥١ – کۆچەر کەریم حەمەعەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٧–٢٣٨

گەرمیان و کوێستانیان کەبەناوچەکاندا ڕۆشتوون بەمەبەستی بەدەستهێنانی لەوەرگەی باش بۆ ئاژەڵەکانیان،



ئێلی جاف لەو سەفەرەیاندا بەم ناوچەیەیی (ئیمامی زامن) گەشتون،هەندێك لەو کەلوپەلەی پێیان بووە و لەخۆیان زیادبووەو بۆیان نەڕۆشتوە لەژێر ئەو درەختە دایانناوە هەتا ئەوکاتەی دووبارە دەگەڕێنەوە ناوچەکە لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە،دوای گەڕانەوە بینویانە هەموو کەلوپەلەکان دەستکاری نەکراوەو و وەك خۆی ماوەتەوە وتویانە(زامنە)[٥٢].دواتر لەمەوە ناوەکە لەگەڵ ناوی ئیمامەکە(ئیمام+زامن) تێکهەڵکێش کراوەو بووە بەئیمامی زامن. ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی((٣٥,٢٢٦٣°) "٣٥° ١٣' ٣٤,٦)باکور و نێوان هێڵەکانی درێژی((٤٥,٨٧٧٤°) "٤٥° ٥٢' ٣٨,٥ )ڕۆژهەلات و ئەم گوندە بەرزاییەکەی نزیکەی (٤٨٧)مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە کەدەکاتە(١،٥٩٨)پێ.

---

٥٢ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(مامۆستا مەحمود محەمەد)وەرگیراوە



گوندی ئیمامی زامن

دوای ئــەوەی بەنــداوی دەربەنــدیخان دروســتکرا چــەند گونــدێکی ناوچــەی شــەمێران بــوون بــەژێر ئــاوی ئــەو بەنــداوەوە و یــەکێك لــەو گوندانــە گوندی(عارەبان)ی شەمێران بوو،ئیدی حکومەت لەبری ئەوەی گوندی عارەوان بـوە بـەژێرئاوی بەنداوەکـەوە ئـەم ناوچـەی بەدانیـشتوانی گونـدی عارەبـان بەخشی ئەوانیش لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم ئاوەدانیان کـردەوە و و هـەتا ئێـستاش ئـەم نـاوە لەسـەر نەخـشەی گوندەکانـدا هـەر بـەوناوەوە هاتووەو ناسراوە بە(ئیمامی زامن).

بەشـێوەیەکی گـشتی ئەمانـە واتـای نـاوی هەنـدێك لـەو گوندانـەی ناوچـەی شەمێران بوون کەلەسەرچاوەکاندا هاتووە ئەکرێت ڕاسـت بێـت و وەئەشـکرێت تەمومژاوی بێت و دووربێـت لـەناوی تـەواوی گوندەکـە بـەڵام ئەمـەش ئـەکرێت پێوسـتی بەگـەڕان و توێژینـەوەی دیکـە هـەبێت بـۆ سـەلماندنی ڕاسـتی نـاوی تەواوی گوندەکان.

بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی گوندەکانی شەمێران لەکاتی خۆیدا ژیانێکی سادە و ســاکاریان هەبووە،سەرچــاوەی بــژێوی دانیــشتوانی گونــدەکان بریتــی بووەلــە(ئاژەڵــداری ،داروخــەڵوز فرۆشتن،ڕاوەماسی،کــشتوکاڵ)کــشتوکاڵیش

بـــــــەزۆری لەگونـــــــــدەکانی (کـــــانی کەوە،بەشـــــــی ئەحمـــــــەد بەگ،تولّەبی)دەکرێت،شەمێرانیەکان پێشتر بەدرووستکردنی ڕەشماڵ و هـۆڕ و بـــەڕەو مـــەوج و پیـــشەسازی دەســـتی تـــرەوە بـــەناوبانگ بوون،بـــەلأم ئـــەم پیشەسازیانە ئێستا بەلایانەوە بوەتە یادەوەری و نەماون.

# عەشیرەتی شەمێران لەڕوانگەی ( هونەر و تەندورستی )ەوە

بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوان و عەشیرەتەکانی گوندەکانی کوردستان بەپێی پێویستی خۆیان گرنگیان بەچەند لایەنێکی ژیاری داوەو بەچاوی پڕبایەخەوە سەیریان کردووە،یەکێك لەو عەشیرەتانەش خەڵکانی ناوچەی شەمێران بوون کە زۆر گرنگیان بەم کارانە داوە و لەخزمەت خۆیاندا بەکاریان هێناون وەك شانۆ وگۆرانی و بواری تەندورستی کاری جەڕاحی .
ناوچەی شەمێرانیش وەك هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان فۆلکلۆری بیستراوی ناوچەکەشیان بریتی بووە لەشیعرو گۆرانی و ئەمەش لەژێرکاریگەری شیعر و گۆرانی هەورامی هۆرەی جافدابووە،وە گوندەکانی شەمێران ژمارەیەك گۆرانی بێژو شمشاڵژەنی ناسراویان هەبووە کە ئاهەنگ و هەڵپەڕکێی ناوچەکەیان گەرمکردووە لەوانەش وەك:(حەمەی حەمەئەمین،ساڵحی قادر،حەمەئەمین حەمەشەریف،محەمەد عەلی خانە،عەلی ئەولمحەمەد)هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا چەند کەسێکی دانیشتوانی گوندەکان دەستی باڵایان لە بواری(پزیشکی و دەرمانگەری میللی)دا هەبووە وەك:(حاجی ئەحمەد میرزابەگ،حەمەی حەمەسەعید،حاجی زایەری حەمەی سان ئەحمەد،پورە خورشیدە ساڵح،حاجی ئەحمەد)ئەمانە چارەسەری جۆرەها نەخۆشیان کردووە و خەڵکی دیکەش لەدەرەوەی شەمێرانەوە بۆچارەسەر ڕوویان کردووەتەلای ئەمانە[٥٣]،تەنانەت هەر لەبواری تەندروستیدا کوندی تۆڵەبیی

---

[٥٣] –ئەیوب ڕۆستەم:هەگبە و هەوارگە،ل١١٠–١١١

ناوبانگیان دەرکردبوو بەدروستکردنی دەرمان و ئاماژە بەوەدەکات کەلەکۆندا ئەم گوندە لەدروستکردنی دەرمانی کوردەواریدا ناوبانگیان هەبوەو زۆرێك لەو دەرمانانە کەبەکاریان هێناوە بۆ نەخۆشیەکان گیاو ڕووەك و درەختەکان بووە ،یەکێك لەو دەرمانانەی کەلەکۆندا لەم گوندەدا بۆ کەم خوێنی بەکاریان هێناوە بریتی بووە لە (پەلی درەختی بی)کە دەورێکی بالآی هەبووە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشیە[٥٤].

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا دیسان شەمێرانیەکان گرنگیان بەبواری شانۆ داوە تەنانەت لەساڵی ١٩٧٣کاتێك شانۆی (دوانزە سوارەی مەریوان)لەکەمپی خواروی دەربەندیخان نمایشکرا کەسایەتیەکی شەمێرانی بەناوی(مەلا غەریب شەمێرانی)بەشداری کردبوو[٥٥]، ئەوەی گرنگە ئەوەیە شەمێرانیەکان بۆ بەرز ڕاگرتنی هونەر و فۆلکلۆری خۆیان بریاریانداوە سالآنە ئاهەنگێك بەناوی فیستیڤاڵی عەشیرەت شەمێران سازبکرێت ئەمەش بۆ زیندوکردنەوەی کەلتور و فەرهەنگ و هونەری ناوچەکەیە کەبەئاهەنگ و گۆرانی و شیعر و هەڵپەرکێی کوردەواری و نمایشی جۆراوجۆر کەلتور و فەرهەنگی خۆیان بەرز ڕادەگرن

---

٥٤ – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٧-٢٣٨

٥٥ – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٣١٨






وێنەی یەکەمین فیستیڤاڵی عەشیرەتی شەمێران٢٠١٣/٤/٥

# ئاینداری لەناوچەی شەمێران

وەك ئاشكرایە نەتەوەی كورد بەدرێژایی مێژووی خۆی گرنگی زۆری داوە بەئاین و ئاینزاو پەیڕەوی ئەو ئاینەی كردەوە كەخۆی پەسەندی كردووە،كوردیش لەنێوخۆیدا لەچەندین عەشیرەت و خێلّ و تیرەیەك پێك هاتووە ئەمانەش بەسەر ناوچە جیاوازەكانی كوردستاندا دابەش بوون،عەشیرەتی شەمێرانیش یەكێكە لەو عەشیرەتەكوردانەی وەك تیرەیەكی جاف گەرمیان و كوێستانیان كردەوە لەنێو سنورەكانی عێراق و ئێراندا سەرەتا وەك تیرەیەكی كۆچەری ناسرابوون بەلاّم دواتر دەستیان كردەوە بەژیانی نیشتەجێی و لەناوچەی شەمێران نیشتەجیّ بوون و خەریكی ئیش و كاری ژیانی خۆیان بوون،ئەم عەشیرەتەش وەك هەموو عەشیرەتەكانی دیكەی كورد گرنگی زۆریان بەئاین و ئاین پەروەری داوە،ئەگەر چی ناوچەی شەمێران جیاواز لەناوچەكانی دیكە خاوەن هیچ تەكیّ یان خانەقایەك نەبووە بەلاّم خاوەنی (مەدرەسەی شەرعی) و(حوجرە)بووە لەگوندی كانی كەوە و چەند مامۆستایەكی شارەزا وەك (مامۆستا شێخ عومەر و مامۆستا مەلا سەعید)و چەند مامۆستایەكی دیكە لەمەدرسەی كانی كەوە دەرسیان وتوەتەوە و چەندەها فەقیّ و قوتابی لەوێدا خوێندویانە كەیەكێكیان(مامۆستا مەلامحەمەدی بامۆكیە)[٥٦].

دەبێت بۆ مێژوو ئەوەبلّێین ئەم عەشیرەتە لەبەر دلّسۆزیان بۆئیسلام وئاین و ئاین پەروەری چەندان مەلاو زانای ئاینی و كەسایەتی ئاینی لەناوچەی

---

[٥٦] – ئەم زانیاریە لەبەرێز(مامۆستا حەسەن شەمێرانی )وەرگیرا

شەمێراندا هەڵکەوتوون و هەمیشە بەپەرۆشەوە بوون بۆ خزمەتی ئەو ئاینە و بەشێکی زۆریان وەك گەڕیدە وابوون بەشوین فێربوونی زانستە ئاینیەکاندا و چەندان ناوچە و چەندین گوندو شاریان کردوە بۆ گەشتن و فێربوونی بنەمائاینیەکان و بەدەست هێنانی ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی مامۆستا و زانایانی شارەزای ناوچەکانی دیکە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ناوچەی شەمێران و ئەمانیش بوون بەناوەندێکی گرنگی پێگەیاندنی چەندان کەسی ئاینی ئەم عەشیرەتە.

سەبارەت بەئاین و مەزهەبی دانیشتوانی گوندەکانی شەمێران،ئەکرێت سەرەتا یان پێش هاتنیان بۆ ناوچەی شەمێران وەك هەموو دانیشتوانی تری کوردستان لەسەر ئاینێکی دیکە بووبن،یەکێك لەو ئاینانەش کەبەشێکی هەرە زۆری کورد لەقۆناغەکانی مێژوودا هەڵگری ئەو ئاینە بووبن وەك ئاینی زەردەشتی.وەك لەسەرچاوەکاندا هاتووە ناوچەی شەمێران یەکێك بووە لەوناوچانەی کەبەدرێژایی مێژوو لەسەر بیروباوەڕی زەردەشتی بوون و خۆر و ئاگریان پەرستوە و هەتاوەکو سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام لەسەر ئەو بیروباوەڕەی خۆیان مابوونەوە[٥٧].

تەنانەت لەنێو سەرچاوەکانیشدا خودی پەیامبەری ئاینەکەیان بەکورد لەقەڵەم داوە دەڵێن زەردەشت پەیامەبەرێکی کورد بووە،بەڵام لەقۆناغەکانی دواتردا بەهۆی بڵاوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە و گەشتنی بەناوچە کوردیەکان کوردەکانیش ئەو ئاینەیان هەڵبژارد و کردیان بەئاینی ڕەسمی خۆیان،

---

[٥٧] – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل١١٨

لەنێو ئەوانەشدا جافەکان بەگشتی و شـەمێرانیەکان بەتایبـەتی ڕۆشـتنە سـەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئەمڕۆ هـەموو شـەمێرانیەکان وەك ئـاین موسـوڵمانن و وەك مەزهەب سونی مەزهەبن و هەڵگری ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلامن و لەمێـژووی ئەم عەشیرەتە و لەنێو گوندەکانی ئەم ناوچەیەدا چـەندان کەسـایەتی و شـێخ ومامۆسـتای ئـاینی و مـەلاو زانـای ئـاینی هەڵکـەوتوون، جائـەو کەسـایەتیانە زۆربەیان وەك سەربازی گومناو ماونەتەوە و ناویشیان لەلاپـەڕە بێگـەردەکانی مێژوودا تۆمارنـەکراوە لێـرەدا مەبەسـتمان پیـاوانی ئاینیـە کـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان جگـە لـەبوارە ئاینیەکـەیان ڕۆڵـی ئیجگـار گـەورە و گرانیـان گێـڕاوە لـەفێرکردن و زانـستدا تەنانـەت لـەپاڵ کـارە سەرەکیەکەشـیاندا هەڵوێـستی جوامێرانــەیان هــەبووە لەلایــەنی کوردایــەتی و شۆڕشــگێڕیدا، لەوانــەش(مــەلا ســەعیدی زمنــاکۆ[٥٨] و مــەلا محەمــەد رەشــید فەتاح،مامۆســتا مەلاحەســەن شەمێرانی[*]) .

---

[٥٨] – زانیار سەردار قرگەیی:سەرچاوەی پێشوو،ل١٩–٢٠

[*] – حسن محمود احمد ناسراو بە (مەلاحسن شەمێرانی) لە ساڵی ١٩٥٣ لەگوندی (کانی کەوە)ی شـەمێران لـە دایکبـووە.لـە سـالی ١٩٥٤ ماڵیـان بـاری کـردوە بـۆ هەڵەبجە،لـە هەڵەبجـە قۆنـاغی سەرەتای ئاینی و ناوەندی و دواناوەندی ئیسلامی تەواو کردووە و سـالی ١٩٧٣ چـووەتە کـۆلێجی شـەریعەو لـە سـاڵی ١٩٧٧ تـەواوی کـردوە بەپلـەی (امتیـان) و لەبـەر بـارودۆخی سیاسـی عێـراق جووەتـە سـەبازی و لـە سـاڵی ١٩٧٩ سـەربازی تـەواو کـرد و هـەر لـەو سـاڵەدا لـە دواناوەنـدی دەربەندیخان بە (مدرس) دامەزراوە کە ئەوکاتە ماڵیـان لـە دەربەنـدیخان بـوو. نزیکـەی دوو سـاڵ وەك مامۆستا دەرسـی وتوەتـەوەو دواتـر خـۆی گواسـتەوە بـۆ هەڵەبجـە و بـە ماڵـەوە چـوون بـۆ هەڵەبجە.لە دواناوەندی هەڵەبجە دەستی بەوانە وتنەوەکرد هەتا سالی ١٩٨٢ بـەهۆی سـەربازیەوە فەسڵ کراو فیرار بوو. لە سالی ١٩٨٢ مانکی ٨ ڕوو لە ئێران کرد و لە ناوجەی (پاوە) جیکیر بوو. دوای سالێك هاتەوە بۆ هەڵەبجەو بـە فـیراری مایـەوە هـەتا ١٩٨٧/٢/٦ دەسـتکیر کـرا لـە ئـەمنی



مامۆستا حەسەن شەمێرانی

لەگەڵ ئەوانەشدا چەندان کەسی دیکە هەبوون وەك:(یەکەم:شێخ عومەر ئەحمەد کەباوکی مامۆستا شێخ مەحمود و مامۆستا شێخ خالید)دووەم:شێخ عەبدولا عەبدولڕەحمان باوکی مامۆستا شێخ ئیبراهیم)سێیەم:شێخ محەمەد ئەحمەد باوکی مامۆستا شێخ موحسین)چوارەم:مامۆستا شێخ ئیسماعیل عەلی عەبدولڕەمان)ئەم کەسایەتیانەی کەناومان هێنان هەموویان لەبنەماڵەی شێخەکانن).هەروەهاچەندان کەسایەتی ئاینی دیکە لەناوچەکەدا هەیە وەك:(مامۆستا مەلا مەحمود میرزا کەقورئان خوێن بووە و مەلایەتی بۆ دڵفی زەردێوەر کردووە لەجەژنەکاندا،هەروەها مامۆستا ئیدریس رەحمان رەحیم و مامۆستا نەجیم حەمەمین و(مامۆستا عەلی فەتاح حەمەلاو وەیس*)ئەمانە هەموویان خەڵکی گوندی ئەحمەد بەگی ناوچەی شەمێرانن.

---

هەلەبجە، لە سالی ١٩٩٤ حیزبی یەککرتووی ئیسلامیان ڕاکەیاند.ناوبراوە لەئێستدا وتار خوێنی مزگەوتی گەورەی هەڵەبجەی تازەیە. ئەم زانیاریە لەفەیسبوکەوە وەرگیراوە.

* – مامۆستا عەلی فتاح: ساڵی ١٩٦٦لەگوندی بەشی ئەحمەدبەگ لەشەمێران لەدایك بووە،کاتێك قوتابخانە لەناوچەکە کراوەتەوە خراوەتە بەرخوێندن لەساڵی ١٩٧٢ ناوبراو هەتا پۆلی پێنجی سەرەتایی لەشەمێران تەواوکرد،ساڵی ١٩٧٨ لەلایەن بەعسیەکانەوە بەسەرکردایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر لەزێدی باوباپیرانیان دەرکران و ڕەوانەی ئۆردوگای زۆرە ملێی عەنەب دەکرێن و

هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا لەنێوگوندەکانی دیکەی ناوچەی شەمێران چەندان و مەلاو مامۆستای ئاینی دیکە هەبووە وەك:(مامۆستا نەوزاد فەتاح ئەحمەد خەڵکی گوندی دڵف و مامۆستا شێخ حسێن شێخ عەلی لەگوندی کانی کەوە و مامۆستا حسین مەحمود ئەحمەد لەگوندی کانی کەوە و مامۆستا شێخ حەمەعارف لە گوندی توڵەبی و مامۆستا غەریب محەمەد ئەلی وەیس لەگوندی توڵەبی و مامۆستا محەمەد ئەحمەد حەمەبۆر لەگوندی کۆکۆیی و مامۆستا جەمال حسین شاوەیس لە مامەشەیی و مامۆستا ئیدریس حسن محەمەد شاوەیس ئامۆزای مەلا جەمال، و مەحمود مەلا محەمەد لەئیمامی زامن[٥٩].

لەگەڵ ئەوانەشدا چەندین کەسایەتی دیکەی ئاینی لەناوچەکەدا هەبوون وەك

---

لەوێش پۆلی شەشی سەرەتای لەقوتابخانەی ئەحمەد موختاری سەرەتای تەواودەکات،دواتر ناوەندی و دواناوەندی لەهەڵەبجە تەواودەکات،لەساڵی ١٩٨٥هاوسەرگیری کردووە و لەئێستادا هەشت منداڵی هەیە، لەساڵی ١٩٨٧ ڕووی لەئێران کرد و لەساڵی ١٩٨٩گەڕایەوە عێراق و بۆناوچەی بایجان و لەوێشەوە بۆ گردەچاڵ لەهەولێر،دوای دووساڵ دەست بەسەری لەوێش ئازاد دەکرێت،مامۆستا نزیکەی یەك ساڵ و نیو عەسکەری کردەوە لەچەند ناوچەیەکی عێراق و کوێت و لەڕێکەوتی ١٩٩٠/١/٣١فیراری کرد لەعەسکەری لەکوێت هاتەوە دوای ئینتیفازەکە گەڕایەوە بۆ شاری هەڵەبجەی شەهید و لەساڵی ١٩٩٢ ڕۆشتە بەرخوێندنی ئاینی لەمەدرەسەی ئوسامە لەخزمەت بەڕێز مامۆستا(سەید نەجمەدین) و لەڕێکەوتی ١٩٩٦/٨/٥ئیجازەی مەلایەتی وەرگرت و ناوبراو بۆماوەی حەوت ساڵ لەگوندی توڵەبی مەلایەتی کرد ولەساڵی ٢٠٠٢دا گەڕایەوە هەڵەبجەی تازە و لەمزگەوتی گەورەی ئەوشارە پێش نوێژی دەکات، لەساڵی ٢٠٠٣دا بەشەهادە تەعلیم عالیەوە گەڕایەوە بۆخوێندن لەزانکۆی بەغداد کۆلێژی شەریعە بەشی ئوصولی دینی تەواوکرد.

[٥٩] –ئەم زانیاریە لەبەڕێز مامۆستا(عەلی فتاح شەمێرانی)وەرگیرا

(مـــەلا محمـــودی عارەوان،ســـەید فـــەتاح دەنگەوەرەیی،ســـۆفی عـــارف دەنگەوەرەیی،مەلا عەبدولڕەحمان محەمەد سان ئەحمەد کانی کەوەیی)[٦٠].

---

[٦٠] – ئەم زانیاریە لەبەڕێزکاك(عەلی حسین)وەرگیرا.

# تیرەی یەزدان* بەخشی و خێڵەکانی

لەمێژووی عەشیرەتایەتی و هۆزگەریدا عەشیرەت لەچەندین تیرە و خێڵ پێك دێت جائەمانە پێکەوە لەیەك ناوچەدابن یان بەجیا لەناوچەیەکی بەرفراواندا دەژین و خەریکی ئیش و کاری ژیانی خۆیانن وەك کشتوکاڵ و مەڕومالاَت بەخوێوکردن و ڕاوەماسی و خەڵوزکردن.

یەزدان بەخشیەکان: بەزۆری ئەمانە بەدیهاتەکانی ڕۆخی سیرواندا دابەش بوون و سەرگەرمی کشتوکاڵکردنن،یەکێکی ترن لە(تیرە گەورەکانی جاف*) دەبن بەسێ لقی وەك:(کۆمەڵی خاڵە ، کۆمەڵی بەگزادە ،کۆمەڵی مامەشەیی) کەچی عەزاوی لقەکانی ئەم تیرەیەلە(یەزدان بەخشی،بەگزادە،سوڵتان ئەحمەدی،مامەشی)کۆکردوەتەوە لەسنوری شەمێران و قەزای هەڵبجە

---

* – سەبارەت بەناوی تیرەی یەزدان بەخشی بەڕێز خوسرەوجاف دەنوسێت:زۆرنیە ئەم تیرەیە بەناوی شەمێرانەوە ناو دەبرێن و هەمووی ناگاتە حەفتا ساڵێك،دەڵێت کەریم بەگی فەتاح بەگ کەبۆخۆی سەرۆکی فەرمی سەرتاسەری هۆزی جاف بووە ناوێك لەم تیرەیە بەو ناوەوە ناهێنێت ،بەڵکو بەناوی یەزدان بەخشی ناویان هێناوە و شەمێران دەڤەرە و بەناچەیەکی شاخاوی باسی دەکات،خوسرەوجاف،ل١٩١

* – تیرەی یەزدان بەخشی یەکێکن لەتیرە دیار و ناسراوەکانی هۆزی جاف،لەزۆربەی ڕووداوەکاندا دەوریان هەبووە،ئەم تیرەیە بەئازایەتی و لێهاتووی ناسراون،ڕەنگە بەشێك لەهۆی ئازایەتی ئەم تیرەیە بگەڕێتەوە بۆ جێگەکەیان،کەشوێنەکەیان و جێگەی تەواجودیان یەکێکە لەسەختترین و دژوارترین دەڤەری جاف و کوردەواری،وەنەبێت رۆحی مل نەدان و تەسلیم نەبوونی ئەم تیرەیە لەمڕۆ و دوێنێ بۆیان مابێتەوە بەڵکو دانیشتوانی ئەو دەڤەرە خو و خەسڵەتی ململانێیان لەسەردەمی ساسانیەکانەوە بۆماوەتەوە،خوسرەوجاف:ل١٩٠

بەنزیکەی(١٠٠٠*)هەزار خێزانێك خەملاندونی لەگەڵ بەشێك لەو دیهاتانەی تێیدا نیشتەجێن[٦١]، بەشی خاڵە ناو دەبرێن بە(یەزدان بەخشی*) و هەموو ئەم سێ کۆمەڵەیە نزیکەی (٧٠٠)ماڵێك ئەبن و سەرەتا گەڕوك بوون و ئێستا هەموویان نیشتەجێن و خەریك فەلاحەتن لەشەمێران کەموڵکی حەسەن بەگی عەلی بەگی مەحمودپاشایە،گەورەی هەموویان بریتین لە(محمدی سان ئەحمەد،ئەحمەدی حسەین، تۆفیقی فەرەج، ئەحمەدی سان ئەحمەد،مەحمودی حەمەی چراغە)[٦٢]،دەوترێت سەرەتا (خەسرەو بەگی یەزدان بەخشی)سەرۆکیان بووە و پاشان (محەمەدی سان ئەحمەد*) بووە بەسەرۆکیان[٦٣]، هەر دەربارەی

---

* – لای محەمەد ئەمین زەکی بە(٩٠٠) و لای فواد حەمەخۆرشید بە(٨٥٠)خێزان ژمارەیان هاتووە.

٦١ – ئەحمەد باوەڕ:کورتەیەك سەبارەت بەهۆزەکانی ناوچەی کەلار و دەوروبەری،گۆڤاری کۆچ:ژمارە(٥)بەهاری ٢٠٠٥، ،ل٥٤

* – مێجەر ئی.بی.سۆن دەڵێت: سەرۆکی یەزدان بەخشیەکان (حەمەی سان ئەحمەد)ە و ژمارەیان نزیکەی(٩٠٠) ماڵێك دەبن و خاوەنی (١٠٠)ئەسپ و (٤٠٠)پیادەن،(مێجەر ئی.بی.سۆن:چەندسەرنجێك دەربارەی هۆزکانی کوردستانی خواروو،و:نەجاتی عەبدولا،چاپخانەی شڤان،چاپی یەکەم،٢٠٠٧،ل٦٤

٦٢ – د. حەسەن جاف:تەئریخی جاف،چاپی یەکەم،١٩٩٥،ل١٣٩–١٤٠

* – خوسرەوجاف لەلاپەرە ١٩٢ی کتێبەکەیدا دەربارەی حەمەی سان ئەحمەد دەنوسێت:دوای مردنی باوکی(سان ئەحمەد) سەرۆکایەتی تیرەکەی دەگرێتە دەست و زۆر ناخایەنێت لێهاتووی خۆی لەڕووداوەکاندا دەردەخات و لەشەڕ و ململانێی (شێخ مەحمود و ئینگلیزدا)حەمەی سان ئەحمەد قارەمانێك بووە بۆخۆی،مەخابن ناو هەر بۆ چەند کەسێك ماوەتەوە و قارەمانە ڕاستەقینەکان بەئەنقەست فەرامۆش کراون،ئەگینا دەوری حەمەی سان ئەحمەد زۆر لەوانە

ناوی سەرۆکەکانی عەشیرەتی یەزدان بەخشی بەڕێز کاك حەمەسەعید دەڵێت:سەرۆکەکان بریتین لە(وەسمانی خاڵە*)،میرئەحمەد،(سان ئەحمەد*)،مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد،حەمەسەعیدی مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد)(٦٤)،ئەوەی شایەنی باسە تائێستاش بەڕێز کاك(حەمە سەعیدی مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد*) سەرۆك عەشیرەتی شەمێرانە.

---

گرنگتربووە کەلەچەند لاوە ناویان هاتووە،ئەم قارەمانە یەکێك لەفڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی ئینگلیزی خستەوەتە خوارەوە،هەتاوەکو شایەر و شاعیران لەو ڕووەوە شیعریان پێدا وتووە:

حەمەی سان ئەحمەد سمێڵ چەخماخی
تەیارە شکێن لەحکومەت یاخی

٦٣ –صاڵح هاروونی:هاروونی لەمێژوودا،ل١٤٦

* –سەبارەت بەوەسمانی خاڵە خوسرەوجاف دەنوسێت:وەسمانی خاڵە سەرخێڵی یەزدان بەخشی بووە و لەسەردەمی حەمەپاشای جافدا ژیاوە و لەناو تیرەکەی خۆیدا خۆشەویست بووەو لەناو تیرەکانی دیکەی جافدا بەڕێزەوە ناوبراوە.خوسرەوجاف،ل١٩٢

* – سان ئەحمەد:یەکێکی دیکەی ناودارانی تیرەی یەزدان بەخشیە لەقۆناغی خۆیدا لەزۆر بواردا پرسی پێکراوە.خوسرەوجاف،ل١٩٣

٦٤ –سەلاح سالار:سەرچاوەی پێشوو.

* – حەمەسەعیدی مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد لەڕێکەوتی ١٩٤٥/٧/١ لەگوندی کانی کەوەی ناوچەی شەمێران لەدایك بووە،لەتەمەنی منداڵیەوە نێردراوەتە بەرخوێندنی ئاینی(حوجرە)،دواتر لەتەمەنی بیست ساڵیدا پەیوەندی کردوە بەشۆڕشی ئەیلولەوە بەمەش ناوبراو لەساڵی ١٩٦٥ وە پەیوەندی کردەوە بەشۆڕشی کوردەوە تاساڵی ١٩٧٤ وەك پێشمەرگە لەڕێزی پێشمەرگەی کوردستاندا خەباتی کردووەو هەروەها بەشداری داستانی (سەرتیس)کردووە و لەو ماوەیەشدا پلەی پێشمەرگایەتی بەڕێزیان(سەرلق)بووە،لەساڵی ١٩٩١دەبێتە (ئامرهێزی شەمێران)لەڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.



*بەڕێز(حەمەسەعید مەحمود حەمەی سان ئەحمەد)*

*سەرۆکی عەشیرەتی شەمێران*

*بەشـێوەیەکی گـشتی تـیرە و خێڵـەکانی یـەزدان بەخـشی بـریتین لەمانـەی خوارەوە:*

**یەکەم:** خێڵی خاڵە:ئەم خێڵـە نزیکـەی (٦٠)ماڵێـك ئـەبێت و لـەم گوندانـەدا نیشتەجێن،(کانی کەوە ، وڵوەر) سەرۆکی ئەمانە ( حەمەسـەعیدی مـەحمودی حەمەی سان ئەحمەد)ە لەهەمان کاتیشدا بەسەرۆکی هـەموو یـەزدان بەخشی

---

دواتر لەڕێکەوتی ١٩٩٢/١٢/٢لەکۆبونەوەیەکی بەرفراوان بەئامادەبونی ڕیش سپی و پیاوماقوڵانی گونـدەکانی شـەمێران هەڵبـژێردرا بـە(سـەرۆك عەشـیرەتی شـەمێران)کۆبونەوەکـەش لـەماڵی بەڕێز(عومەری حاجی عەلی)بوو،بەمەش ناوبراو لـەدوای مردنـی(مـەحمودی) بـاوکی بـوو بەسـەرۆك عەشیرەت و تائیستاش بەڕێزیان سەرۆکی عەشیرەتی شـەمێرانە،کاك حەمەسـەعید وەك کەسـێکی کۆمەڵایـەتی بەشـداری لـەدەیان کـاری ئاشـتەوای کـردووە چ لـەناو شـەمێران و چ لـەدەرەوەی عەشـیرەتی شـەمێران واتـە پێگەیـەکی کۆمەڵایـەتی بـەهێزی هەیە،ئـەم کەسـەایەتیە یەکێکـە لەدامەزرێنەرانی (سندوقی کۆمەکی عەشیرەتی شەمێران)و ئەم کـارەش گرنگی بایـەخی تایبـەتی خۆی هەیە بۆ عەشیرەتی شـەمێران.نـاوبراو ژیـانی هاوسـەری پێکهێنـاوە و خـاوەنی چـوار کـوڕو چوارکچە.ئەم زانیاریە لەبەڕێز(شەمێران حەمەسەعید)وەرگیراوە.

دادەنرێت،بەڵام سەرۆکایەتی یەزدان بەخشی لەپێشدا بەدەست ( سلێمان بەگ و مەحمود بەگی گەورە) بووە.

***دووەم:*** خێڵی بەگە: ئەم خێڵە نزیکەی (٧٠) ماڵێك دەبن و نێشتەجێی ئەم گوندانەن:(شەمێران(بەشی ئەحمەدبەگ)،کێوەرێ،وەرمن) نزیکەی(٢٠) ماڵێکیشیان لەبەشی(پیرگ و عارەبان) نیشتەجێن، جێ ڕاوێژ و ڕیش سپیان (ئەسعەدی مەحمودی ئەورەحمانی یونس بەگ)ە

***سێیەم:*** خێڵی( مەحمود بەگی گەورە)ئەم خێڵەش نزیکەی (٢٠) ماڵێك دەبن و لە گوندی (دڵف) نیشتەجێن، ڕیش سپیان (محەمەدی حەمەسەعیدی مەحمود بەگ)ە

***چوارەم:*** خێڵی ( ووسێ خان–وسەین خان– حسەین خان) ئەم خێڵەش نزیکەی (٥٠) ماڵێك دەبن و لەم گوندانەدا نیشتەجێن (زمناکۆ، ولوەر، کانی کەوە،لاوران) ڕیش سپیان ( حاجی مەلا عەبدولا و شاوەیسی مەحمودی وسێ خانە) لەناو تیرەی یەزدان بەخشیدا ئەم چوار بنەماڵەیە بەڕەگەزپوخت دادەنرێن و لەنەوەی یەزدان بەخشی کوڕی سەی سالاری (پیر خدرن*)،بەلام چەند بنەماڵەیەکی تریش هەیە کە هەر بەیەزدان بەخشی لەقەڵەم دەدرێن و بەوناوە ناسراون و دەناسرێن وەك:

---

* – پیرخدری شاهۆ کوڕی سەید محەمەد زاهیدە کەلەنەوەی (ئیمام حسەینی کوڕی ئیمام عەلی)ە مێژووی ژیانی لەکوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی ١٢٠٤–١٢٤٤ی زاینی.تەنانەت مەلامحەمەدی قازی جوانڕۆ لەنامەیەکیدا بۆ غەفاربەگ وەکیلی جوانڕۆ شەجەرەی یەزدانبەخشیەکانی بردوەتەوە سەرپیرخدری شاهۆ،ئەیوب رۆستەم:چەردەیەك،ل٣٦

١- مامەشـــەیی: دانیـشتوانی ئـەم گونـدەش نزیکـەی (٢٠)ماڵێـك دەبـن و لەگونـدی (مامەشـــەی هاجـك) نیـشتە جـێن و ڕیـش سـپیان (قـادری هاجـك)ە،هـەروەها نوسـەر عبـاس العـزاوی لەکتێبەکەیـدا نوسـیویەتی: سەرۆکی ئەم گوندە (عەبدالکریم محمد یـاریس)ە و ژمـارەی دانیـشتوانی گوندەکەش نزیکەی (٦٠٠*)ماڵیك دەبێت[٦٥].

٢- خـودای و مـچە کـۆڵی و هـەلانی: ئەمانـەش لەگونـدی (تولـەبی) و چـەند گوندێکی تـر نیـشتەجێن، ڕیـش سـپیان (مـەلا غـەریبی حەمـەی ئێلـی و وەیس و حاجی جەلیلە)

٣- هەواســی: ئەمانــەش نزیکــەی (٢٠)ماڵێـك ئـەبن و نیـشتەجێی گونـدی (وڵــوەر)ن ،ئەمانــە لەگونــدی (کوێرەکــەوە)هــاتوون ،ڕیـش ســپیان ( عەبدولای عەبدولقادری هەواس)ە

٤- بنەماڵــەی شــێخ عەبــدولا: کەنزیکــەی(٢٠) ماڵێــك دەبــن و لەڕەگــەزدا تاوگۆزین

**پێنجەم:** کۆکۆیی: دانیشتوانی ئـەم گونـدەش نزیکـەی(٦٠) ماڵێـك دەبـن و نیشتەجێی گوندی (کۆکۆیی)ن و ڕیش سپیان (حاجی محەمەدی ڕۆستەمە)

---

* ئـەوەی ڕاسـتی بێـت هەنـدێك نوسـەر لـەژمارەی ماڵـەکانی گونـدەکان کەوتونەتـە زیـادەڕەوی کردن،چونکە جێگەی بڕوا نیە هەریەك لەو گوندانە ئەو ژمارە ماڵەی تێدا نیشتەجێ بوبێ کەئـەوان باسی دەکەن،ئەکرێت لەوە کەمتریان تێدا بوبێ نەك بەو هێندەی ئەوان دەیلێن(نوسەر)-

٦٥ - عباس العزاوی المحامی:مصدر سابق،ل٧٥

***شەشەم:*** خێڵی قالەلالۆ: ئەمانەش نزیکەی (١٥) ماڵێك دەبن و لە گوندی (دەنگەوەرە) نیشتەجێن،[٦٦]

ئەو گوندانەی کەنشینگەی تیرەی یەزدان بەخشین لە دوو ناوچەدان:

١- ناوچەی شەمێران : کەبریتین لەم گوندانە: (زمناکۆ ، ولۆەر ،کانی کەوە ،دەنگەوەرە ،کۆکۆیی،وەرمن ،دڵف ،بەشی ئەحمەد بەگ ،تولەبی ،بەشی هاجە ، چەمەڕەش ،دۆڵی ناوحەد).

٢- ناوچەی شەك مەیدان : بریتین لەم گوندانە:(بەشی پیرگ ،مامەشەیی ، عارەبان) هەموو ئەم بنەماڵانەی سەر بەیەزدان بەخشین کارو پیشەیان بریتیە لە(کشتوکاڵ و ئاژەڵداری) ئەمانەش هەموویان سەر بەقەزای دەربەندیخان و پارێزگای سلێمانی)ن[٦٧]، هەروەها بەکرحەمەسدیق عارف لەلاپەڕە(٢٣) کتێبەکەی لەبرگەی چوارەم لەباسی ناحیەو لادێ و هاوینە هەوارەکانی شاری هەڵەبجەدا دەڵێت: لەسەرەتای بە (قەزابوونی هەڵەبجە*) تاساڵی١٩٥٨ئەم ناحیەو گوندانە سەر بەقەزای هەڵەبجەن لەوانە لادێکانی ناوچەی شەمێران وەك:(بەشی پیرگ(سەروو و خواروو)،بەشی ئەحمەد بەگ،تۆڵەبی،کانی کەوە،شەمێران،دەنگەوەرە،زمناکۆ)[٦٨]، هەردەربارەی بنەماڵەکانی

---

[٦٦] – مەحمود عزیز حەسەن:سەرچاوەی پێشوو،ل١١٥-١١٦

[٦٧] – مەحمود عەزیز حەسەن: سەرچاوەی پێشوو،ل ١١٦

*–شاری هەڵەبجە بۆیەکەم جارلەساڵی ١٨٨٩دا کرا بەقەزا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی.

[٦٨] – بەکر حەمەسدیق عارف: لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە(١٧٠٠-١٩٥٨ن)چاپی یەکەم،١٩٩٧،ل٢٣

شـــــەمێران ئـــــەیوب ڕۆســـــتەم دەڵێـــــت: یــــەزدان بەخــــشی بــــەواتای(شــــەمێرانی)دەبــــن بەچــــەند تــــیرە و بنەماڵەیەكــــەوە لەوانــــە بنەماڵــــەكانی(نــــادری بارام،هەواســــی،بارامی حەمــــەی شــــاوەیس،یونس بەگی،ســــــــــــان ئەحمەد،شــــــــــــێخەكان،حەمەمینی عەزیز،وەسمان،هەلانی،مــــــــــــــــــچەكۆلێ،خواداد،محمودی هەواس،میران،چراخ،هاجك،عەبدولای ڕەسولْ،مستەفای مەحمودبەگ)ئەم هـۆزە لەباشـوری كوردسـتان دەژیـن(٦٩)،ئـەوەی شـایەنی باسـە ئەوەیـە ئـەمڕۆ تیرەیـەك لـەتیرەكانی (ئێلـی جـافی مـورادی)كـەپێیان دەوترێـت (یەزدان بەخشی ) هەڵگری نازناوی شەمێرانیەكانن،كەئەم تیرەیە دابەش بوون بەسەر زۆربەی ناوچەكانی شەمێران(٧٠).

بەشێوەیەكی گشتی ئەمانە نـاوی هەنـدێك لـەتیرەكانی عەشـیرەتی شـەمێرانن وەك لەسەرچــاوەكاندا هــاتووە و ئاماژەیــان پێكــراوە.بــەلام ئەمــەی كەلەسەرچاوەكاندا هاتەوە تەواوی خێڵ وهۆزوتیرەكانی عەشـیرەتی شـەمێران نیە چونكە چەند تیرەیەكی دیكە نـاوی نـەهاتوە و هەرگونـدە بۆخـۆی خێـڵ و هۆزی دیكەی شەمێرانی تێدایە وەك(ئەڵماس،حەمەوەیس) بەلام سەرچـاوەكان بەشــێوەیەكی گــشتی باســیان نــەكردوون و ناویــان نەكەوتوەتــە نێــو سەرچاوەكان.

---

٦٩ – ئـەیوب ڕۆسـتەم:هەگبـەو هەوارگـە،ل١١٠.ئـەیوب ڕۆسـتەم:گۆڤـاری هـەورامان،ژ(١٦)–٢٠٠٩،ل٣٦–٣٧

٧٠ – كۆچەر كەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٩

# ڕۆڵی شەمێرانیەکان لەشۆڕشەکەی شێخ مەحمودی نەمر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئینگلیزەکان

دوابەدوای تێکشکانی دەسەلآتی عوسمانیەکان لەجەنگی یەکەمی جیهانی،هێدی هێدی بەریتانیەکان دەسەلآتی خۆیان لەناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕووخاو دەسەپاند،هەر لەو بۆشاییە سیاسیەداو لەناوچەکانی سلێمانی دەسەلآتی شێخ مەحمود ڕووی لەزیادبوون کرد و هەیمەنەی خۆی پەیداکرد،بەلأم ئینگلیزەکان چاویان لەسەر ئەم دەسەلآتەی شێخ بوو،هەرجارەو بەبیانویەك دەسەلآت و سنوری دەسەلآتیان کەم دەکردەوە،هەندێك جاریش بۆئەوەی ڕووبەڕووی کێشەی بکەنەوە دەسەلآتیان فراوان دەکرد.تەنانەت کە(مێجەرسۆن*) لەگەڵ دەستبەکاربونیدا لەسلێمانی دەیویست دەسەلآت و نفوزی شێخ مەحمود کەم بکاتەوە و سنوری فەرمانڕەوایەتیەکەی کەم بکاتەوە،دیارە ئەمەش بۆ لاوازکردن و کەمکردنەوەی دەسەلآتی شێخ مەحمود بوو،ئەوەش بەمانای ڕێگاگرتنە لەیەکێتی کوردان و یەکنەگرتنەوەی[٧١].

ئەوەبوو ئینگلیزەکان دەسەلآتی شێخ مەحمودیان فراوان کرد بۆ دەرەوەی سنوری سلێمانی،کەئەمەش بوو بەهۆی سەرهەڵدانی تەنگ و چەڵەمەو شێخ

* – مێجەرسۆن:لەڕێکەوتی ١٨٨١/٨/١٦لەبەریتانیا لەدایك بووە،ئەم کەسایەتیە لەساڵی ١٩١٩بۆ ١٩٢١ حاکمی سیاسی سلێمانی بووە،دواجار لەڕێکەوتی ١٩٢٣/٢/٢٤کۆچی دوای دەکات.

[٧١] – عادل صدیق:هەڵەبجە١٨٨٩–١٩٣٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیە،چاپخانەی تیشك،چاپی یەکەم،٢٠٠٨،ل١٠٠

مەحمودی تووشی گێروگرفتی ڕووبەڕووبوونەوە کرد لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانی تری کورددا،دژایەتی کردنی هەندێك لەو سەرۆك خێڵانە بۆ دەسەڵاتداریەتیەکەی شێخ زۆر توندو تیژ بوو کەیەکێك لەو حاڵەتانە دژایەتی جافەکانی هەڵەبجە بوو[٧٢]،دەبێت بۆ مێژوو ئەوە بڵێین هەموو جافەکانی هەڵەبجەو دەوروو بەری دژی شێخ مەحمود نەبوون و تەنها لەناو هەڵەبجەدا خانمی وەسمان پاشا(عادیلەخان*)و دوو کوڕەکەی(عیزەت بەگ و ئەحمەدبەگ) دژی بوون ئەمەش بەفیتی ئینگلیزەکان بوو،ئەمە بۆناوچەکانی دەوروبەری شار پێچەوانەبوو هەمیشە جافەکان جێی هیوای شێخ مەحمود بوون بەتایبەت خەڵکی هەڵەبجە.هەربۆیە شێخ مەحمودی حەفید لەگەڵ دەست پێکردنی بزافی ڕزگاریخوای کورددا چاوی ئومێدی لەخەڵکی ناوچەی هەڵەبجەبوو،کەئەو هەموو هێزو دەسەڵاتانە بۆ خزمەت شۆڕشە ڕەواکەی بکەوێتەگەڕ،لەبەر ئەوە دەکەوێتە ناردنی وەفد و پەیامنێرەتایبەتیەکانی دەنێرێتە خورماڵ و سورێنی شارەزوور و دانیشتنی نهێنی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەت و پیاوماقوڵانی شارەزووردا دەکات و چەندەها کەس بەیعەتی جیهادی دەدەنێ.

---

[٧٢] – نادر ئینتسار:ئێتنۆنەتەوایەتی کورد،و:عەتاقەرەداغی،چاپخانەی تیشك،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٤،ل١١٣

* – عادیلەخان:کچی عەبدولقادربەگی کوڕی حەمید بەگی کوڕی مەحمودبەگی کوڕی ئەحمەد بەگی ساحێبقڕانە،لەساڵی ١٨٥٩ لەشاری سنەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پایتەختی میرنشنی ئەردەڵانیەکان لەدایك بووە،لەوێشەوە هاتووە بۆ شاری هەڵەبجە پاش ئەوەی کەشووی بە وەسمان پاشای کوڕی محمد پاشای جاف کرد،عادل صدیق عەلی:عادیلەخانم،بلاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی،چاپی یەکەم،٢٠١٠،ل١٦

خــــەڵكی عەشـــــایەر و جــــەماوەری هەڵەبجــــە بـــــەدڵ لەگــــەڵ شـــێخ و شۆڕشەکەیدابوون،بەلاَم لەترسی خانم کەس نەیدەوێرا ئـەوە بدرکێنیٚ،چـونکە خانم چاوساغی خۆی لەهـەموو جێگەیـەك بلآوکردبویـەوە و لەلایـەکی تـرەوە کاغـەزو نوسـراوی بـۆ هـەموو سـەرۆك هـۆزو عەشـیرەتەکانی شـارەزوور نـارد کەپشتیوانی لەشێخ مـەحمود نەکەن،بۆیـە لـەناو هەڵەبجـەدا کـەس نەیـدەوێرا نەیاری ئاشکرای سیاسەتەکانی(خانم)بێت جگە لە سێ کەسـایەتی کـە(حـامی بـەگ و سـەیدقادر و بـاوەموفتی)بوون،لەپاشـاندا گـیران و بـەرەو سـەربازگەی ئینگلیز لەنزیك گوندی باوەکۆچەکی هەڵەبجە ڕاپـێچ کـران[٧٣]،بـەلاَم لـەدەور و بەری شاردا خەڵکانێك هـەبوون بەئاشـکرا نـەیاری پەیوەندیـەکانی خـانم بـوون لەگــەڵ ئینگلیزەکاندا،لەوانــەش (شــێخ ڕەشــید وشــێخ کــەریمی عەبابــەیلیٚ وحەمــەی ســان ئەحمــەدی شــەمێران)بوو،ئــەوکات هەریەکــە لەمانــە خــاوەن دەسەلآتێکی گەورە و پیاوێکی زۆریان لەدەوروپشت بوو لەگەڵ دەسـتپێکردنی شۆڕشەکەی شێخ مەحمووددا ئـەمانیش جاڕی پـشتیوانی خۆیانـدا بۆشـێخ داو هەڵوێستیان وەرگرت[٧٤].

تەنانەت کاتیٚ سوپاکەی شێخ لەشەڕە خوێناویەکەی دەربەندی بازیان شکست دێنیٚ ئیتر لەبەردەم ئینگلیزدا هـیچ بەربەسـتێك نـامێنیٚ ڕیٚ لـەهاتنیان بگرێـت بەرەو حەوزی شارەزوور،پاشان سوپای ئینگلیز بەیارمەتی هەنـدێك لەسـەرانی جاف و عادیلەخان هاتنە هەڵەبجە و سەربازگەیان تێدا هەڵدا،نامـەوبلآوکراوەی

---

٧٣ – بـــەکر حەمەســـدیق عـــارف:لاپەڕەیـــەك لەمێـــژووی هەڵەبجـــە(١٧٠٠–١٩٥٨)چـــاپی یەکەم،١٩٩٧،ل٦٤–٦٥

٧٤ – عادل صدیق عەلی:هەڵەبجە،سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٧–١٠٨

خۆیان نارد بەهەرچوارلای شاردا بۆ سەرۆك عەشیرەتەكان تاخۆیان تەسلیم بكەن و چەك دانێن یان بەر زەبری سوپای ئینگلیزدەكەون،ئەوەبوو لەگوندی كانی كەوەی سەر بەناوچەی شەمێران حەمەی سان ئەحمەد لایەنگری شێخ بوو هەڕەشەی تۆڵەی لەسوپای ئینگلیز دەكرد[٧٥]،ئەمانیش خاوەن هێزبوون،تەنانەت كاتێك لەساڵی ١٩١٩شۆڕش بەرپا دەبێت ناوچەی هەڵەبجەو شەمێران پەلاماری هێزەكانی حكومەت ئەدەن و لەناو هەڵەبجە دەریان دەكەن[٧٦]،تەنانەت هەندێك لەسەرچاوەكان باس لەوە دەكەن ساڵی ١٩٢٠ هێزی تیرەی شەمێرانی پێكهاتبوو لە(١٥٠)سوار و (٤٠٠)تفەنگچی پیادە[٧٧]،ئەمەش بۆ ئەو ڕۆژگارە شتێكی كەم نەبوو،ئەوەبوو شەمێرانیەكان بەڕابەرایەتی حەمەی سان ئەحمەد هەمیشە هاوكاری شێخ بوون،تەنانەت دوای گیران و دورخستنەوەی شێخ ئەمانە لەو هاوكارییەی خۆیان پەشیمان نەبوون و دوای هاتنەوەی شێخ هەر هاوكاری شۆڕشەكەی شێخ مەحمود بوون،ئیدی پاش ئەوەی ئینگلیزەكان دڵنیابوون لە دەست بەسەراگرتنی تەواوی عێراق و ڕووخاندنی ئیمپراتۆری عوسمانی تورك نەژاد و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر و كاركردن بەپەیمانی لۆزان كەبەرژەوەندی تەواوی ئینگلیزی تێدا جێگیر كرابوو،ئینگلیزەكان لەپەیمان و بەڵێنەكانی خۆیان بەرامبەر بەداخوازی گەلی كورد بەسەرۆكایەتی شێخ مەحمود لەباشوری

---

٧٥ – بەكرحەمەسدیق عارف:سەرچاوەی پێشوو،ل٦٦–٦٧

٧٦ – سەرحەد خەلیفەیونس:دەوری جاف و خەلیفە یونس لەشۆڕشی شێخ مەحمودا،گۆڤاری كۆچ،ژمارە(٦)حوزەیرانی ٢٠٠٧،ل٢٩٨

٧٧ – ئەیوب ڕۆستەم: هەگبەو هەوارگە،ل١١٠

کوردستان پەشیمان بوونەوە،لەژێریشەوە بەدەم خۆیان بەدۆست و ڕزگارکەری مرۆڤایەتی پیشان دەداو گەلی کوردیان هەڵدەخەڵەتاند و ناکۆکی دووبەرەکیان دەخستە نێو هۆزەکانی کوردەوە و دژی شێخ مەحمودو بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردبوون لەباشوری کوردستان،

پاش ئەوەی بەفڕۆکە ئینگلیزەکان بەیاننامەیان بەسەر شاری سلێمانیدا فڕێدایە خوارەوە تێیدا هاتبوو،کە شێخ مەحمود شاری سلێمانی چۆڵ بکات،ئەوەبوو شێخ لەبەر ئەوەی خەڵکی شار تووشی زیان نەبن ڕۆژی ١٩٢٣/٣/٣شاری سلێمانی بەناچاری چۆڵکرد و لەناوچەی سورداش گیرسایەوە،پاشان بەڕێکەوتنێ لەگەڵ حکومەتی عێراق و مەندوبی سامی بەریتانی لەعێراق و حکومەتی شاهەنشاهی ئێران لەگوندی(پیران)ی ناوچەی مەریوان دانیشت[٧٨].

کاتێکیش لەساڵی ١٩٢٤شێخ دەستی کردەوە بەدژایەتی ئینگلیز لەناوچەکانی هەڵەبجەو پێنجوێن،هێزێکی نارد بۆ ئەوەی هەڵەبجە بگرێت،بەلاَم لەوەداشکستی هێناو ڕووی کردە سەرسنوری ئێران[٧٩]، هەرلەهەمان ساڵیشدا حەمەی سان ئەحمەد لەناوچەی شەمێران پەلاماری هێزەکانی حکومەتی داو تا خانەقین و هەڵەبجەی بەئینگلیز چۆڵکرد[٨٠]،

---

[٧٨] – سەلاح هەلاج: چەردەیەك لەمێژووی دەڤەری گەرمیان،چاپخانەی گەنج،چاپی یەکەم،٢٠١١،ل١٩٤–١٩٥

[٧٩] – محەمەد ڕەسوڵ هاوار:شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتی خوارووی کوردستان،بەرگی دووەم،بلاك ڕۆژ–لەندەن،١٩٩١، ل٥٦٦

[٨٠] – ئەحمەد خواجە:چیم دیی،بەرگی یەکەم،چاپخانەی شەفیق،بەغداد،١٩٦٨،ل٨٢

دوای ئـــەوەی شـــێخ مـــەحمود کۆتـــایی بەشـــۆڕش هێنـــا و لەگونـــدی پیرانـــی سەرسنوور دانیشت،ئیدی بەشی باشوری کوردستان بۆ چەند سـالێك شۆڕشـی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدی و شێخ مەحمودیش ئەودەمانەی کەهێشتا لە گونـدی پـیران بـوو بـەووردی چـاودێری گۆڕانکارییـەکانی دەکـرد(٨١)،ئەوکاتـەی شـێخ لەگوندی پیران بوو ئەو کارەساتەی بـەردەرکی سـەرای سـلێمانی ناڕەزاییـەکی گـەورەی لـەنێو جـەماوەری کوردسـتاندانایەوە،خەڵی ڕۆشـنبیرو نیـشتیمان پەروەران لەهەموولایەکەوە پەیوەندیان دەکـرد بەشـێخ مەحمودەوە،تەنانـەت زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی کوردستان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بـەگیان و مـاڵ هاوکاری شـێخ مـەحمودبن و ڕۆژانـە چـەندین بروسـکەی پـشتگیری دەگەشـتە مەقامی شێخ مەحمود(٨٢)،

لەئەنجامی ئەوەشدا شێخ گوێی بەو هەڕەشـانە نەئـەدا کەلەلایـەن بـەریتانیا و عێراقەوە ڕووبەڕووی دەکرانەوە،دووبارە سنوری بەزاند و گوندی پیرانی بەرەو شاربازێڕ بـەجێ هێـشت و کەوتـە خۆپیـشاندانی چـەکداری و چـالاکی سیاسـی دەستی پێکردەوە(٨٣)،ئەوەبوو لەڕێکـەوتی ١٩٣١/٤/٥ شـێخ مـەحمود دەگاتـە (گوندی ئاوباریك*) و هێزەکانی دابەشکرد بۆسێ بەشـەوە خـۆی سـەرۆکایەتی

٨١ – ئەحمـــەد محەمـــەدباوەڕ:دۆزی کـــورد لەپەیوەندییـــەکانی عێـــراق–ئێرانـــدا(١٩٣٧–١٩٤٧)،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی،سلێمانی ٢٠١٠،ل٥٨

٨٢ – سەلاح هەلاج:سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٨

٨٣ – ئەحمەد محەمەد باوەڕ:دۆزی کورد،سەرچاوەی پێشوو،ل٥٩

* – ئـەم گونـدە دەکەوێتـە بـاکوری ڕۆژهـەلاتی دووزخورمـاتوو وە بەبیـست میـل لەسـنوری گەرمیان،ئەحمەدباوەڕ:دۆزی کورد،ل٦٢

هێزی دووەم دەکات[٨٤]،پاش شەڕێکی قارەمانانە و بەرگریەکی باش بەهۆی نابەرامبەری هێزەوە شێخ و هێزەکەی دووچاری شکست دێن.هەر لەدوای (شەڕی ئاوباریك*)ەوە شێخ بۆجارێکی دیکە لە٢١ی نیساندا پەنای بردەوە بەرئێران و شەوی بیست و دوو لەسەر بیست وسێ ڕۆشتەوە پیران و بەلاّم بەهۆی فشاری دەسەلاّتدارانی ئێران و عێراق وبەریتانی شێخ لەپێنجوێن خۆی دابەدەستەوە و سەرەتا گواستیانەوە بۆ بەغداد و ناچاریان کرد پەیماننامەیەك مۆربکات و تێیدا ڕای بگەیەنێت کەدەستی لەکاری سیاسی هەلگرتووە و پاشان دوور خرایەوە بۆ سەماوە و تاکاتی بەرپا بوونی بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١،بەسەر یەکەوە دەسالّی تەواوی لەشارەکانی(سەماوە،ناسریە،عانە،بەغداد)بەسەربرد [٨٥]،دواجار لەکاتی بەرپابوونی شۆڕشی ڕەشید عالی گەیلانی لەمایسی ١٩٤١لەبەغدادەوە هەلّهات و هاتەوە بەرەو سلێمانی لەبیستی ئەو مانگەدا گەشتەوە سلێمانی و پاش ئەو دابڕانە دووروو درێژە دووبارە دەستی کرد بەوەی کەپیاوان و کەسانی دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە بۆ هێرش کردنە سەر شاری سلێمانی ئەمەلەکاتێکدابوو حکومەتەکەی ڕەشید عالی لەکۆتای ڕۆژانی دەسەلاّتەکەیدابوو،ئیدی شێخ واز لەو فیکرەیە دێنێت،هەربەم شێوەیە شێخ

---

٨٤ – سەلاح هەلاج:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠٧–٢٠٨

* – ئەم شەڕە لەگوندی ئاوباریك لەڕێکەوتی ١٩٣١/٤/٥ڕوویدا ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژی خایاند،هەرچەندە عەشائیرە کوردەکان بەسەرۆکایەتی شێخ شکستیان هێنا بەلاّم کوردەکان توانیان بەوپەری توانایانەوە لەشەڕێکی نابەرامبەردا ڕۆلێکی باش بگێڕن و مێژوو بۆخۆیا تۆمار بکەن.

٨٥ –ئەحمەد محەمەدباوەڕ:دۆزی کورد،ل٦٣–٦٤

مـەحمود لەکوردسـتان ئەمێنێتـەوە و لەناوچـەی بازیـان و گونـدی داری کـەلی نیشتە جـێ ئـەبێت و تاسـاڵی ١٩٥٦بەنەخۆشـی لەشـاری بەغـداد کۆچـی دوای دەکات[٨٦]،

لێـرەوە بابێینـەوە سـەر ڕۆڵـی شـەمێرانیەکان و هەڵدانـەوەی لاپـەڕەیـەك لـەو مێـژووەیان(***لـەو سـەردەمەدا شـەمێرانیەکان بەڕابەرایـەتی (حەمـەی سـان ئەحمەد) ئەکەونە پشتوانی شێخ مەحمود،ئەوە بوو حەمـەی سان ئەحمـەد دوای شەڕی (ئاو باریك) بەڵێن وپەیمان ئـەدا بەشـێخ مـەحمود کـە بەوپـەڕی دڵسۆزییەوە هاوکاری بکات و هەرچی شێخ پێی خۆشە ئەوەبکات، ئەوکاتـە شـێخ مـەحمود لەگونـدی (داری کـەلی) ناوچـەی بازیـان بـوو****)،چـونکە ئینگلیزەکان سلێمانیان پـێ چـۆڵکردبوو،ئالەوکاتەدا خـەڵك لەهـەموو لایەکـەوە بەتایبـەت ئەوانـەی هـەوادار و دڵسۆز بـوون ئەچـوونە خزمـەت شـێخ،تەنانەت زۆربەشیان بەشێوەی نامە پەیوەندیان پێوە دەکرد، لەو سەروبەندەدا حەمەی

---

٨٦ – ئەحمـەدباوەڕ:شـەڕی ئاوباریـك و سـتراتیجیەتی بـەریتانیای گـەورە لەکوردسـتان،گۆڤاری کاروان:ژمارە(١٢)خولی ڕاپەڕین،ساڵی ١٩٩٤،ل١٧

* پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوون بکەمەوە ئەم دەقە لەسەرچاوەکەدا لای من کەمێك ڕوون نیە چـونکە نوسـەر لـەم دەقـەدا ئامـاژەی بەسـاڵ نـەکردوە کـە بزانرێـت مەبەسـتی ئـەم دەقـە لەپەیوەنـدی شەمێرانیەکان و شێخ دوای ساڵی ١٩١٩یە یان دوای ساڵی ١٩٣١،چونکە بەپێی دەقەکانی دواتـر و ڕووداوەکانی ئـەو سـەردەم ئـەم مەبەسـتەکانیان دەکەونـە سـاڵی ١٩١٩ و سـاڵی ١٩٢٢ و سـاڵانی دواترئەمەش ئەکرێت بەهۆی هەڵەی ساڵەکەوە بوبێـت یانـە هەڵـەی ڕووداوەکە،وەلەهـەمان کاتـدا سەرچاوەیەکی ئەوتۆش نیە یارمەتی شەمێرانیەکانی بۆ شـێخ مـەحمود بـەجوانی تۆمارکردبێـت و ئەوەی هەیە بەشێوەی دەماودەمی هەیە،بەڵام گرنگ ئەوەیـە شـەمێرانیەکان وەك هـۆزێکی جـاف بەسەرکردایەتی حەمەی سان ئەحمەد هاوکاری شێخ بوون و ئینکاری لەوە ناکرێت(نوسەر).

سان ئەحمەد ڕایگەیاند کەئەیەوێ نامەیەك بۆ شێخ بنوسێ و بەڵێنی هاوکاری پێبدات،ئەوەبوو نامەکەی بۆنارد و پاشماوەیەك شێخ داوای لێکرد کە خودی حەمەی سان ئەحمەد بچێت بۆلای ئەمیش بۆی نەکرا سەردانی بکات(٨٧) بەلاَم لەسەر فەرمان و داوای شێخ،محەمەدی سان ئەحمەد، کوڕەکەی ((مەحمودی کوڕی*)) و کەسایەتیەکی تری بەناوی(مەحمودی ئەحمەدی وەسمان٨٨)ی نارده داری کەلی و بۆ(ماوەی ساڵێك*) لەوێدا لەخزمەتی شێخدا

---

٨٧ – حەکیم مەلاساڵح،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٤

*– مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد لەڕێکەوتی ١٩٧٤/٣/٢٠کۆچی دوای کردووە.لەربارەی ئەم کەسایەتیەوە بەڕێز خوسرەوجاف لەکتێبەکەیدا لاپەرە١٩٢ بەم شێوەیە باسی دەکات و دەنوسێت:من ئەو پیاوەم چەندین جار دیوە زۆرتر لەدیوەخانی داودبەگی جافدا لەشاری کرماشان،پیاوێکی زانا و لێزان و بەئەزموون و دنیادیدە و بەویقار و قسەحەق و قسەخۆش بووە،بڕێك قسەی بەلای (داود بەگی جاف)ەوە دەکرد کەسی دیکە نەیدەکرد و داودبەگیش ڕێزی لەبۆچوونەکانی دەگرت.

٨٨ – مەحمودی ئەحمەدی وەسمان:ناسراوە بەحاجی مەحمود و لەساڵی ١٩١٢لەگوندی کانی کەوەی شەمێران لەدایك بووە،لەژیانیدا کاسپ بوەو ژیانی دارایی باش بووە،ساڵی ١٩٥٢ ڕۆشتوە بۆ سەفەری حەج،لەساڵی ١٩٥٤ڕۆشتوە بۆ شاری هەڵەبجە و لەوێدا بەئیش و کاری دوکانداری خەریك بووە،لەکاتی هێرشی زەعیم سدیق بۆ سەر هەڵەبجە لەساڵی ١٩٦٣ دا بەماڵەوە چونەتە ئێران و دوای دوو ساڵ گەڕایەوە بۆ هەڵەبجە و دوای ساڵێك دانیشتن لەو شارە ماڵیان باریکرد بۆ شەمێران و دواتر لەساڵی ١٩٦٦ماڵیان ڕۆشتە دەربەندیخان و خانوەکانی هەڵەبجەیان بەدەستی ڕژێم رووخا،نابراو لەساڵی ١٩٨٠بەماڵەوە گەڕایەوە هەڵەبجە و هەر لەوساڵەدا کۆچی دوای کرد و لەگۆڕستانی گوڵانی خوارو بەخاك سپێردرا.ئەم زانیاریە لەبەڕێز(مامۆستا حەسەن شەمێرانی وەرگیرا)

* – لەهەندێك سەرچاوەدا ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەم دوو کەسایەتیە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەخزمەت شێخدا بوون و لەفەرمانی دەرنەچوون

مانـەوە، لـەماوەی ئـەو سـاڵەدا ئـەم دوو کەسـایەتیە چـەندجارێك(نامـەیان* ) لەنێوان شێخ مەحمود و حەمەی سان ئەحمەددا ئاڵوگۆر کـردووە(٨٩) ئـەکرێت بڵێین،ئاڵوگۆڕی ئەم نامانە هێنـدەی تـر پەیوەنـدی شـێخ مـەحمود و حەمـەی سان ئەحمەدیان بەهێزتر کرد.



مەحمودی حەمەی سان ئەحمەد
ئەو کەسایەتیەی باوکی ناردی سالێك لەخزمەت شێخدابوو

ئەمەش بویە هۆی ئەوەی کەوا شێخ داوا دەکات خودی حەمەی سـان ئەحمـەد ببینێت،ئەویش بەوە ڕازی دەبێت و لەگەڵ برزاکەیدا بـەناوی(محەمـەدی قـادر) ڕێگەی داری کەلی دەگرێتەبەروو لەوێدا بەدیداری شێخ مەحمود شـاد ئـەبێت و دەست لەناو دەستی دەنێت و پەیمانی لەگەڵدا تازە دەکاتەوە، دوابەدوای ئەم پەیمانە شەمێرانیەکان بەهەموو شێوەیەك (سەرجەم پەیوەندیـەکانیان لەگـەڵ

---

* – ئـەوەی گرنگـە بـۆ مێـژوو بوترێـت ئـەم نامانـە هـەموویان فـەوتاون و شـتێکی ئـەوتۆ دەسـت نەکـەوتووە لـەو نامانـە کـەبزانرێت ئـەو پەیامانـە چـی بـوون لـەنێوان ئـەو دوو کەسـایەتیەدا ئاڵوگۆڕکراوە

٨٩ – ڕەوف عوسمـــان:لاپەرەیـــەکی شـــکۆداری ســـەردەمی شـــێخ مـــەحمود،گۆڤاری بـــەیان ژمارە(١٥١)کانونی دووەم،١٩٨٩،ل٢٠

میری و دەسەلاتی ئینگلیزدا* ) بچڕاند و پشتیان لەداگیر کەران کرد(٩٠) ئـەوەی گرنگە بۆ مێژوو بوترێت ئەوەیـە کەشـەمێرانیەکان وەك چـیاکانی ناوچـەکەیان سەرکەش بوون و بۆماوەی چوار سالْ لەدەسەلاتی ئینگلیزەکان یاخی بـوون و باجیان پێ نەئەدان(٩١)،

سەرئەنجام زۆرجار لەئیدارەی میری لەهەلْبجەوە دەکرایە سـەریان کـە(بـاج و زەویانە و جوتانە)بدەن،بەلاَم ئەوان گوێیـان بـەوە نەئـەدا و سـوربوون لەسـەر ئەو پەیمانەی کەبە شێخ مەحمودیان دابوو هاندەرەکەشی لایەنـە(ئاینیەکـە)ی بوو ئەمەشـیان هێنایـە دی، ئـەوەبوو حکومـەت ناردیـە سـەریان و بەفـەرمانی کاپتن(لین) هێزێك پێك هێنـرا لـە مدیرناحیـەی (فـەقی جنـە*)، (حـسن بـەگی جاف) لـەوارماوا کرابـوو بەمـدیری ناحیـەی حکومـەت و لەگـەلْ (٣٠) پۆلیـسدا کـەئامر مەفرەزەکـەیان (عەبـە بـەران)بـوو کابرایـەکی زۆر دلْـڕەق بوو،ئـەو مەفرەزەیە بـەرەو سـنوری گونـدەکانی شـەمێران کەوتـەڕێ(٩٢)،هەرکـە ئەوانـە ڕۆشتنە گوندی کانی کەوەی شەمێران داوایان کرد کوێخا(موختار)ەکـانی هـەر

---

*- لەڕاستیدا پێم وایە ئەمە هەلْەیە چونکە پێشتر حەمەی سان ئەحمەد و شـەمێرانیەکانیش هـیچ پەیوەندییەکیان لەگەل ئینگلیزەکاندا نەبوە کە شایەنی باسکردن بێت و تەنانـەت خـودی خـانمی وەسمان پاشا دژایەتی ئەوانەشـی کـردوە کـەدژی ئینگلیزەکـانن، لەمەشـەوە ئـەکرێت پەیوەنـدی نێوان حەمەی سان ئەحمەد و خانمی وەسمان پاشا باش نەبوبێت چونکە حەمـەی سـان ئەحمـەد بەهەموو شێوەیە دژی دەسەلاتی ئینگلیزیەکان بووە و شەڕی لەگەلْ کردوون(نوسەر)

٩٠ – حەکیم مەلاسالْح:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٥

٩١ – ئەیوب ڕۆستەم: هەگبە و هەوارگە،ل١١١

* – فەقێ جنە ،ئەو سەردەمانە ناوەندی ناحیەی وارماوا بوو

٩٢ – محەمەد ڕەسولْ هاوار:سەرچاوەی پێشوو،ل٥٧١-٥٧٢

(چوارده*) گوندەکەی شەمێران کۆببنەوە و هەریەکەیان (٤٠) لیرەی زەویان و جوتانەی ئەو چوارساڵەی سەرپێچیە بدەن کە پێشتر نەیانداوە.

ئەو کۆێخایانەی کەداوایان لێکرابوو ئامادەبن بریتی بوون لە کۆێخای گوندەکان وەك: (ئەحمەدی حسین–تولەبی)،(عەبدولای ڕەسولّ–چەمەڕەش)، (حەمەی ڕۆستم–کۆکۆیی)،( بارامی حەمەی شاوەیش–وەرمن)، (حەمەشەریفی قادر–دەنگەوەرە)، (نادری بارام–زمناکۆ)، (ئەحمەدی سان ئەحمەد–وڵوەر)، (حەمەی ئەورەحمانی یونس بەگ–بەشی ئەحمەد بەگ)، (تۆفیقی فەرەج–دڵف)، (حەمەی مەحمودی هەواس–بەشی هاجە)، (حەمەتۆفیقی هیران–بەشی پیرك)، (قادری هاجك–مامەشەوی)، (مەحمودی محەمەدی چراغ–شەك مەیدان)،کاربەدەست و پۆلیسەکان کەوتنە هەڕەشە و کوێخاکانیان هەڵپێچا بۆ ئەو چل لیرەی زەویانە،ئەوانیش بەمەڕازی نەبوون،لەسەرەتادا دوو کوێخایان بەناوی( عەولای ڕەسول و ئەحمەدی حسەین)یان بەپاڵ برد[٩٣] ئالەوکاتەدا حەمەی سان ئەحمەد ئەمەی بینی دەست بەجێ لەدیوەخانەکەی هاتە دەرەوە و دەمانچەکەی دەرهێنا و هاواری کرد:(ئادەی خەڵکینە بیانگرن،دەست بەستیان کەن،ئەمانەهاتوون شەرەفمان بشکێنن)بەوبانگ و هاوارە خەڵکەکە هەمووی پەلاماریاندان و ڕاویاننان،بەم شێوەیە باروودۆخ وەك خۆی مایەوە تاماوەی دوومانگێك[٩٤]،

* – نوسەری بابەتەکە دەڵێت کوێخای هەرچوارده ئاواییەکە(گوندەکان) ئامادەبوون بەلاّم ئەو تەنها ناوی سیازدە کۆێخای هێناوە ناوی یەکێکیان دیارنیە و ئاماژەی پێنەداوە،(نوسەر)

٩٣ – ڕەوف عوسمان:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠–٢١

٩٤ – حەکیم مەلاسالح:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٦

بەڵام لەدوای تێپەر بوونی ئەم دوومانگە بەسەر ئەو ڕووداوەدا،فڕۆکەیەك بەیاننامەیەکی بەسەر گوندی کانی کەوەی شەمێراندا بلاوکردەوە و داوای لێکردن یان ئەواتا مل بدەن یان ناوچەکەیان بۆمباران دەکرێت، ئەوەبوو حەمەی سان ئەحمەد فەرمانی مل نەدان و چۆڵکردنی گوندەکانی کرد و بەخەڵکەکەش دەڵێت: ڕووبکەنە ئەشکەوت و پەنا بەردەکان[٩٥] هەر ئەوکاتە پێی ڕاگەیاندن ئەگەر سوپای ئینگلیز هێرشیان هێنایە سەرمان ئەوا هەرکەس لەبەرەنگار بوونەوەیاندا بکوژرێت ئەوە شەهیدە[٩٦]،لەڕاستیدا خودی کەسایەتی حەمەی سان ئەحمەد وتارخوێنێکی ئاینی یان زانایەکی شەرع زانێکی ئاینی ئەو سەردەردەمە نەبووە بەڵام دەرکردنی ئەم فتوایە خۆی لەخۆیدا کاریگەری هەبووە و سەرەڕای ئەوەش شەمێرانیەکان لەشەڕدا چاونەترس و قارەمان بوون.

دوای چەند ڕۆژێك دووژمن هیچ هەواڵێکی پێناگات (چەند فڕۆکەیەکی*) نارد و گوندی کانی کەوەی بۆردومان کرد،لەو کاتەدا حەمەی سان ئەحمەد کەخۆی لەنزیك گوندەکەیان و لەپەنای تاشەبەردێکدا مابوویەوە ،تفەنگێکی بڕنەوخۆری پێبوو ئەوکاتە(تەیارەشکێن) یان پێدەوت کەوتە تەقەکردن لێیان و یەکێکیانی خستە خوارەوە،ئەو سێ ئەفسەری کەلەناو فڕۆکەکەدابوون بە

---

٩٥ – ڕەوف عوسمان:سەرچاوەی پێشوو،ل٢١

٩٦ – ئەیوب ڕۆستەم: هەگبە و هەوارگە،ل ١١١

* – هەندێك لەسەرچاوەکان ژمارەی فڕۆکەکان بە(٢فڕۆکە)و هەندێ دیکەبە(٤فڕۆکە) و هەندێکی دیکەش بە(٥فڕۆکە) ژمارەیان دەکەن،بەڵام بەڕای مەن پێم وایە تەنها دوو فڕۆکە بوون، شەڕێکی لەو جۆرە پێوست بەوەناکات پێنج فڕۆکە یان زیاتری بۆ بەکارهێنرابێت،

پەڕەشوت خۆیان هەڵدایە خوارەوە و لەناو بێشە و قامیشەلاَنەکانی گوندی (چەمەڕەش)دا کەوتن و بەبەیداخێکی سپی ئیشارەتیان بۆ یەکێك لەفرۆکەکان کرد کەبچێت بەهانایانەوە فڕۆکەکەش خێرا نیشتەوە و هەڵی گرتن[٩٧]،

لەهەمان شەودا نامەیەك لەکاپتن(لیز*) وە گەشتە دەست حەمەی سان ئەحمەد کەتێیدا داواکرابوو ئەگەر تەیارەکە نەسوتێنن ئەوا( ئێمە لێتان خۆش دەبین و هیچ لەنێوانماندا نامێنێت*)، لەوەلاَمیدا حەمەی سان ئەحمەد وتبووی لەبەر ئەوەی ئینگلیزەکان خاوەنییەتی و بۆمبارانی کردووین دەبێت بسوتێنرێت[٩٨]،پاشان خەڵکی ناوچەکە بەرەو فڕۆکەکە ڕادەکەن و بەدەم هەڵگرتنەوەی پارچەکانییەوە ئەم (بەیتەگۆرانیە*) دەڵێنەوە:

تەیارە شکاو سەربالْ قلْیشاو
ئاگردان کون کون هۆرێن تلیشاو
زۆرت هەڵگرتوە بەردی کوردستان

---

٩٧ – حەکیم مەلاسالْح:سەرچاوەی پێشوو،ل١٦٧

* – کاپتن لیز: ئەم کەسایەتیە لەئازاری ١٩١٩تاوەکو کانونی دووەمی ١٩٢١حاکمی سیاسی هەڵەبجە بووە

* – لەلاپەڕە سەدویازدەی کتێبی هەگبەوهەوارگەدا هاتووە( ئینگلیزەکان دەڵێن: ئەگەر فڕۆکەکەمان تەسلیم بکەنەوە لەبەرامبەر ئەوەدا لەو باجانەی لەسەرتانە دەتان بەخشین)

٩٨ –ڕەوف عوسمان:سەرچاوەی پێشوو،ل٢١

* – ئەوەی گرنگە ئاماژەی پیْ بکرێت ئەم بەیتە گۆرانیە لەمانگی سێی ٢٠٠٢دا لەشانۆگەری ژانی شارێك لەیادی کیمیابارنی هەڵەبجەدا کە ئەوساڵە ئەم یادەکرابویەوە ئەم بەیتە پێشکەش کرابوو لەو شانۆگەریەدا،ئەکرێت ئەمەش لەبەر گرنگی ئەم بەیتەبوبێت کەئاماژەمان پێدابوو.نوسەر

لەباتی بۆمبا بۆ بەردەباران[٩٩]

بەڵام شەمێرانیەکان ملیان نەداوە و لەپارچەکانی ئەو فڕۆکەیە( چەقۆ ، گاسن ، داس ، تەور)یان دروست کردو پاشان ئاگریان تێبەردا و سوتاندیان[١٠٠]،دوابەدوای سوتاندی فڕۆکەکە و بەچەند ڕۆژێك دواتر جارێکی دیکە چوار فڕۆکە هاتنە سەر ناوچەکە و بەخەستی بۆمبارانیان کرد،پێشتر حەمەی سان ئەحمەد هەمیشە تفەنگچی دەناردە ڕیگاوبان و ملەی(تەمورەژەنان*) بۆ چاودێری و وریایی لەهێزی دووژمن نەك لەناکاو بدەن بەسەر ناوچەکەیاندا، بارودۆخ وەك خۆی مایەوە لەپەیوەندی دژی نیوان شەمێرانیەکان و ئینگلیزەکان.

پاش سالێك لەم ڕووداوانە ئینگلیزەکان داوایان لە حەمەی سان ئەحمەد کرد کەدەیانەوێ پەیوەندی نێوانیان ئاسایی بکەنەوە و لەهەموو شتێك بیان بەخشن،وەئەگەر خۆی بڕواناکات با کوڕەکەیان بۆبنێرێت بۆ ئەم ڕاوێژ و مەبەستە،ئەویش لەسەر داوا و پێشنیاری کۆێخای گوندەکان بەوە ڕازی بوو ئەوەبوو(مەحمودی کوڕی وئەحمەدی حوسەین)ی نارد بۆ هەڵەبجە،

بەڵام ئینگلیزەکان و کاربەدەستانی ئەوسەردەمە هەردوو نێردراوەکە دەگرن و بەندیان دەکەن لەبەندینخانەو وتیان:هەتا حەمەی سان ئەحمەد خۆی نەیەت و ڕووبەڕوو نەبێتەوە لەگەڵماندا ئەوا بەریان نادەین،دیارە ئەویش زانیویەتی

---

[٩٩] بەکر حەمەسدیق عارف:سەرچاوەی پێشوو،ل٦٩

[١٠٠] – ئەیوب ڕۆستەم: هەگبە و هەوارگە،ل١١١

* – تەمورە ژەنان: بریتیە لەبەرزایی ملەی دارێ کە نێوان بەشی پیرك و گوندی نەورۆلیدایە،تێکڕای بەرزیەکەی لەئاستی ڕووی دەریاوە(٧٩٦)مەترە کەدەکاتە(٢,٦١٢)پێ

مەسەلەکە پلانەو پەیوەندی بەخودی خۆیەوەیەتی[١٠١]، ئەویش یەکسەر نامەی نوسی بۆ ئەم سەرۆك هۆزانە(عەبدولآی حەمەی خواکەرەمی نەورۆلی،حەمەئاغای گەلآلی،سەید ئەورحمانی تاوگۆزی)ئەمانیش هەموویان هاتن بەدەمیەوە،لەشکرێکی گەورەیان پێکهێناو ڕوویان کردە شاری هەڵەبجە و دایان بەسەر سەرادا و شەڕ دروست بوو،ئینگلیزەکان زۆریان بۆهات و ناچار بوون هەردوو گیراوەکە بەربدەن و ئەوانیش بەسەربەرزی گەڕانەوە شوێنی خۆیان[١٠٢]،

پێویستە ئەوە بۆ مێژوو بڵێین هەر لەم ڕووداوەدا خەڵکی بناری هەڵەبجە بەتایبەت لایەنگرانی (شێخ ڕەشیدی عەبابەیلیَ)هاوکاری شەمێرانیەکانیان کردووە[١٠٣]،ئەوەی شایەنی باس بێت لەکاتی دەسەڵاتی ئینگلیزیشدا هەمیشە ئەوان بەفرۆکە لەبۆردومان کردنی ناوچەی شەمێران نەوەستاون[١٠٤].

دواتر شەمێرانیەکان لەناوچەکانی خۆیاندا دەستیان بەژیانی ئاسایی خۆیان کردەوە و خەریك ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانیان و ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوون، بارودۆخ بەم شێوەیەمایەوە هەتا ئەوکاتەی شێخ مەحمود بەرەو لاوازی و کزی ڕۆشت و حەمەی سان ئەحمەدیش ئەو گوڕوتین و توانای جارانی نەما[١٠٥]، بەهەرشێوەیەك بێت ، دواتر ئینگلیزەکان توانیان حەمەی

---

[١٠١] – ڕەوف عوسمان:سەرچاوەی پێشوو،ل٢١

[١٠٢] – حەکیم مەلاسالح:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٦٨

[١٠٣] –ئەیوب ڕۆستەم،هەگبەوهەوارگە،ل١١٢

[١٠٤] – کۆچەر کەریم حەمەعەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٩

[١٠٥] –ڕەوف عوسمان:سەرچاوەی پێشوو،ل٢١

سان ئەحمەد دەستگیر بکەن و دووری بخەنەوە بۆ شاری خانەقین، بەلأم ئەمە تەنها ماوەی(٤٠) ڕۆژێکی خایاند و هەرخۆیان وتبوویان باشتر وایە ئەم کەسایەتیە ئازاد بکرێت[١٠٦]،بەلأم دواتر ئینگلیزەکان بەتۆمەتی سەرپێچی کردن و نەدانی زەوییانە دادگایی کردن و وازیان لێهێناو ئازادیان کرد[١٠٧]،بەم شێوە حەمەی سان ئەحمەد مایەوە تائەوکاتەی کۆچی دوای کرد و توانی لاپەڕەیەکی پرشنگدار بۆ مێژووی عەشیرەتی شەمێرانیەکان زیاد بکات و ببێت جێی ئومێد و متمانەی شێخ مەحمودی نەمر،تائێستاش شەمێرانییەکان شانازی بەو کەسایەتیەوە دەکەن.

ئەوەی گرنگە بۆ مێژوو بوترێت ئەوەیە عەشیرەتی شەمێران بەپێچەوانەی هەندێك عەشیرەت و سەرۆك خێڵەکانی ترەوەبوون،چونکە شەمێرانیەکان هاوسۆز و وەفادار بوون بۆشێخ مەحمود هەمیشە لەگەڵی بوون هەرگیز پشتیان نەکردە شێخ و شۆڕشەکەی چونکە پێشتر بەڵێنی وەفاداریان پێدابوو لەگەڵ ئەوەشدا فڕوفێڵ و هەڕەشەی ئینگلیز و هێرشەکانیان نەیترساندبوون و بەبەڵێنەکانیان هەڵنەخەڵەتابوون و ملکەچیان نەبوون.

لەم بارەیەوە ڕەمزی قەزازدەنوسێت: ئینگلیزەکان بەفڕوفێڵی خۆیان توانیان سەرۆك عەشایەرەکان ڕاکیشن بەلای خۆیاندا و بەپارە هەموویان لەشێخ دابڕی و ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی دەستی شێخیان بڕی و سوێندیان بۆخوارد هەموویان شێخیان بەجێ هێشت و کشانەوە و شێخ مەحمود لەکۆڕی شەڕدا بەتەنیا مایەوە و تەنانەت شێخ خۆی دانی ناوە بەوەدا و دەڵێت:لەشۆڕشدا

---

[١٠٦] – سەلاح سالار:سەرچاوەی پێشوو.

[١٠٧] – ڕەوف عوسمان:سەرچاوەی پێشوو،ل٢١

نابێت پشت بەعەشایەر ببەسترێت،ئەوەبوو لەوەو پێش سەرۆك عەشیرەتەكان هەموو سوێندخۆری من بوون كەچی پاش دوو شەڕ هەموویان پاڵیاندا بەدوژمنەوە كەئینگلیزە و پشتی منیان بەردا[١٠٨].

بەم شێوەیە شەمێرانیەكان ڕۆڵێكی دیار و بەرچاویان لەشورشی كورد هەبووە ئەمەش دەسكەوتێكی گرنگ و پڕبایەخە بۆ مێژوومان،ئەوەی شایەنی باسە شەمێرانیەكان لەدوای شۆڕشەكەی شێخ مەحمودەوە لەكاری شۆڕشی و پێشمەرگایەتی نەوەستاون و بەردەوام لەشورشەكانی كورد بەشداریەی دیاریان هەبووە ئەمەش هەر لەشۆڕی ئەیلولەوە تاشۆڕشی نوێی گەلەكەمان و بگرە تائێستاش مەردانە لەكۆڕی خەباتی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریی خوازی كورد بەردەوامن و هەمیشە خۆیان بەپێشمەرگە و خزمەتكار دەزانن بۆ پاراستنی خاكی پیرۆزی كوردستان لەنێو ڕیزەكانی پێشمەرگەی كوردستان درێژە بەكاروانی پیرۆزی كوردایەتی دەدەن.

---

[١٠٨] – ڕەمزی قەزاز:بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری كورد،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری– هەولێر،چاپی یەكەم،٢٠٠٨،ل٢٢٥–٢٢٦

# ڕۆڵی شەمێرانیەکان لە
# شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان

ناوچەی شەمێران وەك بەشێك لەخاکی کوردستان و وەك ناوچەکانی تر هەمیشە لەژێر هەڕەشە و کاولکاریدابووە، خەڵکەکەشی پێشمەرگەئاسا لەناو شۆڕشەکانی کورددا بەشداربوون و ماڵەکانیان وەك بنکەیەك وابووە بۆ پێشمەرگەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، لەو پێناوەشدا وەك ناوچەکانی دیکەی شۆڕش چەندان قوربانی بۆنیشتیمان و چەندین سەرکەوتنی بۆ گەلەکەمان تۆمارکردوە،بەماڵ و منداڵەوە لەخزمەت شۆڕشەکانی کوردستاندا بوون و ئەوەی پێیان کرابێت کردویانە و درێغیان نەکردووە لەو پێناوەشدا ناوچەی شەمێران دووچاری کاولکاری و وێرانی بووە.

وێرانکاریش بابەتێکی نوێ نیە بەنیسبەت ناوچەی شەمێرانەوە،تەنانەت لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا شەمێرانیەکان گوندەکانیان وێران کراوە،ئەمەش زیاتر لەبەر ئەو هۆکارانە بووە کەنەیان ویستووە یارمەتیان بدەن و ئامادەش نەبوون کەباج و سەرانە بدەن[١٠٩]،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شەمێرانیەکان نەیان ویستوە لەهیچ سەردەمێکدا ژێردەستە بن و بەزۆر باج و سەرانە بدەن و ویستویانە سەربەرزانە لەو ناوچەی خۆیان بەویستی خۆیان بژین.

[١٠٩] – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٩

ئێستا با سەرێك لەلاپەڕەكانی مێژوو بدەین و چەردەیەك لەو خەبات و تێكۆشانەی ئەوان بنوسینەوە،بەشێوەیەكی گشتی لە(شۆڕشی ئەیلول[*])دا زۆربەی شەمێرانیەكان پێشمەرگە بوون، وەناوچەكەشیان بەدرێژایی ساڵەكانی شۆڕش لەچوارچێوەی ناوچە ڕزگاركراوەكاندا بووە[١١٠]،هەر لەو بارەیەوە سەرۆك عەشیرەتی شەمێران سەبارەت بەناوچەكەیان ئاماژەی بەوە كردووە:كە حكومەتی عێراقی هەتا نسكۆی ساڵی ١٩٧٥ نەیتوانی ناوچەی شەمێران بگرێت و هەربەدەست پێشمەرگەوەبوو[١١١]،سەبارەت بەناوچەی شەمێران لەم شۆڕشەدا شەوكەتی حاجی مشیر دەنوسێت: لەسەردەمی شۆرشی ئەیلولدا زۆربەی گوندەكان شوێن و ڕێگەوبانی شۆڕش بوون لەوانەش گوندەكانی ناوچەی شەمێران[١١٢]،تەنانەت یەكەمین شەهیدی شۆڕی ئەیلول لەناوچەی شەمێران كەسایەتیەكی شەمێرانی بوو بەناوی(حەمەئەمین مەحمود ڕۆبیتەن)بوو كەلەڕێكەوتی ١٩٦١/١٠/١ شەهیدكرا.

تەنانەت لەساڵی ١٩٦١دا كاتێك شۆڕشی ئەیلول بەرپا دەبێت كەسایەتی ناوچەی شەمێران(مەلا سەعیدی زمناكۆ) وەك كادیرێكی هەڵكەوتووی پارتی

---

[*] – ئەم شۆڕشە یەكێكە لەشۆڕشە گرنگ و پڕبایەخەكانی مێژووی كورد لەڕێكەوتی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ بەڕابەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی هەڵگیرسا دژ بەدەسەلآتی ئەوكاتەی عێراق كە دژی مافە ڕەواكانی كوردبوون بۆ گەشت بەئامانجی خۆی(نوسەر)

[١١٠] – ئەیوب ڕۆستەم : هەگبە و هەوارگە،ل١١٢

[١١١] – سەلاح سالار:سەرچاوەی پێشوو.

[١١٢] – شەوكەت حاجی مشیر: كارەساتی كیمیابارانی هەلەبجەبەهاری ١٩٨٨،چاپی یەكەم،سلێمانی،١٩٩٨،ل٧٢

دیموکرداتی کوردستان دەناسرێت و ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە خەباتی کوردایەتی لەساڵی ١٩٦١دا.



مەلا سەعیدی زمناکۆ

مەلا سەعید لەلایەن ڕژێمی ئەوسەردەمەوە بەدیل دەگیرێت بۆماوەی (٩)مانگ لەشاری(حلە) بەند دەکرێت لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی،دوای ئازادکردنی لەبەندینخانە مەلاسەعید وەك کەسێکی دیار و بەرچاو لێهاتوو دەبێتە سەرکردەیەکی ناسراو لەنێو شۆڕشی ئەیلول لەناوچەی هەڵەبجە و پلەی ئەندام ناوچەی هەڵەبجەی پێبەخشرا،تەنانەت لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی نۆکەرانی سوپای عێراق لەهەڵەبجە پەلاماریماڵەکەی دەدەن و ماڵەکەی بەتاڵان دەبەن و دەیڕوخێنن و تەنانەت کتێبخانەکەشی کەزۆربەڵگەنامە و بەرهەمی نایابی تیدا بوو سوتا،هەر لەوکاتەدا ناوبراو زیاتر سور دەبێت لەسەر خەباتی کوردایەتی،دواتر وەك کاری مەلایەتی لەساڵی ١٩٦٥دا دەبێتە مەلا لەگوندی (خەراجە)لەناوچەی عەربەت،لەساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە دەچێتەوە ڕیزی شۆڕش و دەبێتەوەبەئەندامی لیژنەی ناوچەی هەڵەبجەی پارتی دیموکردتی کوردستان و هەر لەهەمان کاتدا دەبێتە (قازی)لەدادگای شۆڕش،تەنانەت مەلا سەعید دەبێتە قازی دادگای شەرعی لەئیدارەکاتیەکی

سلێمانیدا[١١٣].بەشێوەیەکی گشتی شەمێرانیەکان لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نـوێی گەلەکـەمان ڕۆڵێکـی دیـار وباشـیان هـەبووە و چـەندان کەسـایەتیان بەشـداریان کـردوە و ناویـان هەبووە،لەوانـە کەسـایەتەکی شۆڕشـگێڕی وەك ( علـی غفـور عەبدولمحەمـەد)ە کـەڕۆڵی گرنگـی بینیـوە لـە شۆڕشـی ئـەیلول و دواتـریش لـە شۆڕشـی نـوێی گەلەکەمانـدا،علی غفـور کەسـایتیەك بـووە کـە لەئاستی بالاَ بەتایبەت خودی (مەلا مستەفا بـارزانی و مـام جـەلال تالـەبانی ) ڕێزیان لێگرتوە و بەردەوام وەك پێشەنگ و نمونەی ئازایەتی باسیان کـردوە و چەندین جار ئەرکی گرنگ و نهێنی یان پیَ سپاردوە[١١٤].

بەمـەش شـەمێرانیەکان هەمیـشە لەخزمـەتی شـۆڕش و کوردایەتیـدابوون و گونـدەکانیان وەك مەڵبەنـدی پێـشمەرگە بـووە. بـەهۆی ئـەوەی گونـدەکانی کوردستان مەڵبەند و لانکەی شۆڕشـەکانی کـورد و بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی گەلەکەمان بوون ڕژێمی بەعس هـیچ چـارەیەکی ئـەوتۆی نـەما و ناچـار کەوتـە بیری ئەوەی گوندەکان چـۆڵ بکـات و ڕایـان گوازێـت بۆناوشـارەکان بۆئـەوەی ئیدی نەبنە پشت وپەنای شـۆڕش وپێـشمەرگەو هاوکاریـان نەکـەن ئـەوە بـوو لەکۆتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم واتە لـەنێوان سـاڵەکانی (١٩٧٨-١٩٧٩) کەوتە ڕاگواستنی گوندەکانی کوردستان لەوناوچانەش بەر ئەو شـالاَوە شـومە کەوتن گوندەکانی ناوچەی شەمێران بوو کـەبریتی بـوون لـەم گوندانـە:(بەشـی پیرك،بەشـــی ئەحمـــەد بەگ،بەشـــی هاجە،پـــشت قـــەلاَ ،تولەبی،چـــەمەڕەش،دلَف،دەنگەوەرە،کۆکۆیی شـــەمێران،زمناکۆ،

١١٣ - زانیار سەردار قرگەیی:سەرچاوەی پێشوو،ل٢٢-٢٣

١١٤ - ئەم زانیاریەم لەبەڕێز(غەیدان حەسەن)وەرگیرا

مامەشەوی،ولۆەر،وەرمن) (١١٥)، بەشێوەیەکی گشتی دانیشتوانی ئەم گوندانە لەناو شاری هەڵەبجەو سیروان و زەمەقی و دەورو بەری نیشتەجێ کران.

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی لەم شۆڕشانەدا هەبوو کەسایەتیەکی دیار و ناسراوی ناوچەی شەمێران بووە کەدۆستایەتی و پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی هەبوەو سەرکردایەتی چەندیش شەڕی کردووە و سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە و تەنانەت خودی مستەفا بارزانیش زۆر لێی ڕازیبووە ئەویش(حەمەشەمێرانی *)بوو.ئەم کەسایەتیە لەشەڕی زمناکۆدا سەرکردایەتی ئەم شەڕەی کردوە ئەم شەڕەش لەڕێکەوتی ١٩٧٤/٧/٣١ کەحکومەتی عێراق هێرشێکی فراوانی کرد بۆ شاخی زمناکۆ و ملەسوری ولۆەر ئەوانەی لەسەرەتادا لەم شەڕەدا بەشداربوون بریتی بوون لە(حەمەکەریم مەحمود مستەفا،فەرەج عەبدولمحەمەد،حسێن عەبدولمحەمەد،عەزیز حاجی ڕەحیم) و خەڵکی گوندی زمناکۆ

---

١١٥ – حەکیم مەلاساڵح: سەرچاوەی پێشوو،ل٣٢٣–٣٢٥

* – حەمە شەمێرانی:ناوی تەواوی محەمەد قادر عەبدولرەحمانە،لەساڵی ١٩٣٩ لەگوندی کانی کەوەی شەمێران لەدایك بووە و ناسراوە بەحەمە شەمێرانی،لەساڵی ١٩٦٤دا ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو بوەتە خاوەنی سێ کچ و پێنج کوڕ،ناوبراو هەر لەتەمەنی هەرزەکاریەوە خولیای کوردایەتی مێشکی گرتوە و بوەتە پێشمەرگە لەڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و لەنێو ئەو پارتەدا درێژەی بەکاری پێشمەرگایەتی داوەو ناوبانگی باشی پەیداکردوەو سەرکەوتوانە پلەکانی پێشمەرگایەتی(سەرپەل و سەرلق )ی بڕیوە و دواتر بوەتە ئامربەتالیۆنی پێنج لەهێزی خەبات،لەژیانی پێشمەرگایەتی خۆیدا سەرکردایەتی چەندین داستانی کردوە لەوانەش داستانی(سەرتیس،گەلاڵە،زمناکۆ،وەڵەسمت،سیارە،شارەزوور،هەورامان) لەم داستانانەشدا ڕۆڵێکی جوامێرانەی نیشان داوە و بوەتە جێگەی ڕەزامەندی مەلا مستەفای بارزانی.ناوبراو لەساڵی ١٩٧٨شەهیدکرا.ئەم زانیاریەم لە کاك(سەروەت حەمەشەمێرانی و کاك حەمەین)وەرگرت.

کەبەرپرسەکەیان(حەمەسالّح عەبدولقادر)و خەڵکی شەمێران بەهانایانەوە هاتن و تا نزیك نیوەڕۆ بەرگریان کرد بەلاّم دوای نیوەڕۆ شاخی زمناکۆ لەلایەن سوپای عێراقەوە گیرا،دوای سێ ڕۆژ لەم شەڕە حەمە شەمێرانی کەئامر بەتالیۆنی (٧)ی بیارە بوو هاتە ناوچەکەو بەسێ ڕەتڵ هێرش کرا بۆ شاخی زمناکۆ،ڕەتڵی یەکەم بەسەرپەرشتی محەمەد حەسەن ناسراو بە(حەمەشوتە)و ڕەتڵی دووەم بەسەرپەرشتی(عیزەت لاورانی) و ڕەتڵی سێیەمیان بەسەرپەرشتی(مەلا عەلی زمناکۆ)بوو توانیان شاخی زمناکۆ لەدەستی سوپای عێراق ڕزگارکەن[١١٦]،لەم شەڕەدا(حەمەشەمێرانی) و هاوڕێکانی سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا بەرامبەر هێزەکانی سوپای عێراق و لەم شەڕەدا ٢٤سەربازی سوپای عێراق کوژران و نزیکەی ١٧سەربازی دیکەش بەدیل گیران،لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەکی شەمێرانی بەناوی(محەمەد عەبدولرەحمان)شەهیدکرا، حەمەشەمێرانی هەواڵی سەرکەوتنی ئەم شەڕەی بەمەلا مستەفابارزانی ڕاگەیاند و لەوەلاّمیدا مەلامستەفا ئەمەی بەحەمەشەمێرانی گوتبوو:(کورد ساحێبی قارەمانی وەك ئێوە بێت دوژمن سەرشۆڕ دەکات)،تەنانەت ناوبراو لەشەڕی(وەڵەسمت)دا بەشدار بوو سەرکردایەتی ئەو شەڕەی کردبوو ڕۆڵێکی باشی هەبوو لەو شەڕەدا،وەك لەنێو خەڵکدا باوە و ئاشکرایە کە حەمە شەمێرانی چ قارەمانیەتیەکی نواندبوو،وەك دەڵێن کاتێك سەربازێك بەڕەشاشێکەوە لەبەرزاییەکەوە تەقەی دەکرد حەمەشەمێرانی خۆی گەیاندە ئەو سەربازە و لەژێرەوە بەدەستی لولەی ئەو ڕەشاشەی گرتبوو سەربازەکەی کوشت و بەگرتنی لولەی ئەو ڕەشاشە و

---

[١١٦] – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(حەمەکەریم مەحمود)وەرگیرا

ڕاکێشانی دەستی ناوبراو بەخراپی سوتابوو،ئەمەش ڕووداوێك بوو لەو سەردەمەدا دەنگی دابویەوە[١١٧].



(مستەفا بارزانی و حەمە شەمێرانی* )

یەکێکی دیکە لەو داستانانەی شەمێرانیەکان ڕۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخیان تێدا گێڕا شەڕی (سەرتیس)بوو،ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عێراق هێرشی کرد بۆسەر ناوچەی بادینان و تانێوان بادینان و سۆرانی گرت کەشاخی(سەرتس)ە،دواتر بارزانی نەمر بانگهێشتی هێزەکانی سۆران و بادینانی کرد بۆ گرتنی سەرتس بەڵام بۆیان نەگیرا[١١٨]، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق فشارێکی زۆری کردبویە سەر سەرکردایەتی،ئەو جەبهەی سەرتیس دانرا بۆ بەتالیۆنی (٥)کە حەمە شەمێرانی ئامر بەتالیۆنی بوو ئەوە

١١٧ – ئەم زانیاریەلەبەڕێز(کاك حەمەین قادر شەمێرانی)وەرگیرا

* –ئەم وێنەیە لەکتێبی (البارزانی والحرکة التحرریة الکردیة،جزء ٣،اربل ٢٠٠٢)وەرگیراوە

١١٨ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(نزار محەمەد حەسەن)وەرگیراوە

بوو لەڕێکەوتی ١٩٧٤/١٠/٣٠هێرش کرایە سەر ئەوناوچەیە[١١٩]،لەم شەڕەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەشەمێرانیەکان بوشداربوون وەك(حەمەین قادر شەمێرانی/سەرلق،عەبدولقادر حەمەمین تابان/جێگری سەرلق،سلێمان سالّح براخاس/جێگری سەرلق،فەرەج عەبدولمحەمەد،حسێن عەبدولحەمید،عومەر ئەحمەد مەحمود،لەتیف حەمەفەرەج جەلیل،حەمەرەشید حاجی ڕۆستەم،سابیر حەمەمین بارام)،ئەوانیش ڕۆشتن بۆ ئەوێ حەمەشەمێرانی سەرپەل و سەرلقەکانی کۆکردبویەوەو یەکێك لەو سەرلقانە(حەمەشوتە)بوو کە پێی ڕاگەیاندبوون دەتانەوێت هەروا بمێننەوە یان شەڕەکە تەواوکەن و بگەڕێنەوە،ئەوانیش وتبویان دەمانەوێت شەڕ بکەین،ئەوان ئەو ئێوارەیە لەچۆمان بوون و کاك(عەبدولوەهاب ئەتروشی)هات و بەحەمەشەمێرانی وت:ورەت چۆنە؟حەمەشەمێرانی وتبوی ورەمان زۆر بەرزە،عەبدولوەهابیش وتبووی کەواتە سەرکەوتودەبین،ئەوەبوو سبەی سەعات چواری بەیانی هێرشیان کردە سەر دوژمن و هەتا خوار سەرتیس پاك کرایەوە لەدۆژمن،لەم شەڕەدا نزیکەی ٣٥ سەربازی سوپای عێراق کوژران و ٢٤سەربازی دیکەش بەدیل گیران و چەند پارچە چەکێکیش دەستی بەسەردا گیرابوو،هەر لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەکی شەمێرانی بەناوی (عەبدولڕەحمان عەبدولقادر شەهیدکرا و کەسایەتیەکی وەك (محەمەد عەبدولکەریم نادرشەمێرانی)یەکەم ڕەشاشی دووژمنی لەو شەڕەداگرت.

دوای شەڕەکە حەمەشەمێرانی و هاوڕێکانی ڕۆشتبوون بۆ حاجی عۆمەران،لەوێدا مەلا مستەفا داوای کردبوو حەمەشەمێرانی بۆ بانگ

---

[١١٩] – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(حەمە کەریم مەحمود)وەرگیرا

بکەن،حەمەشەمێرانی ڕۆشتە لای مەلا مستەفابارزانی و بارزانیش پێی وت:(خوا ڕووت سپی بکات وا ڕووت سپیکردین)،بارزانی بەحەمەشەمێرانی وت داوابکە کراسەکەی بەری خۆمت بەدیاری پێبدەم ئەویش وتبوی(من ئەوەم دەوێت جێگەی ڕەزامەندی ئێوەبم)،بەم شێوەیە شەمێرانیەکان ڕۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخیان هەبووە لەو قۆناغەی خەباتی کوردایەتیدا، پاشماوەیەك کاك حەمەمین برای حەمەشەمێرانی سەردانی مەلامستەفابارزانی دەکات و ئەویش هەواڵی حەمەشەمێرانی دەپرسێت و پێی دەڵێت(چاوی ماچ دەکەم و حەمەشەمێرانی کوردە بەڵام کوڕی منیشە[١٢٠]).

بەمەش حەمەشەمێرانی و حەمەشوتە و هاوڕێکیانیان لاپەڕەیەکی پرشنگداریان بۆ خەباتی کوردایەتی تۆمارکرد و ناوبانگێکی باشیان بۆ شەمێرانیەکان بەدەستهێناو بوونە جێگەی ڕەزامەندی مەلا مستەفابارزانی و هەتائەم ڕۆش چالاکیەکانیان دەماودەم باس دەکرێن لەخەباتی کوردایەتیدا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان.

ئەمەو سەرەڕای ئەوەش لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا شەمێرانیەکان ڕۆڵێکی بەرچا و دیاریان هەبووەو چەندان کەسی قارەمان و دیاریان هەبووە لەناوچەکەو دەورو بەریدا ناسراوبون و پێگەی کۆمەڵایەتیان هەبووە و لای سەرکردەکان ناسراوبوون لەوانەش وەك(ئەنوەر مەحمود محەمەد سان ئەحمەد،فایەق مەحمود سان ئەحمەد ناسراو بە(دەبابەسور)،کەریم عەبدوڵا)ئەمانە پیاوی ناسراوی ناوچەکەبوون ناوبانگێکی باشیان بۆ خۆیان پەیداکردبوو.

---

[١٢٠] – ئەم زانیاریە لە بەڕێز(کاك حەمەئەمین شەمێرانی)وەرگیرا


کەریم عەبدولا


فایەق مەحمود


ئەنوەر مەحمود

شـــەمێرانیەکان لەهـــەموو کاتێکـــدا وەك چـــۆن پێـــشمەرگەبوون هاوکـــاری پێشمەرگەو شۆڕشی کوردیان کردەوە،ئـەوەتا محەمـەدی مـەلا قـادر لـەکتێبی سەربوردە کە کورتەیەکە لەبیرەوەریەکانی باس لەڕۆڵی کەسایەتیەکی ناوچەی شــەمێران دەکـات بـەناوی (ئەحمــەد شــەمێرانی) کەچـۆن هاوکاریـان بـووەو ڕزگاریکردوون لەتیاچون،دەڵێت:ئەحمەد شەمێرانی ئامر بەتالیۆن و بەرپرسی ڕێکخراوبوو پیاوێکی زۆر ئازابوو،پاوی وام کـەم دیـوە) و ئامـاژە بـەوەدەکات کەلــە بــارودۆخێکی وادا ئــەوان شــارەزای دەرچــون و پەڕینــەوە نــەبوون لەناوچــەکەیان،لەوکاتەدا هێزێکــی(٣٠)کەســی بەفەرمانــدەی کــاك ئەحمــەد شەمێرانی گەشتوەتەلایان و دوای مانەوەیان بۆیەك شەو لەشـەمێران ئەحمـەد شەمێرانی هاوکاریی باشی کردین،ئەویش وەك ڕێنیشاندەر و شارەزایەك چـەند بەلەمێکی پەیدا کرد بۆ پەڕینەوەمان،ئەوکاتە کاك ئەحمەد ئامر بـەتالیۆن بـوو لەهێزی هـەورامان و ئـەوانی گەیانـدە گونـدی گورگەچیا،ئەمە لەکاتێکدا بـوو هێـزی عێـراق لـەو ناوچـانە بـەدوای (محەمـەدی مـەلاقادر)ەوەبـوو کـەبیگرن و

بیکوژن بەڵام هاوکاری کاك ئەحمەد شەمێرانی ئەوانی زرگارکرد[١٢١].ئەمەش هەڵویستی جوامێرانەی شەمێرانیەکان بوو بۆ خزمەتی شۆڕش و کوردایەتی کە چەند ڕۆلێکی گرنگ و پڕبایەخیان گێڕاوە لەناوچەکەدا.

ئەوەی گرنگە بوترێت ئەوەیە شەمێرانیەکان بەو پەڕی توانایانەوە هاوکاری پێشمەرگەبوون بۆ دژایەتی سوپای عێراق و زیانی باشیان لەسەربازانی عێراقدا لەناوچەکەدا،هەروەك ئەوەی شەمێرانیەکان قەدەریان فرۆکە بەردانەوەی داگیرکەرانی کوردستان بێت، پێشمەرگەیەکیان بەناوی(محەمەد حەسەن محەمەد شوکر*) ناسراو بە(حەمەشووتە)

---

[١٢١] – محەمەد مەلا قادر:سەربوردەکورتەیەك لەبیرەوەریەکان،چاپخانەی ئاراس،چاپی یەکەم،٢٠٠٩،ل١٤٤–١٤٧

* – محەمەد حەسەن محەمەد شکور:لەساڵی ١٩٤٥ لەگوندی تولەبی ناوچەی شەمێران لەدایك بووە،ناوبراو لەسەرەتای ژیانیەوە شەیدای خەباتی کوردایەتی بووە و لەساڵی ١٩٦١ پەیوەندی کردووە بەشۆڕشەوە،لەبەر لێهاتویی و ئازایەتی چەندین پلەی پێشمەرگایەتی بڕیوە و لەساڵی ١٩٦٣دا پلەی سەردەستەی پێ بەخشرا و لەخانەقین تاناوچەکانی پێنجوێن و قەرەداغ چەندین چالاکی جۆراوجۆری ئەنجامداوە،ساڵی ١٩٦٥ لەناوچەی هەڵەبجە لەشەڕێکدا بریندار دەبێت،پاشان لەساڵی ١٩٦٨ پلەی سەرلقی پێدەبەخشرێت و دەکرێت بە بەرپرسی هەموو جەبهەکان لەشاخی زمناکۆ و لەهەمان ساڵدا لەناوچەی زمناکۆ لەشەڕێکی قارەمانانەدا بریندار دەبێت،ئەم کەسایەتیە لەساڵی ١٩٦١ وە بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردوە دژی سوپای ئەوکاتەی عێراق، دواتر لەساڵی ١٩٨٢دا پاش شەڕێکی نەبەردانە دژی سوپای عێراق لەئیمامی زامن و خستنە خوارەوەی فرۆکەیەك لەشەڕەدا بەخەستی بریندار دەبێت و هێزێکی پێشمەرگە دەچن بەهانایەوە و دەگوازرێتەوە بۆنەخۆشخانەی ئێران،حەمەشوتە لەژیانیدا دووجار ژیانی هاوسەری پێکهێناوە و هاوسەری یەکەمی ناوی (حمەیرا کەریم وهاوسەری دووەمی ناوی شیرین ساڵح)ە و لەهەردوو هاوسەرەکەی حەوت کوڕ و چوار کچی هەیە،ئێستاش نیشتەجێی ڕۆژهەلاتی کوردستانە لەشاری جوانڕۆ.ئەم زانیاریە لەبەڕێز(نزار محەمەد حەسەن محەمەد)وەرگیراوە.



حەمە شوتە

ئەم کەسایەتیەی عەشیرەتی شەمێران لەو سەردەمەدا دژی سوپای عێراق ئازایەتیەی باشی نواند و بەتایبەت ئەو کاتەی سوپای عێراق لەساڵی ١٩٨١دا هێرشی کردە سەر ناوچەی شارەزوور بەتایبەت عەلی ئاوا و ڕیشێن،لەو کاتەدا چەند بەرپرسێك لەوێ بوون کۆبونەوەیەکی بەپەلەیان ئەنجامدا و حەمەشوتە ئەوەی ڕاگەیاند کەوا دەبێت ڕووبەڕووی ئەو هێرشەی سوپای عێراق ببنەوە و بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نەدەن سوپای عێراق لەم هێرشەدا ئامانجی خۆی بپێکێت و دوای ئەوەی شەڕەکە ڕوویدا ماوەی سێ کاتژمێری خایاند و لەئەنجامدا سوپای حکومەت تێك شکاو ژمارەیەك سەربازیان کوژرا و چەندین سەربازیان بەدیل کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەمانگی نۆی هەمان ساڵدا چەند هەلیکوپتەرێکی سوپای عێراق هاتنە سەر محەمەد حەسەن

لەگوندی ئیمامی زامن ئەویش نەبەردانە ڕووبەڕوویان بویەوە[١٢٢] ولە (دوانزە ئیمام*) تەقەی لە هەلی کۆپتەرێکی ڕژێمی عێراقی کردووەو لەگوندی (ئیمامی زامن) کەوتوەتە خوارەوە، وەلەساڵی ١٩٨٢دا کاتێك فرۆکەکانی ڕژێم بۆمبارانی ناوچەی شەمێرانیان کردووە، ناوبراو برینداربووە،لەگەڵ ئەوەشدا لەشوێنێك کەپێی دەوترێت (توون)بەتفەنگێکی (ئاربیکە)تەقەی لەهەلی کۆپتەرێك کردووە و لەنزیك بەنداوی دەربەندیخان کەوتووەتە خوارەوە،دواتر بەبەرینداری براوە بۆ ئێران.

ناوچەی شەمێران لەپێناو پاراستنی ناوچەکەیان وەك بەشێك لەخاکی کوردستان چەندین قوربانیان داوە،نمونەیەکی کەمیش بۆ ئەمە ئەوەتا شەمێرانیەکان لە هەردوو شۆڕشی ناوبراوی گەلەکەماندا ژمارەیەك شەهیدی قارەمانیان بەکاروانی سەرفرازی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بەخشی لەوانەش:(عەلی مەحمود محەمەد،فایەق مەحمود کاکەوەیس،سلێمان قادر عەبدولڕەحیم،سلێمان ساڵح براخاس،فەرەج حەمەمین خان،عەلی محەمەد ئەحمەد،لەتیف محەمەد ئەحمەد،سەعید ڕەشید ڕەحمان) و(عەلی عەبدولغەفور عەبدولحەمید،عوسمان عەلی نادر،حسێن عەلی یەعقوب،عەلی محمود محەمەد شکور،محەمەد براخاس قادر،ساڵح ئەمین ڕەحمان عەباس، محەمەد عەبدولڕەحمان عەبدولا،فایەق مەحمود کاکەوەیس،ئیبراهیم ئەحمەد

---

[١٢٢] – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(نزار محەمەد حەسەن محەمەد)وەرگیراوە

* – حەکیمی مەلاساڵح دەڵێت: دانزەئیمام ناوی دوو گوندە دەکەوێتە خۆرئاوایی شارۆچکەی سیروان،ل٦٣

محەمەد،عـەزیز محەمـەد عەبدولڕەحمان،سـاڵح محەمـەد عەبدوڵرەحمان،سـابر حەمەلاو شاوەیس[١٢٣].

جگـە لەوانـەی کـەباس کـران هـەر بـەهۆی بەشـداری بەرچـاوی شـەمێرانیەکان لەشۆڕشـی ئـەیلول و شۆڕشـی نـوێی گەلەکـەمان و شـۆڕی گولاَندا،ژمارەیەکـە لەشـەمێرانیەکان وەك پێـشمەرگە شـەهیدبوون لەوانـەش وەك(عـەزیز حـسەین مەحمود،مەحمود محەمەد حەسەن،حسەین محەمەد کاکەوەیس کەئیعـدام کـرا لەلایـــەن ڕژێمـــی بەعـــسەوە،حەمە عـــەلی عەبـــدولڕەحمان ،ســـاڵح عەبـدولڕەحمان[١٢٤])،هـەروەها چـەند کەسـایەتیەکی دیکـەی وەك(حەمەئـەمین محمود ڕۆبیتەن،محەمەد عەبدولڕەحمان عەبدولاَ،عەلی قادر مەلا فەتاح،محەمەد عەبـــدولاَ ئەحمەد،عەبـــدولڕەحیم عەبدولقادر،فایـــەق حەمەفـــەرەج عەبدولڕەحمان،محەمەد عەبدولاَ کۆکۆیی،محەمەد فەرەج ئەحمـەد[١٢٥]، ئـەمانـە پێـــشمەرگەبوون خـــەڵکی گونـــدەکانی عەشـــیرەتی شـــەمێرانن لەناوچـــە جیاوازەکـانی کوردسـتان بەدەسـتی سـوپای عێـراق شـەهید کـراون و بـون بەقوربانی لەپێناو خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا.

لە بارەی بەشداری شەمێرانیەکان لەشۆڕشـەکانی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی گەلی کوردا شەوکەتی حـاجی مـشیر دەنوسـێت:لەشۆڕشـی رزگـاریخوازی گـەلی کورددا دانیشتوانی گوندەکان قوربانی زۆریان داوە هەروەك تێکڕای ناوچەکانی

---

١٢٣ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(سابیرئەحمەد عەبدولقادر)وەرگیرا

١٢٤ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(محەمەدحاجی زایەر) وەرگیرا

١٢٥ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(عەلی حاجی حسین)وەرگیرا

تری كوردستان لەوانەش عەشیرەتی شـەمێران[١٢٦]،هاوكـات لەگـەڵ لەوانەشـدا چـەندین كەسـایەتی دیكـەی وەك(سـلێمان شـەمێرانی و ئەحمـەدی حـسین شـەمێرانی)[١٢٧]و (ئەحمـەد محەمـەد حەسـەن)بـوون بـەقوربانی لەخـەباتی كوردایەتی.



شەهید ئەحمەد حسین شەمێرانی

لەمەشەوە بۆمان دەردەكەوێت كەشەمێرانیەكان لەشۆڕشـی نـوێی گەلەكـەمان ڕۆڵـی دیـار وبەرچـاویان هـەبووە.تەنانـەت وەك لەسەرچـاوەكاندا هـاتووە شـەمێرانیەكان لەهـەموو سـەردەمەكاندا پـشتیوانیان لەشۆڕشـەكانی كـورد كردوەو هەمیشە پشت و پـەنابوون[١٢٨]،ئـەم عەشـیرەتە لـەپێناو بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازی كوردا بەدەیان كەسی ناودار و قارەومانیان كردە قوربانی لەپێناو سەرخستنی شۆڕشـەكانی گـەلی كـورددا ئەمـەش مێژوویـەكی پرشـنگدارە بـۆ

---

١٢٦ – شەوكەتی حاجی مشیر: سەرچاەی پێشوو،ل٧٤

١٢٧ – عومـــەرحاجی عینایـــەت:هەڵەبجەشاروشارستانیەت،چـــاپخانەی پیرەمێرد،چـــاپی یەكەم،٢٠٠٨،ل٢٤

١٢٨ – كۆچەر كەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠٩

خەباتی سیاسی عەشیرەتی شەمێران و مێژووش ئەو شایەتیەمان بۆ دەدات کەچەندە ئەم عەشیرەتە لەکۆڕی خەباتی کوردایەتی ئامادەبووە بێگوێدانە قوربانی.

یەکێکی دیکە لەو ڕووداوە گرنگانەی لەکۆتایی سالأنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو،ڕووداوی ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩٨٧/٥/١٣)شاری هەڵەبجەبوو،لەم ڕووداوەشدا چەند کەسایەتی شەمێرانی وەك هاولأتیانی دیکەی ناوچەکە بەشداریان تێداکرد و دواجار بوون بەقوربانی زیانێکی دیکە لەم عەشیرەتەکەوت ئەوانیش بریتین لە(محەمەد عەزیز بارام[١٢٩]) و(حسێن ئەسعەد مەحمود،سلێمان عەلی)،لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی شەمێرانیەکان هەمیشە بەتەنگ ڕووداوە گرنگەکانی کوردستانەوە بوون خەمخۆرانە بێگوێدانە ژیان خۆیان کردەوە بەقوربانی ئەمەش لاپەڕەیەکی پرشنگدارە بۆ مێژووی کوردستان و عەشیرەتی شەمێران.

---

١٢٩ – خەبات عەبدولا: هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان،چاپخانەی ڕەنج،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١٠،ل٨٩

# كاریگەری مین لەسەر ناوچەكانی شەمێران

ناوچەی شەمێران یەكێكە لەوناچانەیلەجەنگی هەشت ساڵەی نێوان(عێراق – ئێران[*])دا شوێنی شەڕو لەشكر كێشیەكی گەورە بوو،هەر ئەمەش وایكرد زەرەر و زیانێكی زۆری مادی گیانی بەناوچەی شەمێران و شەمێرانیەكان بگات، لەوسەردامەدا زۆربەی گوندەكانی ناوچەی شەمێران مین ڕێژكران و چەندان هاولاّتی بوونەتە قوربانی مین،بەلاّم لەم سالاّنەی دوایدا ناوچەكە لەو جۆرەمینانە پاككرانەوە و بەشێكی زۆری گوندەكان سەرلەنوێ خانویان تێدا دروستكراو ئاوەدان كرایەوە،ژمارەی ئەو خێزانانەی گەڕاونەتەوە ناوچەی شەمێران و گوندەكانیان ئاوەدان كردووەتەوە نزیكەی (٢٥٠[*]) خێزانێك دەبن و ئاواتەخوازی ئەوەن ناوچەكەیان بەرگی ژیان و گوزەرانێكی نوێی بەبەردا بكرێت،ئەوەی شایەنی باس بێت بەشێكی زۆری ئەو شەمێرانیانەی

---

[*] – ئەم شەڕە بەیەكێك لەشەڕە شومەكانی هەشتاكانی سەدەی بیستەم دادەنرێت لەنێوان ئەو دوو ولاّتەو لەڕێكەوتی ٢٢ئەیلولی١٩٨٠هەلگیرسا،ئەمەش دوای ئەوەی سوپای عێراق چەندین جار سنورەكانی ئێرانی بەزاند و سەرەتاش سوپای عێراق توانی لەماوەیەكی كەمدا چەند شارێكی ئێران داگیربكات،ئەم شەڕە ماوەی هەشت ساڵی خایاند و زیانێكی زۆری مادی و مەعنەوی بەهەردوو ولاّت گەیاندو كوژراو بریندارێكی زۆری لێكەوتەوەو دواجار لەڕێگەی بڕیاری (٥٩٨)لەڕێكەوتی ٢٠ ئابی ١٩٨٨ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتوەكان شەڕەكەی وەستان.ئەم جەنگەش بەدرێژترن جەنگی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت.

[*] – ئەو ژمارەیەی بەڕێز ئەیوب ڕۆستەم نوسیویەتی ئەوە زانیاریەكە لەساڵی ٢٠٠٣دا تۆماركراون بەڕای من پێم وایە ئێستا سەرجەم گوندەكانی ناوچەی شەمێران لەوە كەمتر ماڵی تێدایە بەشێكی زۆریان هاتوونەتە شارەكان و لەوێدا نیشتە جێبوون و وازیان لەكاروباری گوندنشینی هێناوەو لەشاردا خەریك ژیانی خۆیانن(نوسەر)

کەنەگەڕاونەتـەوە ناوچـەکەی خۆیـان لەهـەردوو شـاری(هەڵەبجـەی تـازە و هەڵەبجە شەهید) نیشتەجێن[١٣٠]،ناوچەکانی دەوروبەری نیشتەجێن.

لەمەوە دەگەینە ئەوەی شەمێرانیەکان نـەك تـەنها وەك پێـشمەرگە قوربانیـان بەخشیوە بەڵکو وەك خاکیش ڕووبـەرووی کاولکـاری و وێرانکـاری و ڕاگواسـتن بوونەتـەوە بەشـێکی زۆری ناوچـەکانیان مـین ڕێـژ کـراوە لەلایـەن دەسـەڵاتی ئەوکاتـەی عێراقەوە،لـەڕابردوودا وەك سـەربازێکی خـوێن ڕێـژ لـە ناوچـەی شـەمێراندا خـەڵکی ئەوناوچـەیان دەکـردە قوربـانی و شـەهید و برینـدا و کەمئەنـدامی دەکردن،لـەدوای ئـەو شـەڕەوە کەڕوویـدا تاکۆتـای نـەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بەهۆی مینەوە بەشـێکی زۆری زەویـەکانی سـنوری شـەمێران زیانێکی زۆری پێگەشتبوو نەدەتوانرا وەك زەویەکی کشتوکاڵی بەکار بهێنرێـت یان وەك لەوەڕگەیەکی باش بۆ ئاژەڵەکانیان بـەکاربهێنرێن و تەنانـەت لـەباری ئابوریشەوە کەس نەیدەوێرا نزیکی ئەو زەویانە بکەوێت و بیان کێڵێـت و بیـان چـێنێت و سـودیان لێوەرگرێـت و زۆر جـاریش زیـانی ئـابوری و ئاژەڵیـشی دەگەیاند چونکە جارناجارێك گاگەلێکی بێ گاوان یان مێگەلێکی بێ شوان ملی دەناو چەند مینێکیان پێدا دەتەقیەوەو دەبویە مایەی زیانی زۆری ئابوری،بەم شـێوەیە سـەدەها پارچـە زەوی بـەبێ چـاککردن و چـاندن و کـێڵان و کـەڵك لێـوەرگرتن دەمایـەوەو دەبویـە هـۆی زیـانی گـەورەی ئـابوری[١٣١]،ئەمـە و جگەلەوەی لەو سەردەمەدا ئەم مینانە مەترسـیەکی گـەورەی لای دانیـشتوانی

---

[١٣٠] – ئەیوب ڕۆستەم:هەگبە و هەوارگە،ل١١٢–١١٣

[١٣١] – جەلال خەڵەف ژاڵەیی:قوربانیەکانی (مین)لەنێوان ساڵانی ١٩٩١–١٩٩٧ لەکوردستانی باشوردا،چاپی یەکەم،چاپخانەی راز،سلێمانی،٢٠٠٤،ل٥٢

ناوچــەکانی شــەمێران دروســت کردبــوو هەمیــشە بەترســەوە دەیــان ڕوانیــە ناوچەکانی خۆیان و هەمیشە لەچاوەڕوانی ئـەوەدان کـەوا بـەهۆی ئـەو مینـە چـێنراوانەوە دووچـاری لەناوچـوون یـاخود کـەم ئەنـدامبوون ببنــەوە چـونکە هێشتا تائـەو قۆناغـەی باسـکرا زۆر ناوچـە هـەبوو لـەو سنورەدا لـەمین پـاك نەکرابویەوە،بۆیـە بەشـێوەیەکی گـشتی عەشـیرەتی شـەمێران بەدانیـشتوانی هــەموو گوندەکانیــەوە زیــاد لــە(٥٠)کەســایەتیان لــەژن و پیــاو منــداڵ بــوون بەقوربانی مین و بەهۆی پاشماوەکانی جەنگەوە کوژران و برنـدار و کەمئەنـدام بوون.لەمەوە دەگەینـە ئـەوەی کـەوا مـین لەناوچـەکەدا کاریگەریـەکی خراپـی لەسەردانیشتوانی گوندەکانی شەمێران هەبووە.



ئەمانـــــــــەش نـــــــــاوی هەنـــــــــدێك لـــــــــەو کەســـــــــانەیە کەلەگوندەکانی(زمناکۆ،وڵوەر،دەنگەوەرە،کۆکۆیی،وەرمن ،ئەحمەد بەگ،دۆڵی ناوحەد،کانی کەوە،تولەبی،دلڤ،بەشی پیرگ)ی عەشـیرەتی شـەمێران بـەهۆی مین و دەستکاری گولەتۆپەوە شـەهیدبوون لەکاتێکدا بەشـێك لـەم شـەهیدانە پێـــــشمەرگەبوون و لەڕێکخـــــستنەکان وەك پێـــــشمەرگە ئیـــــشیان کردەوە،بەشـێوەیەکی گـشتی شـەهیدەکانی پێشمەرگە و هـاوڵاتی شـەمێران

کەبەمینی شەهید بوون بریتین لە:(فەرەج عەبدولحەمید ئەڵماس،یوسف ئەحمەد محەمەد،سەلمان عەزیز عەبدولقادر، عەلی حەمەساڵح قادر،جەمیل حسێن ئەحمەد،عەلی فەرەج پیروەیس[١٣٢] وکەمال محەمەدعارف،ساڵح حەمە ئەمین عزیز[١٣٣]،و کۆچەر عەلی عەبدولاّ،زارا مەحمود محەمەد،عەلی حەسەن عەلی،قادر ئەحمەد عەبدولاّ،ساڵح مەحمود محەمەد،ئیبراهیم سلێمان ساڵح،حەسەن حەمەمین عەلی[١٣٤]، و ئەحمەد محەمەد نوری،محەمەد ڕۆستەم،عەبدولڕەحمان ڕۆستەم،عەمین ئەحمەد[١٣٥]،و سلێمان عەلی لوتفولاّ،ناسیح مەولود خوامراد،حەسەن عەلی بەدر،فایەق مەحمود ڕەحمان،جەلال عەبدولڕەحمان عەبدولقادر،خەلیل عەبدولڕەحمان عەبدولقادر،هەلۆ قادر عەلی،ساڵح محەمەد عەلی،ساڵح کەریم محەمەد،حەمەئەمین عەبدولڕەحمان،ئەمین ئەحمەد محەمەد،حەسەن ئەسعەد عەلی[١٣٦]، و حمیرا عەزیز حەمەساڵح،مەحمود محەمەد نادر،فەرەیدون جەبار ئەحمەد،حەمەمین حەمەئاغا عەبدولقادر،سەرحەد حەسەن عەبدولڕەحیم،ئەحمەد حەمەئەمین نادر،محەمەد حەمەئەمین نادر[١٣٧]،و فاروق مەحمود محەمەد،ئیسماعیل حەمەئەمین عەلی،عائیشە ئەحمەد شێخ

---

١٣٢ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(یوسف ڕەحیم)وەرگیرا

١٣٣ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(محەمەد عارف)وەرگیرا

١٣٤ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(محەمەد عەبدولاّ)وەرگیرا

١٣٥ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(حەمەئەمین شەمێرانی)وەرگیرا

١٣٦ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(سابیر ئەحمەد)وەرگیرا

١٣٧ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(م.حەمەنەزیف)وەرگیرا

حەکەیم[١٣٨]،و(حەمەئەمین سۆفی قادر،نەوشیروان محەمەد مەحمود،عوسمان ئەحمەد محەمەد،نازم خالید فەرەج،سیروان محەمەد عەبدولا،هونەر حەمەئەمین حەمەشەریف،شەمێران مەحمود مەعروف،یەحیا یونس،خالید عەبدولا حەمەسەعید،ئەنوەر عەلی قادر،ڕەوف ڕەشید،پەیمان محەمەد حسێن،مەحمود محەمەد قادر،عەلی حەمە عەبدولقادر میرزا،بەختیار نوری عەمین).

ئەمە و جگە لەوەی کەچەندان کەسی دیکەی ئەم عەشیرەتە بەهۆی کاریگەری مانەوەی چەندین پاشماوەی جەنگی وەك (گولەتۆپ و هاوەن وجۆرەکانی دیکەی مینەوە) کەلەپێشوودا لەهەندێك ناوچەی شەمێراندا مابوون و پاك نەکرابونەوە کەمئەندان و برینداربوون.

بەلآم دەکرێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین و بلێین لەم سالآنەی دوایدا زۆربەی هەرەزۆری زەویە تەختەکان و ناوچەئاوەدانەکان پاککراونەتەوە بەتایبەت لەسالی ٢٠٠١ وە ڕێکخراوی(unop-s٣)(یونۆپس سری) ڕوویان لەگوندەکانی سنوری شەمێران کرد بۆ لەناوبردن و تەقاندنەوەی ئەو مین و تەقەمەنیانەی کەلەوناوچەیەدا بوونی هەبووە،دوای ئەم ڕێکخراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین و(M.A.G*)و ئەو کۆمپانیانەی سەر بەو بەڕێوەبەرایەتیەن

---

١٣٨ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(ئەمجەد محەمەد)وەرگیرا

* - ئەم ڕێکخراوە یەکێکە لەڕێکخراوە ڕێگە پێدراوەکانی هەلگرتنەوەی مین لەکوردستان و لەمانگی ئازاری ١٩٩٢ هاتوونەتە کوردستانەوە بۆ لابردنی ئەو ژمارە زۆرەی مین بەتایبەتی لەکاتی بەرپابوونی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا کە ناوچەی شەمێران بەشێکی زۆری خاکەکەی مین ڕێژ کرا.

لەناوچەی شەمێران کاریان کردووە بۆ پاککردنەوەی ئەو زەویانەی کەمین ڕێژکرابوون چەندین پارچە زەوی کەنزیك بوون لەڕێگەی هاتوچۆی خەڵکانی ئەم ناوچەیە(١٣٩)،پاك کراونەتەوە بەدەیان هەزار مینی جۆراو جۆریان وەك(v.٦٩-vs.٥٠-ts.٥٠-pmn-prom.١-)،لەناوچەکە هەڵگرتوەتەوەو لەناویان بردوون و لەئیستاشدا خەڵکی گوندەکانی ناوچەی شەمێران دەتوانن بەئاسانی سوود لەو زەویانە وەربگرن بۆدەغڵ و دان و کشتوکاڵ و لەوەرگا و ئاژەڵداری بەکار بهێنن،تەنانەت بەهۆی پاکبونەوی ناوچەکەش لەمین ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لەهەموو لایەکەوە سەردانی سنوری شەمێران دەکەن بۆ گەشت وسەیران و لەو ژینگە سروشتیە ڕازاوەدا دەحەوێنەوە و چێژ لەدیمەنی جوانی ناوچەکە وەردەگرن.

---

١٣٩ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(ئارام فەتاح)وەرگیراوە

# كاریگەری كیمیاباران و ئەنفال لەسەر هاولاَتیانی عەشیرەتی شەمێران

ئەگەر چاوێك بەمێژووی عەشیرەتی شەمێراندا بخشێنین ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت خەبات و قوربانی دوور ڕووی یەك دروای ئەم عەشیرەتەن و لەهەموو ڕووداو و كارەساتەكاندا ئەمان قوربانیان بەخشیەوە بەخاكی كوردستان،جگەلەوەی شەمێرانیەكان قوربانی مین و پاشماوەكانی جەنگی عێراق و ئێران بوون وەك مین و گولەتۆپ و جۆرەكانی مین،ئەوان بەردەوام لەڕووداوەكاندا دووچاری كارەسات و قوربانیدان بوونەتەوە و چەندین كەسیان لێبوە بەقوربانی،تەنانەت لەكارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجەدا چەندین خێزان و كەسایەتی شەمێرانی بوون بەقوربانی ئەو كارەساتە جەرگ بڕەكەوتن،وەك لەكتێبی هەڵەبجە كارەساتی كیمیابارانی ١٩٨٨دا ناوی چەندین كەسایەتی شەمێرانی هێناوە كە بوون بەقوربانی هێرشی كیمیایی ڕژێم وەك:ئامینەی هاوسەری عەزیز،بارام حەمە ئەمین قادر،محەمەد مەحمود عیسا[١٤٠].

هاوكات لەگەڵ ئەوانەشدا چەندان كەسایەتی دیكەی گوندەكانی ئەم عەشیرەتە بەركیمیاباران كەوتن چ وەك تاك و چ وەك خێزان ئەمانەش وەك(جەمینە محەمەد سەعید،عەتا محەمەد،لەیلا محەمەد،تابان محەمەد،فەرمان محەمەد،سیروان محەمەد،مەهابات محەمەد،لاولاو محەمەد) و خێزان و منداڵەكانی حەسەن مەحمود وەك(فەیمە عەزیز،ئازاد حەسەن،مەهابات

---

١٤٠ - هەورامان عەلی تۆفیق:هەڵەبجە–كارەساتی كیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،چاپی یەكەم،هەولێر،٢٠٠٠،ل٧٦–٧٧

حەسەن،ئاوات حەسەن،شێرزاد حەسەن،نەوزاد حەسەن،سەردەشت حەسەن) و پرشنگ ئەحمەد مەحمود و محەمەد مەحمود کاکەحەمە و حەبێ عەبدولڕەحمان) و حەمەعەلی فەتاح سەعید و مندالّەکانی بەناوەکانی(هەورامان حەمەعەلی،نیگار حەمەعەلی،شەیما حەمەعەلی،شلێر حەمەعەلی)ئەمانە نمونەیەکی کەمی قوربانیانی دیکەی ئەم عەشیرەتەن کەبەر هێرشی کیمیابارانی ڕژێمی بەعس کەوتون و لەنێوچوون.

ئەمە جگە لەوەی چەندین خێزانی ئەم عەشیرەتە کەژمارەیان نزیکەی یازدە خێزان بوون بەر شالاّوی ئەنفال کەوتن و برانە گرتوخانەی (نوگرە سەلمان)بەمەبەستی ئەنفالکردن و لەناوبردنیان و زیندەبەچالّکردنیان،هەندێك کەسیان لەو گرتووخانەیەدا مردن،

تەنانەت خودی خۆم و کەس و کار و خێزانەکەشم بۆماوەی دوو تاسێ مانگێك لەو گرتووخانەیە مانەوە دواجار ویستی خودا وابوو هەموو ئەوکەسانەی عەشیرەتی شەمێران و ناوچەکانی دیکەش کە لەوێدا بەندکرابوون بەر عەفوات کەوتن و ڕزگارکران بەلاّم بەداخەوە دیسان ئەم عەشیرەتە لەم ڕووداوەشدا چەندان قوربانیان بەرکەوت و هەندێکیان لەوێدا مردن وەك(سەباح مەحمود عەلی)کەبە بەرچاوی خۆمەوە گیانی لەدەستدا و هەر لەوێدا کرا بەژێر لمی بیابانی نوگرە سەلمانەوە.ئەمەو جگە لەوەش چەندین کەسایەتی دیکەی ئەم عەشیرەتە بەر ئەم شالاّوە کەوتن و ئەنفالکران وەك(حەنیفە حسێن ئەمین،عەلی محەمەد حەمەئەمین،ئاهو محەمەد حەمەئەمین،ئەحمەد عەلی،حەسەن عەلی،ناسکە عەلی،ئاسکە عەلی) و(ڕوناك قادر حەمەئەمین و کافیە قادر حەمە ئەمین) و (نیهایەت شەریف مەجید،بەهار شەریف مەجید)

لەمەشـەوە دەگەینـەوەی شـالأوی ئـەنفال و کیمیابـارن نەهامەتیـەکی دیکـەی بەسەر ئەم عەشیرەتەدا هینا و چەندان کەسی لێکردن بەقوربانی و کۆسـتێکی گەورەی بەسەر ئەم عەشیرەتەدا هێنا.

# كاریگەری شەڕە ناوخۆییەكان لەسەر عەشیرەتی شەمێران

وەك ئاشكرایە لەمێژووی زۆربەی میلەتانی جیهاندا قۆناغێك هەیە بەشێكی زۆری نەتەوەكان پێیدا تێپەر دەبن ئەویش قۆناغی شەڕی ناوخۆیە،ئەم قۆناغەش ماوەی سالێك یان چەندسالێك دەخایەنێت و زیانێكی زۆر بە دانیشتوانی ئەو نەتەوانە دەگەیەنێت،لەمێژوودا زۆر جار ئەم شەڕانە لەنێوان دوو نەتەوەی ناو یەك دەولەت یان میرنشنی یەك هەرێم یان دوو پارتی ناو یەك دەولەت و یەك هەرێم كەهەموویان سەربەیەك نەتەوەن ڕوودەدات و قوربانیەكی زۆری گیانی لێدەكەوێتەوە بەمەش كاردانەوەیەكی خراپی سیاسی و كۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

بەلأم دەشێت ئەوە بۆ مێژوو بلێین یەكێك لەو نەتەوانەی بەدرێژایی مێژوو زۆرترین قۆناغی شەڕی ناوخۆی بەخۆیەوە بینیوە نەتەوەی كوردە،مێژووی ئەم ڕووداوەش بابەتێكی تازە نیە بەلكو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەكانی شازدە و حەڤدە لەمێژووی كورد،جائەم شەڕانەش بەویستی خۆیان بوبێت یان بەهۆی دەستی دەرەكی بەسەریاندا سەپێنرابێت بۆ مەبەستی خۆیان لەپێناو توانەوەی نەتەوەی كورد بەدەستی خۆیان،ئەگەر چاوێك بەنێو مێژووی میرنشینە كوردییەكاندا بگێڕین ئەو هاوكێشەیەی سەرەوەمان بۆ دەسەلمێت كەچۆن مێژووی كورد لێوان لێو بووە لەشەڕی ناوخۆ ئەمەش لەسەدەی شازدەوە تا كۆتاییەكانی سەدەی بیست لەمێژووی كورد كەماوەی چوار سەدە لەمێژووی كورد لەژیانی میر و میرنشین و خێل و عەشیرەت و دواتر پارتە كوردیەكان ناوبەناو ڕوویداوە، مێژووش شایەتی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەدات كە چۆن میرومیرنشینە كوردییەكان لەپێناوی مانەوەی خۆیان هێرشیان

كردەوەتە سەریەكتر لەبری یەك ڕیزی ڕیزەكانی خۆیان تێكداوە و لەهەوڵی لەنێوبردنی یەكدیدا بوون ئەمەش لەنێوان میرنشینەكانی(ئەردەڵان و بابان و سۆران و بۆتان و میرەكانی دیكە) لەكاتێكدا ئەوان دەیان توانی سود لەململانێكانی هەردوو دەوڵەتی سەفەوی وعوسمانی وەرگرن و وەك هێزی سێیەم دەركەون.ئەم شەڕە ناوخۆییانەی نێوان میرنشینەكان لەمێژوومان‌دا ڕەنگی دابویەوە و دووبارە دەبویەوە وەك جان پۆل سارتەر دەڵێت(هەركەس مێژوو نەزانێت دووبارەی دەكاتەوە).

بەڵام مەخابن ئێمەی كورد زۆر جار پەند لەهەڵەكانی مێژوومان وەرناگرین ولەنێو هەمان بازنەی شەڕی براكوژیدا خۆمان دەبینیەوە،تەنانەت لەناوەڕاستی شەستەكانی سەدەی بیستەم تاهەشتاكانی هەمان سەدە بەشێوەیەك لەشێوەكان شەڕی ناوخۆیی خەریك بوو لەنێوان چەند لایەنێك دەردەكەوت هەر ئەمەش بویە هۆی ئەوەی پەند لەهەڵەكانی مێژوو وەرنەگرین،لەبەر ئەوەش لەم ململانێیەدا چەندان تاكی كورد لەنێوچون لەعەشیرەتەكانی دیكەی كوردستان و چەند كەسایەتیەكی دیكەی شەمێرانیش بوون بەقوربانی شەڕە ناوخۆییەكانی ئەو سەردەمە وەك(ئەنوەر مەحمود محەمەد سان ئەحمەد،حەمەسالْح محەمەد سان ئەحمەد،ئەمەمین حەمەسالْح،فەرەج حەمەسالْح،تایەر محەمەسان ئەحمەد،حسێن ئەحمەد سان ئەحمەد،محەمەد عەبدولڕەحیم ئەحمەد،عەلی عەبدولاّ عەبدولقادر هەواس،عەبدولڕەحیم عەبدولاّقادر،محەمەد عەبدولاّ[١٤١]) و (سالْح حسێن ڕەحمان،عوسمان عەلی محەمەد).

[١٤١] – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(محەمەد حاجی زایەر) وەرگرا

وەك ئاماژەمان پێدا بەشێوەیەك لەشێوەكان و بەهەر هۆكارێك بێت شەڕی ناوخۆی زیاتر پەرەی دەسەند و زیاتر لەسەر شانۆی سیاسی كۆمەڵگەی كوردی خۆی نمایش دەكرد تاگەشتە سالأنی نەوەدەكانی سەدەی بیستەم ئەو قۆناغەش سەردەمی شەڕی ناوخۆی براكوژی بوو لەباشوری كوردستان بەتایبەت لەدەیەیی كۆتایی هەمان سەدە لەنێوان پارتە كوردیەكانی باشور و هێزێكی دیكەی كوردی بوو لەپارچەیەكی دیكەی كوردستان،لەڕاستیدا بەگشتی ئەمە لاپەڕەیەكی ڕەشە لەمێژووی میلەتی كورد و كاریگەری وكاردانەوەیەكی خراپی لەسەر عەقڵیەتی تاكی كورد و مێژووی كورد هەبوە و تەنانەت بەپێی یاسای مێژووش یەكێك لەهۆكارەكانی دروست نەبوونی دەوڵەتی كوردی لەمێژوماندا خۆخۆری كورد وشەڕی ناوخۆی براكوژی كوردیی بووە كەلەبری یەكێتی و یەك ڕیزی كورد خۆیان بەدەستی خۆیان دەرفەتی بوون بەدەوڵەتیان لەدەستدا و نەیان توانی وەك هێزێكی سەرەكی دەربكەون.

لەڕاستیدا شەڕی ناوخۆ لەمێژووی هەرمیلەتێكدا قۆناغێكی نەخوازراو دژوارە بۆ ڕۆڵەكانی ئەو میلەتە چونكە هەموو قوربانییەكان بەدەستی ئەو میلەتەخۆیەتی،ئەمەش لەمێژوودا بەقۆناغێكی شەرمەزاری و ڕەش و شوم بۆ مێژووی ئەو میلەتە ئەژماردەكرێت،ئێمەش ئامانجمان لەنوسینی ئەم بەشەئەوەیە كەبەئاواتەوەین جارێكی دیكە لەمێژووی كوردا چ لەئێستا و چ لەداهاتوودا دووچاری شەڕی ناوخۆیی براكوژی نەبین و چیدی ڕۆڵەكانمان بەدەستی خۆمان لەنێو نەبرێن و جارێكی دیكە ئەو شەڕە دووبارەنەبێتەوە.لەم شەڕەناوخۆیانەشدا تەواوی كۆمەڵگەی كوردی بەگشتی

دووچاری زیان و ماڵوێرانیەکی خراپ بوون و بەشێك لەڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بوون بەقوربانی شەڕی ناوخۆی براکوژی کورد،لەم شەڕانەشدا بەشێکی زۆری عەشیرەتەکوردەکان قوربانییەکی زۆریان بەرکەوت و بەشێکی زۆری لاوەکانیان بوون بەقوربانی شەڕی ناوخۆ،یەکێك لەو عەشیرەتانەش عەشیرەتی شەمێرانی بوو کەبەدرێژایی شەڕی ناوخۆی پارتە کوردیەکانی باشووری کوردستان قوربانیەکی زۆری بەرکەت و ئەکرێت بڵێین ئەم عەشیرەتەپشکی شێری لەقوربانیەکانی شەڕی ناوخۆی بەرکەت،ئەمەش بەهۆی کاریگەری شەڕی ناوخۆی پارتە کوردییەکان بوو بێ گوێدانە هیچ ئینتیمایەکی نەتەوەیی لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی دیار و بەرچاوی ڕۆڵەکانی ئەم عەشیرەتە کوردە بوون بەقوربانی بەمەش شەڕی ناوخۆ کاریگەرییەکی زۆر خراپی لەسەر ئەم عەشیرەتە هەبوو کەدەیان کەسی بەتواناو قارەمانی لە کەسانی گەنج و بەتەمەنی ئەم عەشیرەتە بەر ئەو قۆناغە نەخوازراوەی شەڕی ناوخۆی پارتە کوردییەکان کەوتن،لەکاتێکدا ئەمانە بۆ سەربەرزی کوردستان ڕێگەی پێشمەرگەیایەتی ومەردایەتیان هەڵبژراد ویستیان ڕووبەڕووی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بجەنگن و لەڕێگەی خاکی کوردستان ببن بەقوربانی بەڵام ئەمانە شەڕی ناوخۆی براکوژی کردنی بەقوربانی و نەگەشتن بەئاواتەکانی ژیانیان.

سەرئەنجام دەتوانین بڵێین ئەم عەشیرەتە لەماوەی شەڕە ناوخۆییەکانی ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم ژمارەیەکی زۆری کەسی قارەمان و چاو نەترسی ئەم عەشیرەتەی کردە قوربانی بەمەش زیانێکی زۆری گیانی بەهاوڵاتیانیئەم عەشیرەتەگەیاند و چەندان گەنجی جوانەمەرگ کرد و جەرگی

چەندان دایکی سوتاند و ئاواتەکانیانی ئاوێتەی گڵ کرد.ئەمەش ناوی ژمارەیەك لەو شەهیدانەیە کەبوون بەقوربانی شەڕی براکوژی و کوردکوژی بەهۆی تێنەگەشتنمان لەهەڵەکانی مێژوو. شەهیدەکانیش بریتین لە(سالار عەبدولڕەحمان قادر،عەلی عارف مارف،سابیر عەلی قادر،مەحمود ئەحمەد محەمەد،یاسین حەمەساڵح عەبدولا،ئازاد کەریم ڕەحیم،حەمەئەمین محەمەد خوامراد،نورەدین عەبدولڕەحمان عەلی،هادی ساڵح ئەحمەد).(محەمەد عەلی ئەمەین ناسراو بەحەمەی مامۆلی،کەریم محەمەد حەسەن[١٤٢])،( سلێمان ئەحمەد مستەفا،جەلیل ئەحمەد عەبدولقادر،عەبدولا ئەحمەد عەبدولقادر،جەلال ئەحمەد عەبدولقادر،بەکر کەریم ئەحمەد،حەمید حەمەئەمین عەزیز،فایەق حەمەئەمین عەزیز،سەعید حسین حەمەساڵح،عومەر حسین حەمەساڵح،حسین عەبدولقادر عەلی،حەسەن عەبدولقادر عەلی،عەبدولا عەبدولڕەحمان قادر،عەتا ئەحمەد عەلی،سەلام محەمەد عارف،کازم عەلی عەبدولڕەحمان،حسەین عەلی مستەفا،جەمیل ئەحمەد محەمەد،نەوزاد عەزیز محەمەد،مەهدی عەبدولا حەمەسەعید،زمناکۆ عەزیز محەمەد،عیزەدین ئەحمەد عەبدولقادر،سامان محەمەد حسەین،ئەنوەر محەمەد میرزا،سەرکەوت عەبدولا محەمەد،عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان،حەمەئەمین محەمەد عەلی،بەکر سدیق عەلی،ئیحسان محەمەد مستەفا،خالید ئەحمەد حەمەساڵح،عەباس مەحمود عەبدولا،عەلی ئەحمەد عارف،فاخر تاهیر حەمەساڵح،عەزیز عەبدولا حەمەئەمین[١٤٣])،(کەریم مەحمود عەبدولڕەحمان،بورهان حەمەساڵح

---

١٤٢ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(محەمەد حاجی زایەر)وەرگیرا

١٤٣ – ئەم زانیاریە لەبەڕێز(گۆران سلێمان ئەحمەد)وەرگیرا

عەبدولڕەحمان،حەیدەر مەحمود عەلی)،(محەمەد حەسەن جەلیل،کاوە عەزیز محەمەد)،(عوسمان کەریم ئەحمەد،مەهدی ساڵح ئەحمەد،ئیبراهیم مارف،عەبدولڕەحیم عەبدولڕەحمان قادر،حەیدەر حەمەئەمین حەمەساڵح) و (عەدنان عەبدولا خالید،محەمەد عەلی عەبدولمحەمەد).هەموو ئەم کەسایەتیانەی لێردا ناویان هاتووە ئەمانە کەسانی عەشیرەتی شەمێرانین کەگەنجینەیەکی گرنگ و پڕبایەخی ئەم عەشیرەتەبوون بەلاَم مەخابن شەڕی ناوخۆ ئەم کارەساتە گەورەیەی بەسەر ئەم عەشیرەتەدا هێنا.

بەشێوەیەکی گشتی لەنێو شەهیدەکانی ئەم عەشیرەتەدا لەناوەڕاستی شەستەکانەوە تادەیەی کۆتای سەدەی بیستەم چەندان کەسی سیاسی و کۆمەلاَیەتی هەبوون چ لەناو شەمێران و چ لەدەروەی عەشیرەت و لای سەرکردە سیاسیەکانیش ناسراوبوون،ئەوانە بۆ ئەمڕۆی مێژووی سیاسی و کۆمەلاَیەتی گرنگی تایبەتی خۆیان هەبوو بەلاَم مەخابن کورد و عەشیرەتی شەمێران ئەو گەنجینەگرنگەیان لەدەستدا بەمەش ئەکرێت بلێین کەلێنێك کەوتە نێو کەسایەتیە ئازاو قارەمانەکانی ئەم عەشیرەتە،بەلاَم خۆشبەختانە دوای ئەو هەمووە قوربانیە لەئێستادا شەمێرانیەکان لەکۆڕی خەباتی کوردایەتی بەردەوامن و هەمیشە وەك کوردپەروەرێك ئامادەی قوربانیدانن.

# شوێنەواری قەلاّی پشت قەلاّی شەمێران

کوردستان یەکێکە لەمەڵبەندە کۆنەکانی مێژوو لەڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و یەکێکە لەوخاکانەی کەچەندان دەسەلاّت و ئیمپراتۆر بەدرێژایی دەسەلاّتی خۆیان داگیریان کردووە و فەرمانڕەوایەتیان تێدا کردوە و بەردی بناغەی دەسەلاّتیان تێدا دامەزراندەوە و چەندان شارستانیەتی گرنگ و پڕبایەخیان تێدا بنیاتناوە و چەندان شوێنەوار و پاشماوەیان لەسەر خاکی کوردستان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بەجێ هێشتوە،لەوانەش وەك قەلاّ و گرد وپەرستگا و چەندان ئاسەواری دیکە کەشایەنی لەسەر وەستان و شرۆڤەکردنن لەناوچە جیاوازەکانی کوردستان،ئەوەی مەبەستمانە لەسەری بدوێین و شرۆڤەیەکی کورتی لەسەر بکەین شوێنەوارێکی گرنگ و پڕبایەخە ئەویش (قەلاّی پشت قەلاّ)ی شەمێرانە کەتائێستا ئاسەوار و بەشێکی دیوارەکانی ئەو شوێنەوارە هەرماوە هاوکات لەگەڵ گۆڕستانی جولەکە و دۆزینەوەی چەندین پارچەئاسەواری کۆن لەناوچەکە.


پاشماوەی دیواری قەلاّی پشت قەلاّ

قەلاّی پشت قەلاّ یەکێکە لەقەلاّ شوێنەواریەکانی ناوچەی شەمێران کەتائێستا توێژینەوەیەکی گرنگی لەبارەوە نەکراوە و لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی

شوێنەواریەوە پشت گوێ خراوە،لەکاتێکدا ئەم قەڵایە هیچی لەقەڵا وئاتەشگە و ئاسەوارەکانی دیکەی کوردستان کەمترنیە و ئەگەربێت و شوێنەوارناسان و مێژوونوسان بەجدی ئیشی لەسەربکەن و کنەوپشکنینی تەواوی تێدابکەن و توێژینەوەی مێژووی ئەکادیمی لەسەربکرێت چەندان لاپەڕەی گرنگ بۆ خەرمانی مێژووی کورد و کوردستانمان تۆماردەکرێت کەئەمەش دەسکەوتێکی گرنگ و پڕبایەخە،بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی جوگرافیەوە ئەم قەڵایە دەکەوێتە سنووری نێوان هەردوو عەشیرەتی شەمێران و تاوگۆزی سەر بەقەزای دەربەندیخان و دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیەوە لەباشوری کوردستان زۆرجار ئەم شوێنەوارە گرنگە بەقەڵای پشت قەڵا یان گوندی پشت قەڵا ناوی هاتووە،چونکە لەکاتی خۆیدا ژمارەیەك ماڵ لەنزیك ئەو قەڵایەدا ژیاون.

ئەم قەڵایە یان ئەم گوندە کەلەسەرچاوە مێژووییەکاندا بەو دووناوەوە ناسراوە. یەکێکە لەگوندەکانی سەرسنووری ناوچەی( تاوگۆزی-شەمێران)سەربەناوچەی شەمێرانە.کەلەکاتی خۆیدا نزیکەی بیست ماڵێکی تێدا دەژیا[١٤٤]،ئەم گوندە لەناوچەیەکی سەختی پڕ لەشاخ و تەپۆڵکەدایە،ناوی گوندەکەش(گوندی پشت قەڵا) لەبونی قەڵاکەوە ناونراوە کە کەوتوەتە بەشی باکوری گوندەکەوە بەدووری چەند مەترێك[١٤٥]. قەڵاکە بەشوێنێکی بەرز و سەختەوە هەڵکەوتووە کاتی خۆی بەتەنیا ڕێگەیەکی هەبووە مرۆڤ بتوانێت بچێتە ناوی،دواتر ئەم قەڵایە وێران بووە و دووچاری ڕووخان و لەناوچوون

---

١٤٤ – حەکیم مەلا ساڵح:سەرچاوەی پێشوو،ل٧٦

١٤٥ – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٦٧

بوەتەوە ئەمەش بە هۆکاری سروشتی یان هۆکاری مرۆیی بووە کە بەهۆی گەڕان بۆ ئاسەواری کۆن وێران کراوە.

لەئێستاشدا سەرکەوتن و گەشتن بەقەڵاکە گەلێك گرانەو دەبێت لەخۆرهەڵاتیەوە بۆی بسوڕێیتەوە و بەرەو باکوری قەڵاکە بڕۆیت،کەلەهەندێك شوێندا سەرکەوتن هێندەگران دەبێت مرۆڤ کەبۆی دەچێت یاری بەژیانی خۆی دەکات ئەمەش بۆ سەختی سەرکەوتنەکە و بەرزی لوتکەی قەڵاکە دەگەڕێتەوە[١٤٦].

ئەوەی گرنگە ئامازەی بۆبکرێت تائێستاش پاشماوەی دیوارەکانی قەڵاکە لەژوور و دیوار و قولە و بناغەکەی هەرماوە کەبەشێوەیەکی چوارگۆشەی لەبەرد و قسڵ دروستکراوە و پێکهاتووە لەنەخشەیەکی نیوە چوارگۆشە یان هێلکەیی کە حەوشەی قەڵاکە لەدەرەوەی ئەم پاشکۆیەوەیە،بەشی باشوری شێوەی نیوە بازنەیی هەیە و بەرەو خوار دەبێتەوە هەرچەندە قولەکە لای باکوری خۆرهەڵاتی و باشوری ڕووخاوە بەڵام وەك شێوەکەوانێك بەرزیەکەی زیاتر لەچوارمەتری بەپێوە ماوە و لەدیوی ناوەوەیدا پاشماوەی بیرێك دەبینرێت و لەوەدەچێت بۆکۆکردنەوەی ئاو بوبێت[١٤٧]،لەپێشتردا ناو قەڵاکە بەشی پێویستی خۆی ئاوی تێدابووە، ئەمەش لە(چیای زەواڵی)ەوە ئاوی بۆ ڕاکێشراوە کەکانیاوێکی باشی تێدایە[١٤٨].

---

[١٤٦] – کەمال نوری مەعروف:تیشکێك بۆ سەر مێژووی قەڵای شەمێران،گۆڤاری کەلەپوری کورد،ژمارە(١٨)ی پایزی ٢٠٠٤،ل٤١

[١٤٧] – کەمال نوری مەعروف:سەرچاوەی پێشوو،ل٤١

[١٤٨] - حەکیم مەلا ساڵح:سەرچاوەی پێشوو،ل٧٦

ئەم قەلآیە بەسەر  بانێکەوەیە کە بەرزیەکەی دەگاتە زیاد لە(٢٥٠)م لەڕووی بەشی باشوریەوە،بەلاّم بەرزی بانەکەی لەڕووی بەشی باکوریەوە بەرزترە و بەرزیەکەی دەگاتە نزیکەی (٧٥٠)م،ناوچەکە لەڕووی هەڵکەوتەی جوگرافی و تۆبۆگرافیەوە  سنوری قەلآکە شاخاوی و سەختە[١٤٩]،قەلآکە دەکەوێتە سەرلوتکەیەکی بەرز لەزنجیرە شاخی شەمێران،ئەم قەلآیە دەکەوێتە خۆرهەلاّتی گوندی شەمێران یان باکوری گوندی دلْفی حاجی مەجید یاخود باشووری گوندی پشت قەلاّ،بەپێی سەرچاوەکان مێژووی قەلآکە بۆ سەردەمی ئاشووریەکان دەگەڕێتەوە[١٥٠]،لەگەلْ ئەوەشدا هەندێکی دیکە ئاماژە بەوەدەکەن بۆ سەردەمی ساسانیەکان دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بەمێژووی ئەم  قەلآیەخوسرەوجاف دەنوسێت:قەلآیەك لەو دەڤەرەدا ناسراوە بەقەلآی شەمێران ئاسەواری سەردەمی دەسەلاّتی ئیمپراتۆری ساسانییە[١٥١]. لەم قەلآیەدا چەندان پارچەئاسەواری کۆن دۆزراوەتەوە،لەوانەش ژمارەیەك پارچەگۆزە یان لەتەگۆزەی سورباو کەبەشێوەی نیوە بازنەیەك بۆ دواوە هاتوەتەوە و لەو دەمە گۆزانە بوون کەبۆ چاخی ساسانی دەگەڕێتەوە دۆزراوەتەوە[١٥٢]،

---

١٤٩ – کۆچەر کەریم حەمە عەلی:سەرچاوەی پێشوو،ل٦٧

١٥٠ – کەمال نوری مەعروف:سەرچاوەی پێشوو،ل٤٠

١٥١ – خوسرەوجاف:سەرچاوەی پێشوو،ل١٩١

١٥٢ – کەمال نوری مەعروف: سەرچاوەی پێشوو،ل٤٣–٤٤



جگە لەوانەش هەندێك خشتی سوور دۆزراوەتەوە،هەندێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوەدەكەن كەمێژووی دروستكردنی و ئاوەدان كردنەوەی قەڵای شەمێران بۆچاخی دوای ساسانیەكان دەگەڕێتەوە.دەربارەی ئەوەی كێ فەرمانڕەوای كردەوە لەنێو ئەو قەڵایەدا ئەوە دەخرێتەڕوو كەوا ئاماژە بەناوی شەمێران دەكرێت دەڵێن ناوی شەمێران لە(شەش مێران)ەوە هاتوە و دەوترێت: قەڵایەكی دێرین هەیە لەنێوان شەمێران و تاوگۆزیدا كە تائێستاش پاشماوەی ماوە،گوایە شەش میری لێبووە و فەرمانڕەوایەتیان كردوە و ناونراوە شەمێران،بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبكرێت ئەوەیە پێویستە دەستەیەكی ئەكادیمی شوێنەوارناسی كنەوپشكنینی تێدابكەن و زانیاری تەواویش دەست دەكەوێت لەوەی كەوا ئەم شوێنەوارە بۆ كەی بۆ چ سەردەم و چ دەسەڵاتێك دەگەڕێتەوە و بەمەش لاپەڕەیەكی پڕبایەخ بۆ مێژوومان تۆمار دەكەین چونكە ئەم شوێنەوارە وەك هەموو شوێنەوارەكانی دیكەی كوردستان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و لەهەمان كاتیشدا ئاماژەیەكیشە بۆ سەلماندنی ئەوەی كەوا ئاوەدان كردنەوەی ئەو ناچەیە زۆر كۆنە.

# ئەنجام

وەك چۆن هەموو توێژینەوەیەك سەرەتا و ئەنجامێكی هەیە ئەم توێژینەوەیەش ئەنجامێكی هەیە،بەشێوەیەكی گشتی لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەشتمە ئەوەی كەشەمێرانیەكان لەسەرەتادا بە(یەزدان بەخشی) ناویان دەركردووە و ناویان كەوتوەتە نێو لاپەڕەكانی مێژوو،ئەمانیش یەكێكن لەتیرەكانی عەشیرەتی جاف(جافی مورادی) و لەقۆناغێك لەقۆناغەكانی مێژوودا هاتوونەتە ناوچەی شەمێران و دەستیان كردووە بەئاوەدان كردنەوەی ناوچەكە و چەندین گوندیان لەو سنورەدا ئاوەدانكردوەتەوە.

ئەم عەشیرەتە سەرەتا كۆچەر بوون بەلاّم دواتر وازیان لەوە هێناوەو بەدووەم هۆزی جاف دادەنرێن وازیان لەكۆچەری هێناوەو لەناوچەی شەمێراندا نیشتەجێ بوون و ئەو ناوچەیەیان ئاوەدان كردەوەتەوە،دواتر ناوچەكەیان بەشەمێران و خۆشیانی بەشەمێرانی ناسران ولەئێستادا یەكێكن لەعەشیرەتە ناسراوەكانی باشوری كوردستان،شەمێرانیەكان وەك هەموو عەشیرەتەكانی تر لەناوچەكانی خۆیاندا بەكاری كشتوكالّ و ئاژەلّداری و مەڕومالاّت بەخێوكردن و ڕاوكردن و ڕاوەماسی وچەندین ئیشی دیكە خەریك بوون لەپێناو بژێوی ژیاندا كەوتونەتە ململانێی سروشت بۆ دەست كەوتنی ژیانێكی سادە و خۆشگوزەران و ئاوەدانكردنەوەی ناوچەكەیان.لەپاش دروستكردنی بەنداوی دەربەندیخان كەلەناوەڕاستی سالّەكانی سەدەی بیستەمدا دروستكرا،بەشێكی خاكی ئەم ناوچەیەو چەند گوندێكی كەوتنە ژێرئاوەوە،بەهەمان شێوە خاكی ئەم ناوچەیە لەهەشتاكانی هەمان سەدەدا لەشەڕی عێراق و ئێراندا دووچاری

کاولکاری و وێرانبوون هات و بەشێکی زۆری خاکەکەی مین ڕێژکرا و زیانێکی زۆری مادی و مەعنەوی بەدانیشتوانی ئەم ناچەیەگەیاند.

ئەم عەشیرەتە لەمێژووی خۆیاندا خاوەن چەندین کەسایەتی سیاسی و زانای ئاینی وناودار و لێهاتوو بوون توانیویانە لەمێژووی کورد لاپەڕەکەی گەشی ئاینی و هەم نەتەوەیی بۆخۆیان و نەتەوەکەمان تۆمار بکەن و بیکەنە سەروەری بۆخۆیان و عەشیرەتی شەمێران،لاپەڕەیەکی گەش بۆ مێژووی کورد و کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخزازی کورد تۆماربکەن.

لەمێژووی ئەم عەشیرەتەدا چەندان کەسی بەتوانا و ناودار و لێهاتوو دەرکەوتوون و هاوخەباتی شورشگێڕان و ڕزگاریخوازانی کورد،پێشمەرگانە و قارەمانانە ڕووبەڕووی داگیرکەران بوونەتەوە و هاوکاری بەهێزی شۆڕشی شێخی نەمربوون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئینگلیزەکان، تەنانەت لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا کوردپەروەرانە و نیشتیمانپەروەرانە لەسەنگەردا بوون و لەپێناو پاراستنی خاك و نیشتیمان خەباتیان کردووە و لەو پێناوەشدا چەندان شەهیدیان بەم خاکە بەخشیوە،ئەمانە نەك تەنها خۆیان بەڵکو گوندەکانیان وەك مەڵبەند و وەك سەنگەرێکی بەهێز کردوەتە سەنگەر و ماڵی پێشمەرگەو لەئاست ئەمەدا هیچ کات کەمتەرخەم نەبوون وخۆیان بەخاوەن ماڵ نەزانیوە و لەخزمەتیاندا بوون و هاوکاریان بوون.

جگە لەوەی ئەم عەشیرەتە بەجەستە قوربانیان داوە لەگەڵ ئەوەشدا بەخاکیش قوربانیان داوەو سنورێکی زۆری گوندەکانی ئەم عەشیرەتە مین ڕێژکراوە و ئەمەش کاریگەری خراپی کردوەتەسەر ناوچەکە و بۆماوەیەکی زۆر

زەویـــەکانی ئـــەم ناوچـــەیە نـــەدەتوانرا بـــۆ کـــشتوکاڵ و لـــەوەڕگای ئـــاژەڵ بەکاربهێنرێت و دووبارە بەهۆی ئەم مینانـەوە ژمارەیـەکی زۆری هـاولاتی ئـەم گوندانە کوژران و بریندار وکەمئەندام بوون.

ئەم عەشیرەتە کوردە بەرشـالاَوەکانی ئـەنفال و کارەسـاتی کیمیابـارانی ڕژێـم کەوت و چەندان کەسـی کردنـە قوربـانی کارەسـاتێکی گـەورەیان بەسـەر ئـەم عەشیرەتەهێنا.

جگە لەکاریگەری مـین و ئـەنفال و کیمیابـاران ئـەم عەشـیرەتە بـەردەوام بـوو لەقوربانیدان،یـەکێکی دیکـە لـەو کارەسـاتانەی زیـانی بـەم عەشـیرەتەگەیاند شـــەڕی نـــاوخۆی براکـــوژی بـــوو ئەمـــەش لەخۆناغەجیاوازەکانیـــدا تاکۆتـــای نەوەدەکانی سەدەی بیـستەم چـەندین کەسـی ئـازاو قارەمـانی و شۆڕشـگێڕی کردە قوربانی و دیسان مالوێرانی ئاوێتەی جەستەی ئەم عەشیرەتەکرد.

لەگەڵ ئەو هەموو قوربانی و ماڵوێرنیەی بەسـەر ئـەم عەشـیرەتەدا هـات بـەلاَم عەشـیرەتە بەهـەمان شـێوەی عەشـیرەتەکانی تـر لـەژیان و خـەباتی کـورد و کوردسـتان تائێـستاش بـەردەوامن و هـەموکات بـۆ پاراسـتنی خـاکی پـیرۆزی کوردسـتان خۆیـان بەپێـشمەرگە دەزانـن و هـەمووکات ئامـادەی قوبانیـدانن و مێژووش ئەو شایەتیەمان بۆ دەدات کەچەندە ئەم عەشیرەتە قوربانیدەر بوون بـۆ مێـژووی کـورد و شۆڕشـی کوردسـتان ئـەکرێت بڵـێین ئـەم خەباتەشـیان لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوو تائێستا بەردەوامە.

# پاشـــــــــــــــــکۆ














حەمە شەمێرانی،مەسعودبارزانی، مەحمود عوسمان



حەمە شەمێرانی لەگەڵ کۆمەڵێك پێشمەرگەدا



محمد قادر ناسراو بەحەمەشەمێرانی



کاك حمە شورتە و کاك حمە مین شەمێرانی



مەلا مستەفابارزانی و حەمەشەمێران



محەمەد حەسەن(حەمەشوتە)



سلێمان ئەحمەد



فەرەج عەبدولمحەمەد



یوسف ئەحمەد




نەخشەی گوندەکانی شەمێران




گوندی زمناکۆ

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

١. ئەیوب ڕۆستەم:هەگبەوهەوارگە،چاپی یەکەم،٢٠٠٣

٢. ئەحمەد خواجە:چیم دی،بەرگی یەکەم،چاپخانەی شەفیق،بەغداد،١٩٦٨

٣. ئەحمەد حسێن محەمەد:ژیان و یادەوریەکان،چاپخانەی چوارچرا،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١١

٤. ئەحمەد محەمەدناسراو باوەڕ:دۆزی کورد لەپەیوەندیەکانی عێراق-ئێراندا(١٩٣٧-١٩٤٧)،سلێمانی٢٠١٠

٥. بەکر حەمەسدیق عارف:لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵبجە(١٧٠٠-١٩٥٨)،چاپی یەکەم،١٩٩٧

٦. جەلال خەڵەف ژاڵەیی:قوربانیەکانی (مین)لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-١٩٩٧ لەکوردستانی باشوردا،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕاز،سلێمانی،٢٠٠٤

٧. جەمال بابان:گەشتێ بەناخی تەمەندا،چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٧

٨. د.حەسەن جاف:تەئریخی جاف،چاپی یەکەم،بەغداد،١٩٩٥

٩. ڕەمزی قەزاز:بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری-هەولێر،چاپی یەکەم،٢٠٠٨

١٠. حەکیم مەلاسالح:هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا،بەرگی یەکەم،چاپخانەی مناره،چاپی یەکەم،٢٠٠٤
١١. خەبات عەبدولا: هەڵەبجە مەملەکەتی ژیان،چاپخانەی ڕەنج،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١٠
١٢. خوسرەوجاف:مێژووی هۆزی جاف:چاپخانەی هێڤی:چاپی یەکەم،٢٠١٣
١٣. سەلاح هەلاج:چەردەیەکی مێژوویی دەڤەری گەرمیان،چاپخانەی گەنج،چاپی یەکەم،٢٠١١
١٤. سمکۆ محەمەد : ناسیۆنالیزم و دژەکانی،چاپخانەی ئاراس،چاپی یەکەم، هەولێر،٢٠٠٩
١٥. شەوکەت حاجی مشیر:کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری١٩٨٨،چاپی یەکەم،سلێمانی،١٩٩٨
١٦. صالح هاروونی:هاروونی لەمێژوودا،چاپخانەی چوارچرا،چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١١
١٧. عادل صدیق:هەڵەبجە(١٨٨٩–١٩٣٠)چاپ و پەخشی سەردەم،چاپی یەکەم،٢٠٠٨
١٨. عادل صیق عەلی:عادیلەخانم کەسایەتی و ئەردەڵانی بوون و ساحێبقڕانی بوونی،بڵاوکراوەی مەڵبەندی کوردۆلۆجی،چاپی یەکەم،٢٠١٠
١٩. عەبدولا غەفور:گوندەکانی کوردستان،بەرگی دووەم،چاپخانەی ئاراس،چاپی یەکەم،٢٠٠٥

٢٠. عومـــەرحاجی عینایـــەت:هەڵەبجـــە شاروشارستانیەت،چـــاپخانەی پیرەمێرد،چاپی یەکەم،٢٠٠٨
٢١. کۆچـــەر کـــەریم حەمـــە عـــەلی:دەربەنـــدیخان لەمێژوودا،چـــاپەمەنی گەنج،چاپی یەکەم،٢٠١٢
٢٢. کۆمـــەڵێك مامۆســـتای زانکـــۆ:جوگرافیـــای هـــەرێمی کوردســـتانی عـــیراق،و:ســـەنتەری برایەتی،چـــاپخانەی وەزارەتـــی پەروەردە،چـــاپی دووەم ١٩٩٩
٢٣. محەمەد مەردۆخی کوردستانی:مێژووی کورد و کوردسـتان،و:عەبـدول کەریم محەمەد سەعید،چاپەمەنی هێمن،چاپی دووەم،٢٠٠٧
٢٤. محەمەد مەلا قـادر:سـەربوردە کورتەیـەك لەبیرەوەریەکان،چـاپخانەی ئاراس،چاپی یەکەم،٢٠٠٩
٢٥. نادر ئینتیـسار:ئێتنۆنەتەوایـەتی کـوردی،و:عەتاقەرەداغی،چـاپخانەی تیشك،٢٠٠٤
٢٦. غەریب عەلی عەزیز:فەرهەنگی ڕەسـەنایەتی زمـانی کـوردی بەدرێـژایی کات و مێژوو،چاپخانەی تەفسیر،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٨
٢٧. محەمەد ڕەسولْ هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتی خـوارووی کوردستان،بەرگی دووەم ،چاپخانەی بلاك رۆز–لەندەن،١٩٩١
٢٨. مێجـــەر ئـــی.بـــی.ســـۆن:چـــەند ســـەرنجێك دەربـــارەی کوردســـتانی خـــــــواروو،و:نـــــــەجاتی عەبدولا،چـــــــاپخانەی شڤان،چـــــــاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠٠٧

٢٩. هەورامان عەلی تۆفیق:هەڵەبجە–کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨،چاپخانەی وەزاەتی پەروەردە،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٠

٣٠. یاسین ڕەسوڵ عوسمان:مێژووی دەربەندیخان لەبنیاتنانەوە تا چرکەساتی ڕاپەڕین(١٩٥٤–١٩٩١)،چاپی یەکەم،٢٠٠٤

## دووەم: سەرچاوەی عەرەبی:

١. عباس العزاوی المحامی:موسوعه عشائر العراق،المجلد الرابع،الدار العربیه للموسوعات،٢٠٠٥

## سێیەم: گۆڤارەکان:

١. ئەحمەد باوەڕ:کورتەیەك سەبارەت بەهۆزەکانی ناوچەی کەلار و دەوروبەری،گۆڤاری کۆچ:ژمارە(٥)بەهاری ٢٠٠٥،

٢. ڕەوف عوسمان:لاپەڕەیەکی شکۆداری سەردەمی شێخ مەحمود،گۆڤاری بەیان،ژمارە(١٥١)کانونی دووەم،١٩٨٩.

٣. ئەیوب ڕۆستەم:چەردەیەك سەبارەت بەمێژووی ئێلی جاف،گۆڤاری هەورامان،ژمارە(١٦)–٢٠٠٩.

٤. ئەحمەد باوەڕ:شەڕی ئاوباریك و ستراتیجیەتی بەریتانیای گەورە لەکوردستان،گۆڤاری کاروان،ژمارە(١٢)ساڵی١٩٩٤.

٥. سەرحەد خەلیفە یونس:دەوری جاف و خەلیفە یونس لەشۆڕشی شێخ مەحمودا،گۆڤاری کۆچ،ژمارە(٦)حوزەیرانی ٢٠٠٧.

٦. کەمال نوری:تیشکێك بۆ سەر مێژووی قەلآی شەمێران،گۆڤاری کەلەپوور،ژمارە(١٨)پایزی ٢٠٠٤.

٧. زانیار سەردار قرگەیی:چەردەیەك لەژیان و بیرەوەری مەلا سەعیدی زمناکۆیی،گۆڤاری هەڵەبجە،ژ(١٥)هاوینی،٢٠٠٨.

## سێیەم:ڕۆژنامە

١. سەلاح سالار: سەرگوزشتەی ئەو فرۆکەئینگلیزییەی لەگوندی (کانی کەوە) بەردرایەوە.ڕۆژنامەی شارەزوور،ژمارە(١٢)ساڵی یەکەم،١٤/٨/ ٢٠٠٦.

## چوارەم:ماڵپەری ئینتەرنێت

١. http://www.geocities.ws/zmnako٧٩/zmnako.html
٢. http://www.geocities.ws/zmnako٧٩/shax.html
٣. http://mapcarta.com/١٢٥٤٠٥٣٨

# نوسەر لەچەند دێڕێكدا



*ئارام مەجید عـەلی

*لەدایك بووی ١٩٨٢/٥/٨ هەڵەبجەی شەهید

*قۆناغەكانی خوێندنی لەهەڵەبجەی شەهید تەواوكردووە

*دەرچـــووی زانكـــۆی ســـلێمانی بەشـــی مێـــژوو/ كۆلێـــژی زانستەمرۆڤایەتیەكان(٢٠٠٧-٢٠٠٨)

*خـــاوەنی چـــەندین وتـــار و توێژینـــەوەو بڵاوكراوەیـــە لـــەنێو ڕۆژنامە وگۆڤار و ماڵپەرەكانی ئینتەرنێتدا

*بەرهەمی چـاپكراوی نوسـەر كتێبـی(وشـەوزاراوە)یـە سـاڵی ٢٠٠٩ بڵاو كراوەتەوە

*بەرهەمی ئامادەی نوسەر بۆچاپ كتێبی (پەیوەندی كورد و ئەرمەن و بێتاوانی كورد لەجینۆسایدی ئەرمەن)

*پێـــشەكی و پێداچـــونەوەی بـــۆكتێبی(پەیوەنـــدی سیاســـی مـستەفابارزانی و عەبدولكـەریم قاسـم ١٩٥٨-١٩٦٣)كـردووە كەلەساڵی ٢٠١٣چاپكراوە